# کاریگەریی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا

## لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# کاریگەریی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا

## لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە

د. عەبدولواحید موشیر دزەیی

ناوی کتێب: کاریگەریی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا، "لێکۆڵینەوەیەکی سیمانتیکی و پراگماتیکییە"
دانانی: د. عەبدولواحید موشیر دزەیی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٨٧٨
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + بۆکان نووری
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٦٠٠ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# ناوەرۆك


پێشەكی: .......... ١٤

**بەشی یەكەم** .......... ١٨

١- واتا و زمانی ڕاگەیاندن .......... ١٨

١-١- پێناسەی واتا .......... ١٨

١-٢- بۆچوونەكانی لێكدانەوەی واتا .......... ١٩

١-٢-١- بۆچوونی ناولێنان .......... ١٩

١-٢-٢- بۆچوونی هۆشەكی .......... ٢١

١-٢-٣- بۆچوونی ڕەوشتی .......... ٢٢

١-٢-٤- بۆچوونی شیكردنەوە .......... ٢٤

١-٢-٥- بۆچوونی بەكارهێنان .......... ٢٥

١-٢-٦- بۆچوونی لۆجیكی .......... ٢٧

١-٢-٧- بۆچوونی مۆر-كواین .......... ٢٨

١-٢-٨- بۆچوونی فریگە .......... ٣٠

١-٣- دانە واتاییەكان .......... ٣١

١-٣-١- مۆڕفیمی بەند .......... ٣١

١-٣-٢- وشە .......... ٣٢

١-٣-٣- لێكدان .......... ٣٢

١-٣-٤- ڕستە .......... ٣٣

١-٣-٥- گوتن .......... ٣٣

١-٣-٦- دەق .......... ٣٤

١-٣-٧- ئاخاوتن .......... ٣٤

١-٤- جۆرەكانی واتا .......... ٣٤

١-٤-١- واتای وەسفی .......... ٣٤

١-٤-٢- واتای ناوەسفی .......... ٣٥

١-٥- ڕۆڵی تاكەكەس لە واتادا .......... ٣٥

١-٦- واتای سیمانتیكی و واتای پراگماتیكی .......... ٣٨

١-٦-١- واتای سیمانتیكی .......... ٣٨

١-٦-٢- واتای پراگماتیكی .......... ٣٨

١-٧- سیستەمی گەیاندن ........ ٣٩
١-٧-١- نێنەر ........ ٤٠
١-٧-٢- وەرگر ........ ٤١
١-٧-٣- هێما ........ ٤١
١-٧-٤- بابەت ........ ٤٢
١-٧-٥- پەیام ........ ٤٢
١-٧-٦- کەناڵ ........ ٤٢
١-٨- ئەرکەکانی زمان ........ ٤٣
١-٨-١- ئەرکی هەست دەربڕین ........ ٤٣
١-٨-٢- ئەرکی هەست ورووژاندن ........ ٤٣
١-٨-٣- ئەرکی ئەوپەڕ زمانی ........ ٤٣
١-٨-٤- ئەرکی گەڕانەوەیی ........ ٤٣
١-٨-٥- ئەرکی ئەدەبی ........ ٤٣
١-٨-٦- ئەرکی هاودڵی ........ ٤٤
١-٩- زمانی راگەیاندن ........ ٤٤
١-٩-١- زمانی نووسراو ........ ٤٤
١-٩-٢- زمانی بیستراو و بینراو ........ ٤٥
١-٩-٣- زمانی کەسی ........ ٤٧
١-١٠- سێگۆشەی ڕاگەیاندن ........ ٤٧
١-١٠-١- نێنەر ........ ٤٨
١-١٠-٢- بابەت ........ ٤٩
١-١٠-٣- وەرگر ........ ٤٩

**بەشی دووەم** ........ ٥٠
٢- واتای کاریگەری ........ ٥٠
٢-١- پێناسەی واتای کاریگەری ........ ٥٠
٢-٢- بنەماکانی پێوەستی بە واتای کاریگەری ........ ٥٢
٢-٢-١- دووبارەبوونەوە ........ ٥٢
٢-٢-٢- وشە فرەواتا و هاوبێژەکان ........ ٥٣
٢-٢-٣- تاقیکردنەوە ........ ٥٣
٢-٢-٤- ناونان ........ ٥٣

٢-٢-٥- هێز و ئاواز و ئەندازەی دەنگ ٥٤
٢-٢-٦- ڕێکخستنی ڕستە ٥٥
٢-٢-٧- لادان ٥٥
٢-٢-٨- دەوروبەر ٥٦
٢-٣- جۆرەکانی واتای کاریگەری ٥٦
٢-٣-١- واتای کاریگەریی کۆمەڵایەتی ٥٧
٢-٣-٢- واتای کاریگەریی خودی. ٥٧
٢-٤- پلەکانی واتای کاریگەری ٥٨
٢-٥- واتای کاریگەریی سیمانتیکی ٥٨
٢-٥-١- ئاستی وشەساز ٥٩
٢-٥-٢- ئاستی ڕستەسازی ٦٥
٢-٥-٣- دەق ٦٧
٢-٦- واتای کاریگەریی پراگماتیکی ٧٠
٢-٦-١- کردە قسەییەکان ٧١
٢-٦-١-١- کردەی ڕاستەوخۆ ٧٢
٢-٦-١-٢- کردەی ناڕاستەوخو ٧٢
٢-٦-٢- دەرکەوتەکان ٧٥
٢-٦-٢-١- پیادەکردنی بنەماکانی هاریکاری ٧٥
٢-٦-٢-٢- لادان لە بنەماکانی هاریکاری ٧٦
٢-٦-٣- نیشانکارەکان ٧٩
٢-٦-٣-١- نیشانکارە ڕێژەییەکان ٧٩
٢-٦-٣-٢- نیشانکارە ڕەهاکان ٧٩
٢-٦-٤- گریمانە پێشەکییەکان ٨٠
٢-٦-٥- ڕۆنانی ئاخاوتن ٨١
٢-٦-٥-١- نۆبەگرتن ٨٣
٢-٦-٥-٢- جووتەگوتن ٨٥

**بەشی سێیەم** ٨٨
٣- واتای کاریگەری سیمانتیکی لە بواری ڕاگەیاندندا ٨٨
٣-١- شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن ٨٨
٣-١-١- شیکردنەوەی سەرەتایی ٩٠
٣-١-٢- شیکردنەوەی قووڵ ٩٠

٣-٢- ئاستەکانی شیکردنەوەی واتای کاریگەری ..... ٩١
٣-٢-١- واتای کاریگەریی سیمانتیکی ..... ٩١
٣-٢-٢- واتای کاریگەریی پراگماتیکی ..... ٩١
٣-٢-١-١- ئاستی وشەسازی ..... ٩١
٣-٢-١-٢- ئاستی ڕستە سازی ..... ١٠٣
٣-٢-١-٣- دەق ..... ١٠٨

**بەشی چوارەم** ..... ١١٢

٤- واتای کاریگەریی پراگماتیکی لە بواری ڕاگەیاندندا ..... ١١٢
٤-١- کردە قسەیییەکان ..... ١١٢
٤-١-١- کردەکانی ڕستەی هەواڵدان ..... ١١٢
٤-١-٢- کردەکانی ڕستەی پرس ..... ١١٦
٤-١-٣- کردەکانی ڕستەی فەرماندان و داخوازیکردن ..... ١١٧
٤-٢- نیشانکارەکان ..... ١١٨
٤-٢-١- نیشانکارە ڕێژەیییەکان ..... ١١٩
٤-٢-٢- نیشانکارە ڕەهاکان ..... ١١٩
٤-٣- گریمانە پێشەکییەکان ..... ١٢١
٤-٤- دەرکەوتەکانی ئاخاوتن ..... ١٢٢
٤-٤-١- لادان لە چەندێتی ..... ١٢٣
٤-٤-٢- لادان لە چۆنیەتی ..... ١٢٥
٤-٤-٣- لادان لە گونجان ..... ١٢٧
٤-٤-٤- لادان لە شێواز ..... ١٢٧
٤-٥- ڕۆنانی ئاخاوتن ..... ١٢٨
٤-٥-١- نۆبەگرتن ..... ١٣٨
٤-٥-٢- جووتەگوتن ..... ١٣١

**بەشی پێنجەم** ..... ١٣٦

٥- مەبەست و پلەی کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا ..... ١٣٦
٥-١- هەست دەربڕین ..... ١٣٦
٥-١-١- پلەکانی هەست دەربرین ..... ١٣٧
٥-١-١-١- هەست دەربڕین بە باشی ..... ١٣٩
٥-١-١-٢- هەست دەربڕین بە بێلایەنی ..... ١٤١

٥-١-١-٣- هەست دەربڕین بە خراپی ..... ١٤٢
٥-١-٢- لایەنگیری لە ڕاگەیاندندا ..... ١٤٣
٥-٢- هەست وروژاندن ..... ١٤٦
٥-٢-١- وروژاندن بۆ ئاراستەی باش ..... ١٤٧
٥-٢-٢- وروژاندن بۆ ئاراستەی خراپ ..... ١٤٩
- پاشکۆکان ..... ١٥٢
- ئەنجام ..... ١٨٣
- لیستی زاراوەکان ..... ١٨٧
- سەرچاوەکان ..... ١٩١

## نیشانە پراگماتیکییەکان

| نیشانە | واتاکانیان |
|---|---|
| ::: | درێژکردنەوەی بزوێن |
| ↑ | ئاوازی هەڵس |
| ↓ | ئاوازی کەوت |
| ...... | کەرتێکی بڕاو لە قسە |
| ، | بەردەوامیی قسە لە نێوان ڕستەکان |
| | شوێنی پێداگرتن و مشتومڕکردن |
| • // | شوێنی پێکداچوونی قسە |
| – | گوتنەکان |
| (.) | وەستانێکی زۆر کورت |
| ← | ئاماژە بۆ ئەو شوێنانەی پێوەندیی ڕاستەوخۆیان هەیە |
| = | هیچ لە نێوانیاندا نەهاتووە |
| * | شوێنی وەستان بە هۆی پێکداچوون |
| هـ.هـ:هـ | هەناسەیەکی بیستراو |

# پێشەکی

کاریگەری دەروونی دیاردەیەکی زەق و بەرچاوە لە بواری ڕاگەیاندندا و ئەم لێکۆڵینەوەیەش، شیکردنەوەی ڕەهەندی دەروونیی هەندێ دەقی ڕاگەیاندنی لە هەردوو ئاستی سیمانتیك و پراگماتیکدا گرتووەتە ئەستۆ کە لە واتای کاریگەریدا بەرجەستە دەبن. ئەم باسە باری دەروونیی نێرەری ڕاگەیاندن دەردەخات کە لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی وروووژاندنی وەرگر لە ڕێگەی ئەو هەست و سۆزەی کە بە باشی و خراپی دەردەبڕدرێ، بۆ نموونە هەردوو وشەی (مانگرتن) و (یاخیبوون) دوو وشەی هاوواتان لە واتای هۆشەکی، بەڵام واتای کاریگەری ئەم دوو وشەیە زۆر لەیەکتر جیان، (یاخیبوون) کاریگەریی خراپی هەیە، چونکە بکەرەکەی کەسێکی گێرەشێوێنە داواکەی ڕەوا نییە، بەڵام (مانگرتن) ئەو کاریگەرە خراپەی نییە و وا نیشان دەدات کە داواکەی ڕەوایە، بەشێکی زۆری ئەم واتایە لە دەوروبەری دەروونی لێك دەدرێتەوە. چونکە واتایەکی هەنووکەییە و لە کات و شوێنی ئاخاوتنەوە هەستی پێ دەکرێت .

سنووری باسەکە بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەو وشە و دەستەواژە و ڕستە و... هتد. کە هەڵگری واتای کاریگەرین، لێکۆڵینەوەکە لە هەردوو ئاستی (سیمانتیك) و (پراگماتیك) لەو واتایانە دەکۆڵێتەوە و نموونەی کارەکی لە بواری ڕاگەیاندن بۆ دێنێتەوە، بە تایبەتی لە بواری سیاسەت؛ چونکە بەرچاوترین بواری ڕاگەیاندنە.

گرینگیی باسەکە لەوەدایە کە تاکو ئێستا لەم جۆرە واتایە نەکۆڵدراوەتەوە و، جگە لەمەش پێویستییەکی گرینگی زمانی کوردی و زمانی ڕاگەیاندنە لە کوردستان کە لە لایەنێکی گرینگی زمان دەکۆڵێتەوە کە لایەنی (دەروونی)یە، بێگومان ئەو کارەساتانەی کە بە سەر کوردیشدا هاتوون زۆر لەو وشە و دەستەواژانەی بارگاوی کردووە بە هەست و سۆزی خۆی وەك "ئەنفال، کیمیاباران، قڕکردن، بە عەرەبکردن،..." بۆیە ئەم لەم ساتەدا، پێویستییەکی گرینگی زمانی کوردییە.

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لەو وشە و ڕستە و ئاخاوتنانەی کە ڕۆژانە بەسەر زاری خەڵکەوەن سەرەڕای ئەوەش پشت بە دەق و ئاخاوتنەکانی (ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ، تەلەفزیۆن) دەبەستێ لە هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٠٣)،

کە لایەنی دەروونیی نووسەر و ئاخێوەران دەستنیشان دەکات.

جا بۆ نەورووژاندنی هەستی داوودەزگا و کەس و حزب و لایەنەکان بە پێویستم زانی کە ئاماژە بۆ هیچ گۆوار و ڕۆژنامە و کەسێك نەکەم لەبەر هەستیاریی بابەتەکە.

ئەم باسە بەپێی ڕێبازی ئەرکی شی دەکرێتەوە کە باس لە ئەرك و کاریگەریی وشە و ڕستە و دەق و ئاخاوتنەکان دەکات لە بواری ڕاگەیاندندا.

لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی لە پێنج بەش (دوو بەشی تیۆری و سێ بەشی پراکتیکی) پێك هاتووە لەگەڵ ئەنجام و کورتەی نامەکە.

لە بەشی یەکەمدا باس لە (واتا و زمانی ڕاگەیاندن) کراوە، ئەم سەردێرانە دەگرێتە خۆی. پێناسەی واتا، بۆچوونەکانی لێکدانەوەی واتا کە هەشت بۆچوونن (بۆچوونی ناولێنان، بۆچوونی هۆشەکی، بۆچوونی ڕەوشتی، بۆچوونی شیکردنەوە، بۆچوونی دەوروبەر، بۆچوونی مەنتقی، بۆچوونی مۆر–کوین، بۆچوونی فریگە)، دواتریش باس لە دانە واتاییەکانی وەك (مۆرفیمی بەند، وشە، لێکدان، ڕستە، گوتن، دەق، ئاخاوتن) کراوە، هەروەها باس لەهەردوو جۆرەکەی واتا (وەسفی و ناوەسفی) کراوە، جگە لەمەش باس لە ڕۆڵی تاکەکەس کراوە لە واتادا و دواتریش جیاوازیی واتای سیمانتیکی و پراگماتیکی خراوەتە ڕوو، هەروەها باس لە سیستەمی گەیاندن و ئەرکەکانی زمان کراوە و لە کۆتاییشدا باس لە زمانی ڕاگەیاندن و بنەماکانی کراوە.

بەشی دووەمیش تایبەتە بە (واتای کاریگەری) کە پێك هاتووە لە پێناسەی واتای کاریگەری و بنەماکانی پێوەستی بە واتای کاریگەری وەك (دووبارە بوونەوە، وشە فرەواتاو هاوبێژەکان و تاقیکردنەوە، هێز و ئاواز و ئەندازەی دەنگ، ناونان، ڕێکخستنی ڕستە، لادان، دەوروبەر) کراوە، هەروەها باس لە هەردوو جۆرەکانی واتای کاریگەری کراوە (واتای کاریگەریی کۆمەڵایەتی و واتای کاریگەریی خودی) دواتریش باس لە پلەکانی واتای کاریگەری کراوە و، ئینجا باس لە واتای کاریگەریی سیمانتیکی کراوە لە ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی و دەق، لە ئاستی وشەسازیدا باس لە واتای کاریگەریی (گیرەك و نووسەك، ئامرازەکان، ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، ژمارە، کار) کراوە لە ئاستی ڕستەسازیدا باس لە (هەڵبژاردنی وشە و ڕیزکردنی کەرەستە و جۆری ڕستەکان) کراوە لەگەڵ واتای کاریگەریی دەق. دواتریش باس لە واتای کاریگەریی پراگماتیکی کراوە، بە پێی بوارەکانی، وەك: کردەقسەییەکان کە پێك هاتووە لە سێ کردە (گوتن، مەبەست،

پاشکار) هەروەها باس لە کردە ناڕاستەوخۆکانی (هەواڵدان، پرسیار، فەرماندان) کراوە، پاشان باس لە دەرکەوتەکانی ئاخاوتن کراوە، لەسەر بنەمای هاریکاریی (گرایس) کە چوار بنەمایە (چەندێتی، چۆنیەتی، گونجان، شێواز) هەروەها باس لە لادان لەم بنەمایانە کراوە، کە کاریگەری و سۆز دەنوێنن. لە دواییدا باس لە نیشانکارەکان کراوە کە دوو جۆرن (ڕێژەیی و ڕەها) جگە لەمەش باسی گریمانە پێشەکییەکان کراوە کە بۆچوون دەردەخەن لە کۆتاییشدا باس لە ڕۆنانی ئاخاوتن کراوە کە لەسەر دوو بنەما بەڕێوە دەچێت: (نۆبەگرتن، جووتەگوتن) لە (نۆبە گرتن) دا باس لە توندوتیژیی قسەکردن و گوتنە ناپەسندەکان کراوە کە لە ڕێگەی (دواخستن و دەستنیشانکردنی هۆو پاساو دۆزینەوە و ڕەتکردنەوەی ناڕاستەوخۆ دەبێت) لە (جووتەگوتن)یشدا باس لە جووتە گوتنەکانی (سەرەتا و کۆتاییی ئاخاوتن و نرخاندن و پیرۆزبایی و گلەیی و تاوانبارکردن، پەژارە دەربڕین و پێش ڕاگەیاندن و بەرکۆتایی خۆدەربازکردن) کراوە.

لە بەشی سێیەمیشدا کە بەشێکی پراکتیکییە باس لە (واتای کاریگەریی سیمانتیکی دەکات لە بواری ڕاگەیاندندا) کە پێك هاتووە لە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن، ئاستەکانی شیکردنەوەی واتای کاریگەری کە (شیکردنەوەی سەرەتایی و قووڵ) دەگرێتەوە، دواتریش باس لە واتای کاریگەریی سیمانتیکی بواری ڕاگەیاندن کراوە، بەپێی ئاستەکانی وشەسازی و ڕستەسازی و دەق، لە ئاستی (وشەسازی) دا باس لە (گیرەك و نووسەك و ناو و ئاوەڵناو، ئاوەڵکار و ژمارە و کار، کراوە لە ئاستی (ڕستەسازی)شدا باس لە هەڵبژاردنی وشە و ڕێزکردنی کەرەستە و جۆری ڕستە کراوە. جگە لە واتای کاریگەریی دەق.

لە بەشی چوارەمیشدا باس لە (واتای کاریگەریی پراگماتیکی لە بواری ڕاگەیاندن)دا کراوە کە ئەم سەردێرانە دەگرێتە خۆ، شیکردنەوەی واتای کاریگەری بواری ڕاگەیاندن و لە ڕوانگەی. کردە قسەییەکانی ناڕاستەوخۆی وەك: (هەواڵدان، پرسیار، فەرماندان و داخوازی) دواتریش باس لە (دەرکەوتەکان) و لادان لە بنەماکانی هاریکاریی (چەندێتی، گونجان، شێواز، کراوە) هەروەها باس لە هەردوو جۆرەکەی نیشانکارەکان (ڕێژەیی و ڕەها) کراوە، لەگەڵ (گریمانە پێشەکییەکان) و (ڕۆنانی ئاخاوتن) هەردوو بنەماکەی (نۆبەگرتن و جووتەگوتن) لە نۆبەگرتندا باس لە توندوتیژیی قسەکردن و گوتنە ناپەسندەکان وەك (دواخستن و دەستنیشانکردنی هۆ و پاساو دۆزینەوە و ڕەتکردنەوەی ناڕاستەوخۆ) کراوە لە جووتە گوتنەکانیشدا باس لە جووتە گوتنەکانی

(سەرەتا و کۆتایی، نرخاندن، پیرۆزبایی، گلەیی، تاوانبارکردن، پەژارە دەربڕین، پێش ڕاگەیاندن، بەرکۆتاییی خۆ دەربازکردن لە ئاخاوتن) کراوە.

لە بەشی پێنجەمیشدا باس لە (مەبەست و پلەی کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندن)دا کراوە کە ئەم سەردێرانە دەگرێتە خۆ، مەبەستی (نێنەر)، هەست دەربڕین کە دوو جۆرە (هەستی ڕەسەن هەستی خوازراو) پلەکانی هەست (هەست دەربڕین بە باشی، هەستی بێ لایەن، دەربڕین بە خراپی) هەروەها باس لە لایەنگیریی ڕاگەیاندن کراوە و پاشان باس لە هەست وروژاندن کراوە بۆ گۆڕینی هەردوو ئاڕاستەی باش و خراپ. لە کۆتاییشدا ئەنجام و کورتەی نامەکە خراوەتە ڕوو.

# بەشی یەکەم

## واتـا و زمـانـی ڕاگـەیـاندن

### ١- واتا و زمانی ڕاگەیاندن

یەکێ لە ڕووە هـاوبـەشـەکانی زمـان و ڕاگـەیـاندن (واتـا)یـە کـە دیوی نـاوەوەی هێما لێك دەداتەوە، ئـامـانجی سـەرەکیی ڕێزمـانی چـاولێکـەریی شیکردنـەوەی ڕوخسار بوو، بێ بـایـەخدان بـەئـاستی واتـا. نـەك لـەبـەرئـەوەی شـایـەنی ئـەوە نـەبوو لێی بکۆڵدرێتـەوە، بـەڵکو بـە بـابـەتێکی ئـاڵۆز و سرکیـان دەزانی و بـەندیـان کردبوو بـەپێشکـەوتنی زانیـارییـەکان، لـەم بـارەیـەوە (بلۆم فێلد) دەڵێت:

واتـاسـازی خـاڵێکی بێ هێزە لـە لێکۆڵینـەوەی زمـانـەوانیدا هـەرواش دەمێنێتـەوە تـا زانیـاریی مرۆڤ لـە ئـاستی ئێستـادا پێشتر دەکـەوێ[١] هـەروەهـا(لیچ) لـەم بـارەیـەوە دەڵێت: واتـاسـازی خـاڵی بـەیـەکگـەیشتنی جۆرەهـا بیرکردنـەوە و ڕێبـازە وەك فـەلسـەفـە و دەروونـنـاسی و زمـانـەوانی.. هـەرچـەنـدە لـە خـاڵی جیـاوازەوە دەست پێ دەکـەن[٢] هـەرچۆنێك بێت نرخی (واتـا) نکۆڵیی لێ نـاکرێ، هـەربۆیـەش زمـانـەوانـان دەڵێن (بـەبێ واتـا زمـان نـابێت)[٣]..

### ١-١- پێناسەی واتا:

(واتـا) زۆر لایـەنی زمـان دادەپۆشێ و تـاکو ئێستـاش ڕێککـەوتنێکی تـەواو لـەسـەر سروشتی واتـا و لایـەنـەکانی نییـە بۆیـە بـەچـەندین شێوەی جیـا پێناسـە دەکرێت بۆ ئـەم مـەبـەستـەش ئێمـە دەبێت، لـە سـەرەتـاوە بگـەڕێینـەوە بۆ پێنـاسـەی واتـاسـازی کـە بـەچـەند شێوەیـەك پێنـاسـەکراوە وەك:

- لێکۆڵینـەوەیـە لـە واتـا.

- زانستێکـە و لـە واتـا دەکۆڵێتـەوە.

---

(١) نورالهدی لوشن: ١٩٨٥:١٦

(٢) احمد مختار عمر: ١٦:١٩٨٢

(٣) حاتم صالح الضامن: ٧٢،١٩٨٩.

– لقێکە لە زمانەوانی و باس لە بیردۆزەکانی واتا دەکات.

– لقێکە لە زمانەوانی و لەو مەرجانە دەکۆڵێتەوە کە دەبێ لە هێمادا هەبێ تاکو هەڵگری واتا بێت(١).

هەموو پێناسەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە واتاسازی (لێکۆڵینەوەیە لە واتا) کە لەگەڵ پێناسەی یەکەمدا یەك دەگرێتەوە، کە پێناسەکەی (جون لاینز)ە و هەر خۆشی دەڵێت: (ئەم پێناسەیە کاتییە، بەڵام لەم پێناسەیە گونجاوترمان نییە)(٢). نەبوونی پێناسەی واتاسازی بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە:

– واتا شتێکی بەرجەستە نییە.

– بوونی چەند جۆرێکی واتا.

– بوونی چەند بۆچوونێك بۆ لێکدانەوەی واتا.

جا بۆ هەر پێناسەیەکی (واتا) دەبێ لە چوارچێوەی بۆچوونەکانی لێکدانەوەی واتا بێت. چونکە هەر بۆچوونێك بەجۆرێك پێناسەی دەکات ، ئەم بۆچوونانەش تا ڕادەیەك لە پێناسەی واتا نزیکبوونەتەوە ، کەواتە پێناسەیەکی نموونەیی بۆ واتا نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بڵاوترین پێناسەی واتا بریتییە لە «تێگەیشتنی کەس لە وشە و گرێ و ڕستە»

### ١–٢– بۆچوونەکانی لێکدانەوەی واتا

تاکو ئێستا چەندین بۆچوونی جیا هەن بۆ لێکدانەوەی واتاو هەریەك لەم بۆچوونانەش نەیانتوانیوە سنوورێکی تەواو بۆ واتا دابنێن.

### ١–٢–١– بۆچوونی ناولێنان

ئەم بۆچوونە لای (ئەفلاتوون) سەری هەڵداوە کە (واتا) وەك (ئاماژە) لێك دەداتەوە. بەپێی ئەم بۆچوونە وشەی هەر زمانێ (هێما)یە بەرامبەر بە (تەن، ڕووداو، شت، کەس) دەوەستێت لە دنیای دەرەوەدا کە پێوەندییەکی بەرامبەری دوو قوڵیی ڕووتە لە نێوان (ناو)و (ناولێنراو)(٣) ،

(١) احمد مختار عمر:١١:١٩٨٢

(٢) نورالهدی لوشن:٣٤:١٩٩٥

(٣) اف.ار.پاڵمر: ٢٣:١٩٨١

هێما          (تەن، ڕووداو، شت، کەس)

گوڵ 

لە چاخی نوێدا (سۆسێر) بۆ ئەمە گەڕاوە و دەڵێ: هێما دوو ڕووی هەیە (فۆرم و واتا)[١]




- (فۆرم) زانینێکی دەروونییە بۆ وشەیەکی دەنگی.
- (واتا) بۆچوونێك یا چەند بۆچوونێکە بە (فۆرم) بەستراوەتەوە و کۆمەڵ لەسەری ڕێك کەوتووە.

ئەم دوو ڕووەی هێما پێوەندییەکی دەروونی لەخۆوە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە. بەڕای (سوسێر) واتا بەرپرسیارە لەلێکدانی (فۆرم واتا) بەڵام (تەن) دەکەوێتە دەرەوەی کایەی زمانەوانییەوە. (ئۆگدن و ڕیچاردس) بەرگێکی زانستییان بەبەر ئەم بیرەدا کرد، ساڵی (١٩٢٣) لە کتێبێك دا (واتای واتا) The meaning of The meaning کە لێکدانەوەی واتای لە سێگۆشەی (بیر) و (هێما) و (تەن)[٢] دا. بەرجەستە کرد.




- هێما: زنجیرە دەنگێکی ڕێکخراوە کە وشە پێك دێنێ.
- بیر: واتە ناوەڕۆك وەك (چەمك وێنە، بۆچوون،....)

(١) جورج مونان: ١٩٨١:١٢٠.

(٢) منقور عبدالجليل:٢٠٠١:١٠٤ و بڕوانە: Oden & Richards:1965:250

تەن: واتە شتی دەرەوە وەك: (کەس و ڕووداوو، شت،...)

خاڵی گرینگ لەم سێگۆشەیە ئەوەیە کە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆ نییە لە نێوان (هێما و تەن). کەواتە واتای وشە ئاماژەیە بۆ شتێك کە خۆی نییە. ئەمە ڕێگەی بۆ زۆر زمانەوانان خۆش کرد بۆ پەرەپێدانی کە بەزۆری لەسەر ناونانی بنەماکان ڕێك نەدەکەوتن، بۆ نموونە (گاردنەر و ئۆڵمان (أ) بە (ناوname) و (ب) بە (هۆش sense) و (ج) بە (شتی مەبەستThing-meant) کەچی (مۆریس) (أ) بە (هێما symbol) و (ب) بە (ئاماژە significatum) و (ج) بە (گەڕانەوە denotatum)[١] دەستنیشان دەکات.

لایەنگرانی ئەم بۆچوونە دوو بیروڕایان هەیە:

- واتا بریتییە لە پێوەندیی نێوان (ناو و ناولێنراو) واتە (أ + ج).
- واتا بریتییە لە پێوەندیی نێوان (ناو و بیر و ناولێنراو) کە پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆی سێ قۆڵییە، کە دەبێ گەیاندنی (ناو) بە (ناولێنراو) لە ڕێگای (بیر)وە بێت.

بە ڕای (ئۆڵمان) واتا بەرپرسە لە لێکدانی (أ + ب) کە هەمان بۆچوونی (سۆسێر)ە، کە پێوەندییەکی دوو قۆڵییە و هەرکەیان ئەوی تریان دێنێتەوە بیر.

ئەم بۆچوونە ئاماژە بۆ واتایەکی تایبەتی دەکات کە پێوەستە بە دەوروبەرەوە[٢] واتە تەنیا بۆ ناوی تایبەتی دەگونجێ، جگە لەمەش ئەو هێمایانەی کە (تەن) یان بەرامبەر نییە ئەوا بێ واتا دەبن. جگە لەمەش کێشەی هاوواتابوون دێتە کایەوە بۆ نموونە: هەردوو دەربڕینی (ئەستێرەی بەیانی) و (ئەستێرەی ئێوارە) ئاماژە بۆ یەك شت دەکەن کە ئەستێرەی (ڤینۆس)ە، بەپێی ئەم بۆچوونە دەبێ هاوواتا بن کە زۆربەی بە زمانەوانەکان لەگەڵ ئەو ڕایەدا نین[٣].

### ١-٢-٢- بۆچوونی هۆشەکی:

سەرهەڵدانی ئەم بیرە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەم و فەیلەسووفی ئینگلیزی (جون لۆك) کە دەڵێت: دەبێت بەکارهێنانی وشەکان، ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆی ڕەنگدانەوەی بیر بێت[٤]

---

(١) جورج مونان:١٩٨٥:١٢٠ و بڕوانە: Lyons:1977:97

(2) (Lyons:1981:168)

(3) Charnap:1956:118-119

(٤) عزم اسلام:١٩٨٥:٥٦

بەپێی ئەم بۆچوونە کاتێك وشە واتادار دەبێت کە بیرێك یان چەمکێك یان وێنەیەك دروست بکات، بەمە واتا دەبێتە ئەو کۆمەڵە وێنە هۆشەکییەی کە پێوەندییان بە یەکەوە هەیە و بە وشە یان گوتن دەنوێنرێن[1] ئەم بۆچوونە بریتییە لە چەند ڕێبازێك و لایەنگرانی لەسەر دوو خاڵ ڕێك ناکەون:

١- سروشتی ئەو شتەی لە ناو مێشکدا یە، ئایا وێنەیە؟ یان چەمکە؟ یان بۆچوونە؟

٢- ئایا جۆری پێوەندیی نێوان هێما و دیاردەکەی پێوەندییەکی لە خۆوەیە؟ یان هۆییە؟




ئەم بۆچوونە واتا وەك (چەمك، وێنە، بۆچوون)، لێك دەداتەوە، جا لەبەرئەوەی (چەمك) ناپێوریٚ و بە پێی کەس دەگۆڕێت، واتە پڕ بە پێستی وشە نییە یان کەمترە یان زیاترە هەروەك (فندریس) دەڵێت: «ئەوەی لە وشەدایە کەمترە لەوەی لە مێشك دایە»[2] و ئەگەر واتا (وێنە) بێت، ئێمە لە کاتی قسەکردن دا ئاگامان لە وێنە نامێنێت.

ئەم بۆچوونە چارەسەری هەندیٚ کێشەی (بۆچوونی ناولێنان)ی کرد واتای دایە هەندیٚ وشەی وەك: (دێو، ئەتۆم، جوان..) بەڵام لەبەرئەوەی واتای بە شتی نابەرجەستە لێك دایەوە، بووە هۆی ئەوەی لە خولگەیەکی بەتاڵ بسوورێتەوە.

## ١-٢-٣- بۆچوونی ڕەوشتی:

ئەم بۆچوونە لەسەر تاقیکردنەوەی بافلۆف دامەزراوە. کە سەگێکی هێنا.. سەرەتا برسیی کرد، ئینجا خواردنی دەخستە بەردەم، هەرکە خواردنەکەی دەدی لیکی دەهاتە خوارەوە، دوای ئەمە لەگەڵ خواردن هێنانەکە زەنگێکی لیٚ دەدا.. وای لیٚ هات دەنگی زەنگ و خواردنەکە لە مێشکیدا لێك بەستران، جا هەرکە دەنگی زەنگەکەی (بیٚ خواردن بینین یا

(١) محمود فهمی زیدان:١٩٨٥:٩٦

(٢) جورج فندریس:١٩٥٠:٣٠١

بۆنکردن) ببیستایە لیکی دەهاتە خوارەوە[١] لەم ڕوانگەیەوە، واتا بریتییە لەو بارەی کە قسەکەی تێدا دەکرێ و لەو کاردانەوەیەی کە لە (وەرگر) بەدی دێت[٢]، بە باوەڕی (ڕیچاردس) ئەم کارە دەبێت لە دوو ڕوانگەوە سەیر بکرێت:

١- دەوروبەری فیزیکی: ئەوشتانەی مرۆڤ دەیانبینێت لە کاتی قسەکردن.

٢- دەوروبەری دەروونی: ئەو شتانەی کە مرۆڤ هەستیان پێ دەکات و لە مێشکیدان.

(واتسۆن، وایز و سکنر و بلۆم و فێلد...) پشتیوانییان لەم بۆچوونە کردوو، هەموو چالاکییەکی مرۆڤیان وەك ڕۆیشتن، خواردن،... لەم چوارچێوەیە نیشان دا، کە بریتییە لە (کار و کاردانەوە) هەموو کارێك (Stimulus) دەکەوێتە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەی ئەزموونی ورد و دەبێتە زانیارییەك کە دەبینرێ و لە بەردەستدایە (بلۆم فێلد) بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم چیرۆکە دادەڕێژێ:

(گریمان جاك و جێل) دوو هاورێن و بە ڕێگەدا دەڕۆن (جێل) برسییەتی و سێوێك بە دارێکەوە دەبینێ، دەنگێکی لێوە دێت. (جاك) بە دارەکەدا هەڵدەگەڕێ و سێوەکەی لێ دەکاتەوە و بۆی دێنێ و دەیخوا جا ئەگەر (جێل) هەرخۆی بووایە، ئەوا خۆی ئەم کارەی ئەنجام دەدا، بەڵام لەبەرئەوەی هەر خۆی نییە. ئەوا ڕووداوێك لە شێوەی گوتندا دێتە نێوان (کار و کاردانەوە) گوتنەکە دەبێتە کارێکی زمانی وەك:

S ........r ......... s .......R

خواردن سێوهێنان برسیمە برسی بوون

لێرەدا (r) ڕووداوێکی گوتنە و (s) کاردانەوەیەتی لە (وەرگر)، هەموو کاردانەوەیەك کە قسەی تێ بکەوێ بریتی دەبێ لە سێ بەش:

١- S
ڕووداوی کارەکین
٢- R

٣ r.......s ڕووداون لە شێوەی گوتن.

---

(١) عزمی اسلام: ١٩٨٥:٣٦

(٢) جمعة سید یوسف:١٩٩٠:١٣٢

بەشی (١–٢) بەندن بە یەکترەوە بە هەر دووکیان (ناوەڕۆك) پێك دێنن، بەپێچەوانەشەوە بەشی (٣) شریتێکی دەنگییە کە (فۆرم یان گوتن) پێك دێنیَ[١].

ئەم بۆچوونە دووچاری هەندیَ ڕەخنە بوو، چونکە هەندیَ جار دوای گوتن زیاتر لە کاردانەوەیەك دێتە کایەوە، بۆیە فەیلەسووفی ئەمریکی (چارلس مۆریس) (کاردانەوە)ی لادا و لە شوێنی دا (ویست و ئارەزوو)ی زیاد کرد واتە ئەگەر (وەرگر) ویست و ئارەزووی هەبوو بۆ وەلامدانەوەی گوتنەکە[٢]. ئەم بۆچوونە تاکو شەستەکان باڵی بەسەر هەموو بیرەکانی تردا کێشابوو، بەلاّم (چۆمسکی) ئەم بۆچوونەی هەلّوەشاندەوە، گوتی ئەگەر بە پێی کاروکاردانەوە بێت ئەوا منداڵ زوو فێری قسە نابێت، ئەگەر فێربوون بە لاساییکردنەوە بووایە ئەوا ڕستە سنووردار دەبوو جا لەبەرئەوەی ڕستە سنووری نییە، چونکە منداڵ ڕستەی وا دەردەبڕیَ کە پێشتر نەبیستراوە.

## ١–٢–٤– بۆچوونی شیکردنەوە:

ئەم بۆچوونە لە ئەنجامی کارتێکردنی (ڕێبازەکانی) گوێزانەوە هاتە کایەوە، لێرەدا دوو بۆچوون دێتە ئاراوە، (وشە) یان یەکەیەکی پتەوە یان پێك هاتووە لە کۆی چەند سیما واتایەکی جیاواز، (کاتز و فۆدەر) واتای وشە بە(سیَ) پلە شی دەکەنەوە[٣].

١– شیکردنەوەی واتای وشەکان بەپێی کێڵگەی واتاییان و ئەو پێوەندییەی کە بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە وەك (هاوواتا، دژواتا، داپۆشین، جیاوازی،....)

٢– شیکردنەوەی واتای وشە (فرە واتا و هاوبێژەکان) بۆ پێکهێنەرەکانیان

وەك: (شیر) (١) = سپی + تیژ + ڕەق + چەك (شمشێر)

(شیر) (٢) = سپی + شلە + تام (شیری خواردنەوە)

٣– شیکردنەوەی واتای تاکە وشەکان.

وەك: (ژن) = + مرۆڤ + هەراش + میَ

ئەم بۆچوونە لەسەر بنەمای شیکردنەوەی سیما واتاییەکان دەبێت کە گشتین لە هەموو زمانێکدا هەن[٤].

---

(1) Bloomfied:1933:23

(٢) سالم شاکر: ٢٦:١٩٩٢

(3) Uillman:1973:31

(٤) جون لاینز: ٣٢:١٩٨٦

ئەم بۆچوونە هەرچەندە توانیی جیاوازیی وردی هەندێ وشە دەربخات، بەڵام دەسەڵاتی بەسەر شیکردنەوەی هەموو جۆرە وشەیەکدا نەبوو وەك: (باوك) کە بۆ شیکردنەوەکەی دەبێت بە واتای تر بیناسێنین وەك (کوڕ، کچ).

باوك (س) ئەو کەسەیە کە: + مرۆڤ / + هەراش / + نێر

دەبێتە باوکی (ن) کە: + مرۆڤ

هەروەها ناتوانێت مۆرفیمە بەندەکان شی بکاتەوە.

**٥- بۆچوونی بەکارهێنان:**

ئەم بۆچوونە لای (فێرث) سەری هەڵداوە، بەلایەوە واتای وشە و گوتن و دەستەواژەکان بە گوێرەی ئەو دەوروبەرەی بەکار هاتووە واتا دەدات[١]. بیرۆکەی گرینگیدان بە دەوروبەر دەگەڕێتەوە بۆ (ویتنشتین) کە دەڵێت: (بە دوای واتای وشەدا مەگەڕێ بە دوای بەکارهێنانی بگەڕێ)[٢]. وشە واتایەکی شاراوەی هەیە و لە کاتی بەکارهێناندا بە دیاردەکەوێت واتە کە وشە لە دەوروبەر بەکار بێ ئەوا وشەکانی دەوروبەری واتای تاکە وشەکە تایبەتی تر و سنووردار تر دەکەن[٣]. جا بۆ لێکدانەوەی واتای هەر وشەیەك دەبێ سەیری ئەو دەوروبەرە بکرێ کە وشەکەی تێیدا گوتراوە[٤]. (کلیمر KlAmmer) چوار جۆرە دەوروبەر دەستنیشان دەکات[٥]:

١- دەوروبەری زمانی:

زمان پابەندی دوو پێوەندییە[٦]:

---

(1) Robins. R.H:1980:213

(٢) موریس ابوناصر:١٩٨٢:٣٣

(3) Eilis:1970:81

(4) Chao:1970:68

(5) Klammer:1977:21

(6) Halliday:1970:160.

١– پێوەندیی ناوەوەی زمان (دەوروبەری زمانی) .

٢– پێوەندیی دەوروبەری ئاخاوتن.

لە دەوروبەری زمانیدا پێوەندیی وشەکە بە وشەکانی پێشتر و دواتر لێك دەدەینەوە وەك وشەی (باش) ئەگەر لەگەڵ وشەی (پارە) بێت ئەوا واتای (زۆر) دەدات و ئەگەر لەگەڵ (دوکتۆر) بێت، ئەوا واتای (شارەزایی) دەدات و ئەگەر لەگەڵ (قوتابی) بێت، ئەوا (زیرەك)ی دەدات.... هتد.

٢– دەوروبەری دەروونی:

ئەم جۆرە دەوروبەرە پلەی سۆز و کاریگەری دیار دەکات بۆ نموونە وشەی (توورەبوون) جیایە لەگەڵ وشەی (رق لێبوونەوە)

٣– دەوروبەری بار:

ئەو بارە ڕوون دەکاتەوە کە وشەکەی تێیدا گوتراوە[١] وەك: وشەی (سوپاس) کە دوای هەڵوێستێکی (باش) یان (خراپ) دەگوترێت.

٤– دەوروبەری کەلتووری:

ئەو کولتوورەی کە وشەکەی تێیدا دەگوترێ ڕوون دەکاتەوە[٢]. بۆ نموونە وشەی (ڕەگ) لای مامۆستایەکی بیرکاری واتای (ڕەگی دووجا یان رەگی سێ جا) دەگەیەنێ و لای جووتیارێك (ڕەگی درەخت و گژوگیا) دەگەیەنێ. لێکۆڵینەوەی بەپێی ئەم بۆچوونە لە چوارچێوەی زماندا دەرناچێت. (لیچ) لەم بارەیەوە دەڵێت: «ئەو گیروگرفتانەی کە ئوگدن و ڕیچاردس و بلۆم فیڵد..» لە لێکۆڵینەوەکانی واتادا دووچاری بوون، ئەوەیە کە هەوڵیان دەدا لە دوو توێی زانستەکانی ترەوە بۆ واتا بچن، ئێمە دەبێ بە دوای ئەو پێوەندییەدا بگەڕێین کە لە ناوەوەی زماندا ڕوو دەدات)[٣] سەرەڕای ئەوەی ئەم بۆچوونە لای (بازل و کاتز و فۆدەرو هالیدەی) بەیەکێك لە کارە بەرزەکانی (فێرث) دانرا[٤]، بەڵام کەموکووڕیی هەبوو، چونکە وشە کە دەکەوێتە ژێردەستی (نێنەر) چۆنی بەکار بێنێ ئەو واتایە دەدات[٥] و لە واتا ڕاستەقینەکەی دوور دەکەوێتەوە، جگە لەمەش دەوروبەر

(1) Lyons:1970:226

(2) Firth:1957:27

(٣) احمد مختار عمر:١٩٨٢:٧٢

(4) Bazell&(Others):1970:7

(5) Foder: 1977:14

ناتوانی لێڵیی ڕستەیەکی وەك: (پێم دەخورێ)[١]. لابدات، هەروەها (ڕادە)ش دیسان بەپێی دەوروبەر چەندێتی، دیار ناکرێ وەك: پیاوێکی زۆر دڵرەق بوو

ئێمە نازانین ڕادەی دڵ رەقییەکەی چەندە لە وانەیە تەنیا بەرامبەر بە (نێنەر) لە کاتێکدا دڵی ڕەق بێت ئەگینا وا نەبێت.

## ١-٢-٦- بۆچوونێکی لۆجیکی:

ئەم بۆچوونە بەردەوام بووانی بیرەکانی پێشترە و لەلایەن کۆمەڵێك زمانەوان و فەیلەسووف و مەنتق ناسانی وەك: (شیلیك و ئەنپوراث و هیمپل و کارناب و جول ئایر و فریدریك وایزمان) بنیات نراوە کە (مۆرتس شیلیك M.Chilik. (1882-1936) بە داهێنەری دادەنرێت، پێی وایە واتا بریتییە، لە ڕێگەکانی جێبەجێکردن، واتە سەلماندنی ڕاستیی باسەکە لەگەڵ جیهانی واقیع. کە ناوی ناوە بۆچوونی تاقیکردنەوەی (شیلیك) کە سێ پێوەری بۆ واتای وشە داناوە[٢]:

١- ئامازە بۆ ئامازە پێکراو.

٢- هاوشانی و هاوواتایی.

بەکارهێنانی لە دەوروبەری زمانی.

بەمە فۆرمەکان هیچ واتایەکیان نابێت تەنیا لە دەوروبەرەوە نەبێت. ئەم بۆچوونە ڕادەی واتای دەربڕاو لەگەڵ ڕاستیدا بەراورد دەکات و تاقیی دەکاتەوە (شیلیك) دوو جۆرە توانا جیا دەکاتەوە:

١- توانای تاقیکردنەوەیی: ئەو واتایەیە کە لەگەڵ دەستووری واقیع و سروشتدا دەگونجێ.

٢- توانای لۆجیکی: بەکارهێنانی بلاَوی وشە بەشێوەیەکی گونجاو، واتە گونجانی لەگەڵ یاساکانی ڕستەسازی.

(ئەنپوراث و همپل) بانگێشەی ئەوەیان کرد تۆمارێکی وردی زانیاری (نێنەر) بکرێ لە ناخیەوە و دواتریش بەرامبەر بکرێ لەگەڵ ڕاستی و ناڕاستی. بەباوەڕی (کارناب) زمان

---

(١) وریا عمر امين:١٩٩٥:٦٨

(٢) منقور عبدالجيل:٢٠٠١:٩٩

هەر ڕۆنان و ڕێکەوتنی ڕێزمانی نییە، بەڵکو هەڵگری واقع و دەربڕینیەتی (جول ئاَیر و فردریك وایزمان) لەو باوەڕە دان ڕستە، هیچ واتایەکی نییە تاکو ڕاستیی نەسەلمێنرێ هەر راستییەکیش بەدەست بێت ئەوا ڕێژەییە. بۆیە دەبێت بۆ ناخی (نێنەر) برۆین کە تەعبیر لە هەست و کەسێتیی دەکات (وایزمان) دەڵێت: «واتا لە چەند پێکهاتەیەکی ورد پێك هاتووە و گرانە سنووردار بکرێ، چونکە هەر (نێنەر)ێ شتی تر دەخاتە سەر واتا بنچینەییەکە[١] لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەم بۆ چوونە بە دوای واتای ڕاست و سنووردار دا دەگەڕێت کە هەرگیز ناگەیەنێ[٢].

## ١-٢-٧- بۆچوونی مور-کواین:

(جۆرج مۆر) باوەڕی وایە کە چەمکی واتای وشە یا ڕستە بە پێی دوو شیکردنەوە تێپەڕ دەبێت[٣].

١- دابەشکردن:

واتە شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی وشە بۆ پێکهاتەکانی وەك:

پیاو = + مرۆڤ / + هەراش / + نێر

٢- جیاکردنەوە:

بەکارهێنانی وشە لە چەند دەوروبەرێکی زمانی، هەروەها ئامارکردنی ئەو ڕستانەی کە وشەکەی تێدا بەکار دێت، بۆ نموونە وشەیەکی وەك (پیاو)

- *پیاوەکە هات* — پیاو = مرۆڤ + هەراش + نێر

- ژنەکە *پیاوەکەی مرد* — پیاو = (مێرد) = نێر + هەراش + مرۆڤ + بەژن

- *تۆ پیاوی؟* — پیاو= (پیاوەتی) = نێر + بەخشندە + ئازایی + مرۆڤ + هەراش.... هتد.

---

(١) منقور عبدالجیل: ٢٠٠١:١٠٠

(٢) ستروسن: ٢٠٠٠:٧٧.

(٣) منقور عبدالجلیل:٢٠٠١:١٠٢.

ئینجا هەوڵ بدرێت سیما هاوبەش و جیاوازەکانی دیاربخرێن.

سیما هاوبەشەکان = (+مرۆڤ)، (+نێر)، (+هەراش)

سیما جیاوازەکان = (+ئازا)، (+بەخشندە)، (+بەژن)

ئەم شیکردنەوەیە بەسێ پێوەر جێبەجێ دەکرێ:

١- پێوەری هاوشانی لۆجیکی:

واتە شیکردنەوەیەکی نزیککراوەی لە چەمکی واتاییە بۆ چەند چەمکێکی تر کە هاوشانیەتی یان نزیکە لێی، وەك: (زەلام) واتە (پیاو).

٢- پێوەری وەرگێڕان:

وەرگێڕانی چەمکی وشەیە بە چەمکی وشەیەکی تر کە لێی نزیکە، وەك:

ژن
+ مرۆڤ
+ هەراش
+ مێ
+ بەشوو

کچ
+ مرۆڤ
- هەراش
+ مێ
- بەشوو

٣- پێوەری هاوواتابوون:

وەرگێڕان لە چەمك تا دەگاتە ڕادەی هاوواتابوونی چەمکی و بیر لەگەڵ گوتندا. وەك:

ژن
+ مرۆڤ
+ هەراش
+ مێ
+ بەشوو

ئـافرەت:

+ مرۆڤ
± هـەراش
+ مێ
± بـەشوو

(کواین W. V. Quine ) هـەمـان بۆچوونی هـەبوو کە چەمکی واتـای وشـەیـەك بـە وشـەیـەکی تر لێکبدرێتـەوە کە هـاوواتـایـەتی، بـەڵام لـە ڕاستیدا هـاوواتـای تـەواو نییە، سـەرەتـا (کواین) لـە ڕوانگەی بۆچوونی ڕەوشتییەوە بۆ دیاردەی هـاوواتـا چوو. واتـە ئـەگـەر دوو وشـە یـان ڕستـە هـاوواتـا دەبن، ئـەگـەر هـەمـان وەڵام دانـەوەیـان هـەبێت، لـەبـەر کـەموکوورِیی زۆری بۆچوونی ڕەوشتی لـەم بیرەی پـاشگـەز بووەوە و ئـەمجـارەیـان پشتی بـە (ڕاستی) بـەست، کە دەڵێت دوو وشـە یـان ڕستـە هـاوواتـا دەبن ئـەگـەر یـەك نرخیـان هـەبێت و لـە واتـادا یـەکسـان بن. بـەمـەش دەگـەڕێتـەوە بۆ بۆچوونـەکـەی (شیلیك). جگە لـەمـەش دان بـەوەدا دەنێت کە زۆر گرانـە لێکۆڵینـەوە لـە واتـا لـە ڕێگەی هـاوواتـا[١] وە بکرێت.

## ١-٢-٨ – بۆچوونی فریگە:

بـەلای (فریگە)وە (واتـا) جیهـانێکی سـەربـەخۆیـە، کـاتێ ئـەم بیرەی لا چـەسپـا کە جیـاوازیی نێوان نـاوی تـایبـەتی و تـەنـە ئـامـاژە پـێ کراوەکـەی دیـاری کرد و بۆی دەرکـەوت جیـاوازی هـەیـە لـە نێوان (نـاو) و (نـاولێنراو)، هـەروەهـا ئـامـاژەی بۆ ئـەوە کرد کە (نـاولێنراو) واتـا نییە کە زۆربـەی زمـانـەوانـەکـان لێی نـاڕازین، بـەڵکو هـەموو نـاوەکـان ئـامـاژەن بۆ واتـا یـان خود. (فریگە) جیـاوازیی نێوان وێنـە بـەرجـەستـەکـانی کردووە کە دروست دەبێت و پێوەندیی بـە زانینی پێشترەوە هـەیـە ئـەم وێنـەیـەش هـەست و سۆز و ویستی کـەسێی ئـاوێتـەیـە.

هـەر بۆیـە زانینی هـەست لـە کـەسێکەوە بۆ کـەسێی تر دەگۆڕێ؛ چونکە وێنـەی هـەستی خودییە، بـەڵام واتـای بـابـەتی و سـەربـەخۆش هـەیـە.

هـەروەك زمـانـەوانی فـەڕەنسی (گریمـاس) بـاس لـە دۆزینـەوەی ڕۆنـانی واتـایی دەکـات، نـەك داهێنـانی، (فریگە) سێ جیهـان جیـا دەکـاتـەوە[٢]:

(١) منقور عبدالجليل:١٠٣:٢٠٠١

(٢) منقور عبدالجليل:١٠٤:٢٠٠١




ئەم بۆچوونە تووشی ڕەخنەی توند بوو، چونکە جیهانی واتایی جیهانێکی سرك و تەمومژاوییە و نادۆزرێتەوە.

**١-٣- دانە واتاییەکان:**

مشتومڕێکی زۆری لە نێوان زمانەواناندا هەیە، لەسەر یەکەی سەرەکیی (واتا)، ئایا وشەیە یان ڕستەیە، بەڵام (واتا) لە یەك ئاستی زماندا نابینرێت، بەڵکو لە چەند ئاستێکدا بەرچاو دەکەوێت، کە لە هەر یەکەیان دەست پێ بکەین، ئەو واتاکەی جیاواز دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە (نیدا Nida) یەکەی واتایی کردە چوار بەشی سەرەکی[١]:




**١-٣-١- مۆرفیمی بەند:**

بچووکترین دانەی واتادارە کە بە تەنیا نایەت، بەڵکو لەگەڵ مۆرفیمی سەربەخۆی تردا دێت. وەك: دار + ەکە + دارەکە

(١) احمد مختار عمر: ٣٢:١٩٨٢

### ١-٣-٢- وشە:

گرینگترین یەکەی واتاییە کە واتایەکی هۆشەکیی هەیە، لەگەڵ ئەوەش واتایەکی نموونەیی نییە،[١] بەڵکو واتای وشە بریتییە لە واتای فەرهەنگی وشەکە و ئەو واتایەی کە لەگەڵ وشەی تردا دروستی دەکات[٢].

### ١-٣-٣- لێکدان:

ئەم جۆرە پێك هاتووە لە لێکدانی چەند فۆرمێك کە واتاکانیان لە واتای وشەکەوە وەرناگیرێن کە بەسێ شێوە دێتە بەرچاو:

**أ–ئیدیەم:**

بریتییە لەو تێکچڕژانەی کە بەشێوەیەکی ئاسایی لە دوو وشە یان زیاتر پێك هاتووە، کە واتاکەی لە واتای کەرتەکان یا پێوەندی ڕێزمانی ئەم کەرتانە پێشبینی ناکرێن[٣].

وەك: سکی سووتا

واتای وشەکانی (سك، سووتان)واتای (سکی سووتا)مان بۆ ڕوون ناکاتەوە، بەڵکو واتایەکی تر دەدات وەك: منداڵی مرد.

**ب– وشەی لێکدراو و گرێ:**

وشەی لێکدراو: ئەو وشەیە بەلای کەمەوە لە دوو وشەی واتادار پێك دێت.

وەك: (گوڵە گەنم)

گرێ: گرێ لە دیارخراوێك و دیارخەرێك یا چەند دیارخەرێك پێك دێ کە شوێنی وشە دەگرێتەوە لە ڕستەدا[٤].

وەك: ژنە پیرە بەساڵاچووەکە

**ج– وشەی ئاڵۆز:** ئەو وشە ناسادەیەیە کە لە وشەیەکی سادە و زیادەیەك پێك هاتبێ[٥].

---

(١) کلود جرمان، ڕیمون ڕوبلان: ١٩٩٣:٤٦

(2) Jean Aitichson:1992:81

(٣) محمد معروف فتاح: ١٩٨٦:٦٨

(٤) ئاواز حەمە صدیق:١٩٩٦:٤٣

(٥) ئەورەحمان حاجی مارف:١٩٨٧:٥٠

وەك: ئاسنگەر

**١-٣-٤ - ڕستە:**

واتا لە سنووری ڕستەدا هەندێ زمانەوان بەگرینگتری دەزانن لە واتای وشە، چونکە وشە واتاکەی لە ناو ڕستەدا بە دیاردەکەوێت[١] واتای ڕستە بریتییە لە (واتای وشەکان + کاریگەریی ریزمانی) بۆ نموونە ئەم دوو ڕستەیەی خوارەوە لە ژمارەی وشەکاندا یەکسانن، بەڵام لە ریزکردندا جیاوازن، بۆیە واتای جیاواز دەدەن[٢] وەك:

دارا لە کاوەی دا.

کاوە لە دارای دا.

دانەی واتایی هەر لەم چوار یەکەیەدا نییە، بەڵکو لە سەرووی (ڕستە)شەوە بەدی دەکرێت، جا ئەگەر سیمای واتای (پاش رستە ، بەکارهێنان) بکەینە سیمای جیاکەرەوە، ئەوا (ڕستە، گوتن، دەق و ئاخاوتن) بەم شێوەیە جیا دەکرێتەوە:

-پاش ڕستە - بەکارهێنان = رستە Sentence

-پاش ڕستە + بەکارهێنان = گوتن Utterance

+پاش ڕستە - بەکارهێنان = دەق Text

+پاش ڕستە + بەکارهێنان = ئاخاوتن Discourse

**١-٣-٥- گوتن:**

گوتن ڕستەی بەکار هێنراوە لە دەوروبەردا، بەمە واتای دەبێتە (واتای ڕستە + واتای دەوروبەر)[٣] وەك: ژوورەکە ساردە

ئەم ڕستەیە ئەگەر بخرێتە دەوربەری گوتنەوە، ئەوا واتای جیا دەدات وەك ئەوەی:

- پەنجەرەکە *داخە*

- *سۆپاکە داگیرسێنە*

- *فێنك کەرەوەکە بکوژێنەوە... هتد*

---

(١) کلودجرمان، ریمون روبلان:١٩٩٤:٣٠

(٢) جولیا اس فالك: ١٣٧٧:٣٥٧

(3) Fromkin v.froman:1983:195

**١-٣-٦- دەق:**

دانەیەکی سیمانتیکییە و پێوەندیی بە واتاوە هەیە نەك بە فۆرمەکە[١] کە بریتییە لە زنجیرە ڕۆنانێکی زمان کە یەکەیەکی گشتی تەواو پێك دێنێ، و ڕستەکان واتای یەکتری تەواو دەکەن، تاکۆتاییی دەق. واتە واتای ڕستە، پشت بە واتای ڕستەکانی تر دەبەستێ[٢].

**١-٣-٧- ئاخاوتن:**

دەقێکی بەکار هێنراوە لە دەوروبەرێکدا کە قسەیەکە لە نێوان دوو کەس یا زیاتر کە بە ئازادی بەڕێوە دەچێ، ئەم واتایە لە ئاستی پراگماتیکدا لێك دەدرێتەوە کە بریتییە لە پێوەندیی نێوان زمان و دەوروبەر کە گرینگە بۆ تێگەیشتن[٣]. بەمەش واتاکەی دەبێتە واتای دەق لەگەڵ واتای دەوروبەر کە لەسەر چوار بنەما بەندە (نێنەر، وەرگر، بابەت، دەوروبەر)، جا ئەو واتایە هەڵدەبژێرین کە لەگەڵ دەوروبەردا دەگونجێ[٤]، ئاخاوتن لای هەندێ لە زمانەوانان بە یەکەیەکی سەرەکیی پێوەندیکردن دادەنرێت؛ چونکە پێوەندییەکی توند و ڕێککەوتن هەیە لە هۆنینەوەی دەقی ئاخاوتندا، لە میانەی ئەو کارلێککردن و ئاڵوگۆڕکردنە کە (نێنەر)ان لە کاتی ئاخاوتندا دەیهێننە کایەوە[٥].

**١-٤- جۆرەکانی واتا:**

بۆ شارەزابوون لە لایەنە جیاجیاکانی واتا زمانەوانان جۆرەکانی واتایان دەستنیشان کردووە، بۆ نموونە (جۆن لاینز) دوو جۆرە واتا دەستنیشان دەکات[٦]:

**١-٤-١- واتای وەسفی(هۆشەکی):**

ئەم جۆرە واتایە وەسفی بارودۆخ و شت دەکات و، بەشێك واتای رستەی لێ پێك دێت کە واتایەکی نەگۆڕ و بڵاوە[٧] و لە شێوەی سیمای جیاکەرەوە خۆی دەنوێنێ، بۆ نموونە

(1) Halliday: 1978:135.
(2) Van Digk: 1977:3.
(3) Levinson: 1997:284
(4) Neil Smith:1999:36

(٥) خولە طالب الابراهیمی ١٩٩٧:١١٦.
(٦) جون لاینز: ١٩٨٧:٣٥.
(٧) نور الهدی لوشن:١٩٩٥:٨٣.

کاتێك دەڵێن واتای (وەسفی)ی (کوڕ) چییە؟

+ مرۆڤ

– هەراش ‌ دەڵێین = کوڕ

+ نێر

### ١–٤–٢– واتای ناوەسفی (کاریگەری)

ئەم جۆرە، واتایە بەپێی کەس و کات و کۆمەڵگە دەگۆڕێت. تێکەڵاوی هەست و سۆز و بۆچوونی (نێنەر) دەبێت، کە واتە واتای (ناوەسفی) دەبێتە (واتای وەسفی + واتایەکی زیادەیە کە کەس و کۆمەڵگە دەیخاتە سەری) بۆ نموونە کاتێك دەڵێین:

– مەبەستت لە پیاو چییە؟

کەواتە تۆ واتایەکی زیادەت هەیە لەسەر واتا هۆشەکییەکە. کە دەچێتە ناو بواری (پراگماتیك)[١].

### ١–٥– ڕۆڵی تاکەکەس لە واتادا:

بەباوەڕی (هۆگۆشۆخارت) زمان بەرهەمی دەروونیی تاکە کەسێکە[٢]. ئەم پێناسەیە، ئاماژە بۆ ڕۆڵی گرینگی کۆمەڵ و کۆمەڵگە ناکات، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر لە بارە چونکە زۆر لە زمانەوان و قوتابخانە زمانەوانییەکانی وەك: (قوتابخانەی زمانەوانیی فەرەنسی) و (نموونەی جوانی لە زمانەوانی) و (زمانەوانیی نوێ) و (زمانەوانیی دەروونی) و (قوتابخانەی جلوسمی). جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەن.

وەك: (شتاینتاڵ) لەو باوەڕەدایە کە زمانی تاکەکەس ڕەنگدانەوەی بیری تاکەکەسە و زمانی کۆمەڵ ڕەنگدانەوەی هەستی کۆمەڵە و واتای وشە سنووردار نییە، چونکە مرۆڤ دەیبەستێتەوە بەباری دەروونیی خۆی و تاقیکردنەوەکانی، وشە ناگاتە واتای ڕاستی، تاکو گۆنەکرێ لەلایەن کەسێکەوە.

مارتی (١٨٤٧–١٩١٤) لەو باوەڕەدایە کە واتای دانەزمانییەکان باری

(1) Leach:1996:5.

(٢) ملكا افتيش: ١٩٩٦:٩٥٠.

دەروونیی(نێنەر) دەردەخەن.

هرمان پۆل (١٨٤٦–١٩٢١) دەڵێت تاکە ڕاستی لە زماندا پشتی پێ ببەسترێ، زمانی تاکە کەسە کە بەکارهێنانێکی ڕاستەوخۆی قسەکردنە.

مۆریس گرامونت (١٨٩٥) جیاوازیی نێوان کۆنستانتەکانی لە زمانی هیندۆئەورووپی بۆ باری دەروونیی تاکە کەس گێڕاوە.

(فندریس) خاوەنی (زمانەوانیی کاریگەری) لەو باوەڕە دایە کە هەموو کردەیەکی گوتن، هەڵگری کاریگەرییەکی دەروونییە.

(فۆسلێر) دەڵێت: مرۆڤ خۆی گوتەکانی خۆی هەڵدەبژێرێت و بەکاریان دێنێت؛ چونکە لە هەر ساتێکدا، خۆی لە بارێکی دەروونیی جیاوازدا دەبینێتەوە.

بالی (١٨٦٥–١٩٤٧) دەڵێت: هەر کردەیەکی گوتن، هەڵگری سیمایەکی کەسی و کاریگەرییە.

(یمسلیف) جەخت لەسەر (نێنەر) دەکات لەو باوەڕەدایە زمان پێك هاتووە لە (ناوەڕۆك) و (دەربڕین) کە چوارگۆشەیەکی واتایی پێك دێنێ[١].




– تەن: (شت، ڕووداو، کەس...) دەگرێتەوە لە جیهانی دەرەوەدا

– بیر: چەمکێکی هۆشەکییە چۆن واقیع دەبینرێت.

– هێما: لایەنی فیزیکیی درکاندنی وشە و ڕستەکان دەگرێتەوە.

– گوتن: چەمکی هۆشەکیی (نێنەر)ە کە چۆن لە هێما گەیشتووە بە چ واتایەك دەری دەبڕێ. ئەم لێکدانەوەی (یمسلیف) لەگەڵ بۆچوونی پراگماتیکدا دەگونجێ[٢].

هەر کاتێ وشە و ڕستە بکەوێنە دەستی (نێنەر) ئەوا تێکەڵی هەست و سۆزی دەبن، ژیان و ڕەوشتی مرۆڤ ئاوێتەی تۆڕێکی هەستییە بەرامبەر بە خودی خۆی، کەسان و شتی

(١) ملكا افتيش: ١٩٩٦:١٣١:٣٤٣

(٢) وفاء محمد كامل: ١٩٩٧:٢٣٦.

دەوروبەر[١]، چونكە زمان رەنگدانەوەی تەواوی راستەوخۆی بیر نییە، وشە و ڕستە ئامێری بیرن و لە ژێر دەستی (نێنەر) دان، چۆنی بەكار بێنی ئەو جۆرە واتایە دەدات، بۆ نموونە ئەم وێنەیەی خوارەوە، تەنێكە بەسێ شێوەی جیاواز دەردەبڕێت: (كەنداوی عەرەبی، كەنداوی فارسی، كەنداو) ئەوەی (عەرەب) بێت یان لایەنگیریان بێت ئەوا (كەنداوی عەرەبی)ی پێ ڕاستە، ئەوەی (فارس) بێت یان لایەنگیریان بێت ئەوا (كەنداوی فارسی) پێ ڕاستە و ئەوەی (بێ لایەن) بێ ئەوە (كەنداو) بەكار دەهێنێت، چونكە هەر یەكێك بە جۆرێك لێی تێ دەگا و پاساوی خۆی هەیە و واش تێ دەگا ئەو ڕاستە. بۆیە ناتوانین بڵێین ئەو وشانە بێ هەست بەكار هاتوون. بەڵام ئەو وشانە لە واتای هۆشەكیدا (یەكسانن)؛ چونكە بەرامبەر یەك شت دەوەستن تەنیا لە واتای كاریگەریدا جیاوازن.

نێنەر– هەست دەربڕین
فارس– كەنداوی فارسی
عەرەب– كەنداوی عەرەبی
بێ لایەن – كەنداو




وەرگر – هەست وروژاندن
عەرەب
فارس
عەرەب، فارس

وشە سێ ئەركی هەیە لە زماندا[٢]:

١– بە گوێرەی (نێنەر) دەبێتە (هەست دەربڕین) كە رەنگدانەوەی خودیەتی.

٢– بە گوێرەی ئەو (تەن و ڕووداو و شت)انەی كە بەرامبەری دەوەستێت دەبێتە (هێما)

٣– بە گوێرەی (وەرگر) دەبێتە (وروژاندن)، چونكە كاریگەرییان لەسەر دەكات.

جا ئەگەر لە ڕوانگەی تاكەكەسەوە سەیری واتا بكەین، دەبینین بریتییە لە لێكدانەوەیەكی تاكی و خودی گۆڕاو و هەر كەسێك بە جۆرێك بەكاری دێنێت. كەواتە هەروەك زمانەوانی ئیتاڵی (كرۆتشە) ئاماژەی بۆ كردووە، دەبێت لە لێكدانەوەی واتا كەسایەتی و هەست و سۆزی (نێنەر) بە هەند وەربگیرێت[٣].

---

(١) م.م لویس: ١٩٥٩: ١١٣.

(٢) نوال محمد عطیة: ١٩٧٥: ٤٠.

(٣) عبدالقادر هنی: ١٩٩٧: ٢١٨.

### ١-٦- واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی

### ١-٦-١- واتای سیمانتیکی:

ئەم جۆرە واتایە پێوەستە بە واتای هۆشەکیی وشەوە، کە لە ئەنجامی کۆبوونەوەی سیمای واتایی دروست بووە وەك:

ئامۆزا:
+ ن٣
+ نێر
+ ئاسۆیی

یان ئەو واتایەی کە لە ئەنجامی پێوەندیی وشەکانەوە دروست بووە، وەك: پێوەندیی هاوواتایی و دژواتایی و داپۆشین و جیاوازی و بەش لە گشت.

یان ئەو واتایەی کە لە ئەنجامی ریزبوونی وشەکان دێتەکایەوە، واتای سیمانتیکی واتایەکی چەسپاوە و نەگۆڕە، هەرچەندە بە تێپەڕبوونی کات گەشە و گۆڕان بە خۆوە دەبینێت، واتای سیمانتیکی پابەندە بە(یاسا)، بۆ نموونە ئەگەر منداڵێك بە باوکی بڵێت:

- *بڕۆ ئاوم بۆ بێنە.*

ئەوە نادروستە، چونکە باری کۆمەڵایەتی ڕێگە نادات، واتاسازی پابەندی (توانست)ە کە مرۆڤ بە سەلیقە یان بە زانستی یاساکان ڕێزمانی و ناڕێزمانیی رستە لێك جیا دەکاتەوە، واتای واتاسازی پێوەندیی بە لایەنی ئاسایی واتاوە هەیە وەك:

گوڵ = گوڵ (ڕووەك)

هەروەها پابەندی مەرجی دروستی و نادروستییە وەك:

- *ساناو بە یەکەم دەرچوو.*

ئەم هەواڵە یان ڕاستە یان هەڵەیە. جگە لەمەش واتای واتاسازی پێوەندییەکی ناڕاستەوخۆی سێ قۆڵییە کە (هێما، بیر، تەن) بە یەکەوە دەبەستێتەوە[١].

### ١-٦-٢- واتای پراگماتیکی

ئەم جۆرە واتایە لە دەوروبەر وەردەگیرێت[٢] کە واتای لە دەرەوەی واتای وشە و

(١) بڕوانە لاپەڕە (١٩).

(٢) بڕوانە لاپەڕە (٢٤).

ڕستەکانە وەك:

– بۆ لە کوڕەکەت *داوە*؟

لەم ڕستەیەدا باس لە زۆر شت کراوە کە دەرنەبڕاوە(١) و وەك (تۆ ژنت هێناوە، تۆ منداڵت هەیە، منداڵەکە لە ژنەکە بووە، منداڵەکەتان کوڕە، تۆ لە کوڕەکەت داوە). ئەم هەموو زانیارییە بە ناڕاستەوخۆیی دەربڕاوە، ئەم جۆرە واتایە پێوەندیی بەبەکارهێنان و واتایەکی نائاساییەوە هەیە، هەروەك (ڕولان بارت) دەڵێت، کاتێ کوڕێك گوڵێك بە دیاری دەداتە دەسگیرانەکەی، ئەوا دەبێتە هێما بۆ خۆشەویستی(٢). واتای پراگماتیکی پابەندی (بنەما)یە و یاسا دەبەزێنێ بۆ واتایەکی قووڵتر وەك:

– *خۆشەویستیت ڕووبارێکی بێ شەپۆلە واتە: خۆشەویستیت گڕوتینی تێدا* نییە.

ئەم جۆرە واتایە بە پێی(نێنەر) واتاکەی دەگۆڕێت، بۆ نموونە شاعیرێك (گوڵ) وەك (یار) سەیر دەکات. واتای پراگماتیکی پابەندی چالاکییە کە لێکدانەوەیەکی گونجاو بۆ ڕستە ناپەسندەکان دەکات تاکو لەگەڵ دەوروبەری گوتنەکە بگونجێ(٣)، بۆ نموونە کاتێ دەگوترێ (چایەکەت ساردبووە) (وەرگر) چایەکە دەخواتەوە... بە پێی دەوروبەر. کەواتە واتای سیمانتیکی بریتییە لە (واتای فەرهەنگی + کاریگەریی ڕێزمانی) بەڵام واتای پراگماتیکی بریتییە لە (واتای سیمانتیکی + واتای دەوروبەر).

### ١–٧– سیستەمی گەیاندن:

سیستەمی گەیاندن لە زمانی مرۆڤدا کردەیەکی ئاڵۆزە و پێویستی بە چەند پاژەیەك دەبێت، بۆ ئەوەی تێگەیشتن بێتە ئەنجام، سەرەتا (نێنەر) بیرێکی لا دروست دەبێت. دوای وورووژێنەرەوەیەك، ئینجا وەری دەگێڕێتە سەر هێمایەك کە لەلای (وەرگر) بخوێنێتەوە، دواتر پەیامەکە لە کەناڵێکی پێیوەندی دادەنێرێت بۆ (وەرگر)، ئەویش بە گوێرەی پێویست لێکی دەداتەوە و تێگەیشتن روو دەدات(٤) وەك لەم هێلکارییەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە(٥):

(١) اف. ار. پالمر: ١٩٨١:٧.

(٢) عبدالستار جواد: ١٩٩٨:٥٨.

(3) Diane Larsen, Freeman: 1980:77

(٤) پیرجیرو: ١٩٩٢:٣٠–٣٣.

(5) Swanson and Marquardt: 1974:15.




(یاکۆپسن) ئەم شەش پاژەیەی سەرەوە بەپێکهێنەری پێوەندیی ئاخاوتنن دادەنێ.

**١–٧–١– نێنەر:**

ئەو کەسەی کە وشیار دەکرێتەوە جا لە ڕێگەی شەپۆلەکانی هەواوە بێت یان لە ڕێگەی نووسینەوە بێت بە هۆی دەمارەکانی هەست بۆ مێشك دەچێت، مێشك ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە پرۆسەی ئاخاوتن، بەشی (برۆکا) بەرپرسیارە لە بەکارهێنانی زمان و بەشی (فێرنیکا)ش کە بە (برۆکا)وە نووساوە، بەرپرسیارە لە تێگەیشتنی زمانی نووسین و قسەکردن[١]، بڕوانە وێنە (١).




وێنەی (١)

مێشك پاش تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەیەوێت، هەڵوێستی خۆی دەرببڕێ، بۆیە ڕوو لە فەرهەنگی مێشکی دەکات و پێویستییەکانی هەڵدەبژێرێت لە وشە و ڕستە بەپێی یاسا مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەکان[٢] ئینجا لە ڕێگەی کۆئەندامی دەمارەوە کە لە ژمارەیەکی زۆر خانەی دەماری پێك دێت کە پێیان دەگوترێت (نیۆرۆن Neoron) لە پاڵ ژمارەیەکی زۆر لە داوە دەمارەکان کە مێشك و ماسوولکە بزوێنەرەکانی ئاخاوتن بەیەکەوە

(١) جمعە سید یوسف: ١٩٩٠: ١٦٦– ١٩٦.

(٢) عبدالسلام المسدی: ١٩٨٣: ٧٠.

دەبەستێتەوە لەگەڵ دەمارەکانی بزوێنەری ئەندامی ئاخاوتن و لە ناو خانە دەمارەکان کارلێککردنەکی کیمیاوی ڕوو دەدات و ڕەوتێکی کارەبایی دروست دەبێت و دەمارەکانی جوولانەوە بۆ ماسوولکە دەنگییەکانی ئاخاوتن دەیگوازێتەوە و ئاخاوتن ڕوو دەدات یان بە نووسین دەری دەبڕێ[١] بڕوانە وێنە (٢).




وێنە (٢)

## ١-٧-٢- وەرگر:

ئەو کەسەیە کە هوشیارکەرەوەکە وەردەگرێت، لە ڕێگەی (چاو) و (گوێ) و لە مێشکدا شییان دەکاتەوە، جا ئەگەر پەیامەکە ڕاستەوخۆ و ئاسان بوو، ئەوا خێرا تێی دەگات، ئەگەر ناڕاستەوخۆش بوو ئەوا ئەرکی مێشك قورستر دەبێت پێویستی بە تێگەیشتنی قووڵ دەبێت کە زۆر گرانە و لەوانەشە ئەستەم بێت[٢] بۆیە (وەرگر) پەنا دەباتە بەر ئەم سێ قۆناغە[٣]:

١- لێکدانەوەی واتای فەرهەنگی. لە ڕێگەی واتای وشە و لێکدانیان.

٢- بەراوردکردنی لەگەڵ ئەو دەوروبەرەی کە تێیدا گوتراوە، تا بزانێت دەگونجێت یان نا.

٣-ئەگەر مەبەستەکەی نەگەیاند، ئەوا دەبێ بگەڕێتەوە بۆ هەندێ زانیاریی کەسی و کولتووری.

## ١-٧-٣- هێما:

ئەو کۆدە دەربڕاوانە یان نووسراوانەی کە بە وشە و ڕستە دەردەبڕدرێن و، یا بە

(١) عبدالرحمن ایوب: ١٩٨٩:٢٥.

(٢) روی. سی. هیجمان: ١٩٨٩: ١٧٢.

(٣) جمعە سید یوسف: ١٩٩٠:١٢٨.

پەرەزمانییەکان کە لەگەڵ زماندا دێن و بابەتەکەی لێ پێك هاتووە.

**١-٧-٤- بابەت:**

ئەو بیرەیە کە (نێنەر) دروستی دەکات، پاشان وەری دەگێڕێتە سەر هێمایەکی گونجاو کە بەرامبەرەکەی تێی بگات.

**١-٧-٥- پەیام:**

ئەو نامەیە کە (نێنەر) دەینێرێت بۆ (وەرگر) کە هەڵگری واتاو مەبەستێکە.

**١-٧-٦- کەناڵ:**

ئەو پشتێنە پێوەندییەیە کەدەنگەکان دەیگوازێتەوە وەك: (ڕادیۆ و تەلەفزیۆن) یان ئەو دەقە نووسراوەیە کە وەك: (گۆوار و ڕۆژنامە و کتێب)، کەواتە کەناڵ هۆی گەیاندنە لە نێوان (نێنەر و وەرگر).

سیستەمی گەیاندن کاتێ سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر (وەرگر) لە مەبەستی (نێنەر) بگات و (نێنەر)ان شارەزای کولتووری یەك بن و پەیامەکەی ڕاستەوخۆ و مەبەستدار بێ و تەمومژاوی نەبێت[١]، لە بارێکی ئاسایی وادا مرۆڤ توانای هەیە (٢٥٠) وشە لە خولەکێکدا تێ بگات واتە چوار وشە لە چرکەیەك دا[٢].

کارگێڕی ئەم سیستەمە مێشکە کە وشیارکەرەوەکان لە ڕێگەی چاو و گوێ وەر دەگرێت و پاش لێکدانەوەیان بە دوو ڕێگە دەردەبڕدرێن (دەست و دەم) واتە قسەکردن و نووسین کەواتە ئاستەکانی سیستەمی گەیاندن بەم شێوەیە دەبێت[٣].




وێنەی (٣)

---

(1) Adrian & (others): 1984: 392.

(٢) داود عیدە: ١٨:١٩٨٤.

(3) Garman:1990:4.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی زمان | ئاستی دەروونی | ئاستی دەنگ | ئاستی دەروونی | ئاستی زمان |

**١-٨- ئەرکەکانی زمان:**

ئەم شەش پاژەیەی کە باسمان کردن، شەش ئەرك لە زمان دروست دەکەن بەم شێوەیەی خوارەوە[١]:

**١-٨-١- ئەرکی هەست دەربڕین:**

لەم ئەرکەدا ڕووی پەیام لە (نێنەر)ە و پیشاندەری هەستیەتی جا بە راستی بێت یان خۆی بنوێنێ کە خاوەنی ئەم هەستەیە، کە (مارتنت) بە (قسەی ناودڵ) ناوی بردووە، ئەم ئەرکە زۆر جار بۆ لەیەکتر گەیشتن نییە، بەڵکو بۆ ئاراستە گۆڕین و کاریگەریکردنە سەر (وەرگر) و سەر لێ شێواندنیەتی.

**١-٨-٢- ئەرکی وروژاندن:**

لەم ئەرکەدا رووی پەیام لە (وەرگر)ە، بۆ ئەوەی هەست و ئارەزوویەکی تایبەتی لا دروست بکات.

**١-٨-٣- ئەرکی ئەوپەر زمانی:**

ڕووی پەیام لەو هێمایەیە کە هاوبەشە لە نێوان (نێنەر) و (وەرگر).

**١-٨-٤- ئەرکی گەڕانەوەیی:**

ڕووی پەیام لە بابەتی پەیامەکەیە کە دەکرێ لە ڕێگەی دەوروبەرەوە راستی و ناڕاستیی بسەلمێندرێ[٢].

**١-٨-٥- ئەرکی ئەدەبی:**

رووی پەیام لە خودی پەیامەکەیە، لەم دۆخەدا پەیام دێتە ناوەندی سەرنجی پێوەندییەوە ، کە (مارتنت) بە (ئەرکی جوانی خولقێنی) ناوی دەبات.

---

(١) مارك ريش: ١٩٨٤:١١٩- ١٢٦.

(٢) لاینز بە (وەسفی) ناوی بردووە، بڕوانە جون لاینز: ١٩٨٧: ٣٥.

## ١-٨-٦- ئەركی هاودڵی:

ڕووی پەیام لە كەناڵی پێوەندییە تابزانیٚ (وەرگر) تا چ ڕادەیەك ئاگای لە قسەیە بۆ بەردەوامیبوون لە ئاخاوتن.

## ١-٩- زمانی ڕاگەیاندن:

زمان بەگشتی كە هۆیەكە بۆ لەیەكتر گەیشتن و كاریگەری دەربڕین(١). زمان ڕەنگدانەوەی پێشكەوتنی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و سیاسیی نەتەوەیە، بۆیە ڕاگەیاندن هات ڕۆڵی ئەو زمانەی فراوانتر كرد كە تەنیا زمان بۆ لەیەكتر گەیشتن نەبیٚ، بەڵكو بۆ ئاراستە گۆڕین و كاریگەریكردنە سەر جەماوەریش بێت بۆ بە دەستەوەگرتنی جڵەوی دەسەڵات(٢)، زمانی ڕاگەیاندن دەبێت زمانێك بێت جەماوەر زوو تێی بگات و بۆیە دەبێت چاومان ئاراستەی جەماوەر بكەین(٣). زمانی ڕاگەیاندن نە زمانی ڕازاوەی ئەدەبە و نە زمانی رووتی زانستە، بەڵكو زمانێكە بۆ دەربڕین و ڕێكخستنی بیر، زمانێكە وشەی گونجاو لە شوێنی گونجاو بەكار دێنێت، كەواتە زمانی ڕاگەیاندن زمانێكی تایبەتە و خاوەن شێواز و تایبەتمەندی خۆیەتی، و دەبێتە چەند جۆرێك:

### ١-٩-١- زمانی نووسراو:

ئەدیبی فەرەنسی (جۆرج دیهامل) دەڵێت(٤): لەگەڵ دوكتۆرێك لە بەرەیەكی شەڕ یەكترمان ناسی، كە بەگوێی خۆی گوێی لە دەنگی تۆپ و ناڵەی بریندااران و بێزاریی سەربازان دەبوو . ئەم دەنگ و كارەساتانە هیچ هەستی نەدەبزواند، بەڵام كە ئەم دیمەنەم كردە بەسەرهاتێك و بڵاوم كردەوە و دوكتۆرەكە خوێندییەوە، زۆر كاری تیٚ كرد بەڕادەیەك هێنایە گریان، ئەمە ئەوە دەگەیەنیٚ كە كەسانێك هەن لە ڕێگەی نووسینەوە كاریان تیٚ دەكرێت كە لە ڕێگەی بینەوە ئەم كارە ناكرێت.

زمانی گۆوار و ڕۆژنامە و كتێب هەندیٚ جار وردە و هەندیٚ جاریش ورد نییە لە كاتی گۆڕینیدا هەندێكی لیٚ دەفەوتێت وەك: لە بە كارهێنانی هێڵی خوار و تۆخ و پەرەگراف و

---

(١) یحیی احمد: ١٩٨٩:٧٦.

(٢) كامل علوان الزبیدی: ١٩٨٨:١١١.

(٣) دیمترۆف (د.ت): ٣٣.

(٤) عبدالطیف حمزە: ١٩٦٨: ١١١.

هێز و ئاواز و وەستان و درێژی دەنگ و ڕژانە ناویەك کە لە نووسیندا دەرناکەون[١] جگە لەمەش زمانی نووسین هەندێ جار تەمومژی ڕێزمانی و واتاییی تێدایە کە بەبێ دەوروبەر لێك نادرێتەوە، جگە لەمەش نووسین ناسنامەی کۆمەڵایەتی (نێنەر) دەرناخات کە خەڵکی کوێیە و سەر بە چ چین و ڕەگەزێکە و ڕادەی خوێندەواریی چەندە و باری دەموچاوی چۆنە و[٢] ... هتد، بەڵام سەرەڕای ئەم کەموکورتییانە زمانی نووسین تا ڕادەیەك سوودیشی زۆرە، چونکە (وەرگر) دەتوانێت وشەیەك یان ڕستەیەك لەسەرخۆ بخوێندرێتەوە وەیا چەند جارێك بیخوێنێتەوە تاکو لە مەبەست دەگات.

**١-٩-٢- زمانی بیستراو و بینراو:**

ئەم زمانە هەندێ وردترە لە زمانی نووسین، چونکە هێز و ئاواز و وەستان و دوودڵی لە قسەکردن و دووبارە کردنەوە لە زمانی بیستراو بەدی دەکرێت[٣] بە تایبەتی ئەگەر ڕاستەوخۆ بێت، زۆر ناتوانێت هەڵەکانی خۆی چاك بکاتەوە[٤]، ئەم زمانە دوو جۆرە:

**١- زمانی بیستراو:**

کە زمانی ڕادیۆیە تەنیا کە ناسنامەی کۆمەڵایەتیی (نێنەر) زۆر دەرناخا وەك: باری دەموچاوی و لە چ بارێکی دەروونیدا دەژی و بەڵام لەگەڵ ئەوەش تایبەتمەندیی خۆی هەیە، چونکە تەنیا بەر یەك هەست دەکەوێ ئەویش بیستنە کە کاریگەریی تەواوی دەبێ، بۆ تێگەیشتن.

**٢- زمانی بیستراوو بینراو:**

کە زمانی تەلەفزیۆنە و کاریگەرییەگی زۆری هەیە و تێکرای سەیرکردنی تەلەفزیۆن بۆ هەر تاکێك (٥ - ٣٢) کاتژمێرە لە هەفتەیەکدا[٥] و مێوانێکە لە هەموو ماڵێك لە هەردوو زمانی ڕۆژنامە و رادیۆ وردترە، چونکە ناسنامەی کۆمەڵایەتیی (نێنەر) دەردەخات و بەچاوی خۆی دەیبینی کە باری دەموچاوی چۆنە و لە چ بارێکی دەروونیدا دەژی و چی

---

(١) اف. ار. پاڵمر: ١٩٨١: ١٥٥.

(٢) هدسون: ١٩٨٧: ١٦٩.

(3) Hockeh: 1958:555.

(٤) عبداللطيف حمزە: ١٩٦٨:١١٢.

(٥) سوسن ناسيف عدوان: ١٩٨٤: ١٧٨.

لەبەر کردووە و هەستی بەرامبەر بە دەوروبەر و کەسان چییە؟ جگە لەمەش وێنەی کارەسات و ڕووداوەکان نیشانی بینەران دەدات کە زیاتر کاریگەریی دەبێ و یارمەتیدەردەبێ بۆ تێگەیشتنی خێرا[١]، چونکە بەر دوو هەست دەکەوێت (بیستن و بینین)، بەڵام قسەکان زۆر جار کاریگەرییان کەمتر دەبێ لەبەر وێنەکان، چونکە (بینەر) زیاتر بەبینیی وێنەکان سەرقاڵ دەبێ نەك قسەکان.

هەریەك لەم کەناڵانەی ڕاگەیاندن گرینگن بۆ (وەرگر)ان و هەریەکە ئارەزوومەندی خۆی هەیە لە بیرورِا وەرگرتنێکدا لە وڵاتانی عەرەبی دەربارەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن (٧٦٪) وڵاتە عەرەبییەکان ڕادیۆیان پەسند کرد. بوو کەچی (مصر) ڕۆژنامەی پەسند کردبوو[٢]، لە سەرەتای شەستەکانیش دا لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکی دەری خستووە کە (٣/١) گەلی ئەمریکی سەرچاوەی سەرەکییان بۆ هەواڵ (تەلەفزیۆن)ە دواتریش (ڕۆژنامە) و (ڕادیۆ)[٣].

زمانی ڕاگەیاندن دەبێت زمانێکی ئاسان بێت و خەڵك خێرا تێی بگات و دەبێ ڕستەکان کورت بن و دەستەواژەی تێکچرژاوی تێیدا نەبێت، ئەو ڕستە و وشانەی کە گومان لە تێگەیشتنیان هەیە، پێویستە (نێنەر) دووبارەیان بکاتەوە، وشە و ڕستەکان لە ڕووی گۆکردنەوە دەبێ بە جوانی دەنگەکان بدرکێندرێن و وشەی بێگانە و تەمومژاوی تێیدا نەبێت و هونەرەکانی ڕەوانبێژی و ئیدیدم و بکەر نادیاری تێیدا بەکارنەیەت، ئەگەر نا ئەو گەیاندنە کاریگەر نابێت، (هوگسوف) دەڵێت: «تاکە وشەیەك باشترە لە دەستەواژەیەك»[٤] (ئەرنست همنگوی)یش کە پەیامنێری ڕۆژنامەی (ئەرکنسۆستی ستار) بوو ئامۆژگاریی نووسەری ڕۆژنامەکانی دەکرد و دەیگوت: «ڕستە و دەستەواژەی کورت و زمانی دەوڵەمەند بەکاربێنن لەبیرش مەکەن تاکو پێتان دەکرێ دەستەواژەکانتان ڕوون بێت»[٥] لە کۆتاییدا زمانی راگەیاندن نابێت بەکارهێنانێکی لە خۆوەی بێ سانسۆربێت، بەڵکو دەبێت زمانێك بێت بەوپەڕی وردییەوە، هەواڵ و بیروبۆچوون بۆ جەماوەرەکەی بڵاو بکاتەوە.

---

(١) جملية رمضان حسين: ١٠٥:١٩٩٤.

(٢) عبداللطيف حمزة: ١٩٦٦: ١١٢.

(٣) اوستن رانی: ١٩٨٦: ٢٠.

(٤) عبدالستار جواد: ١٩٩٨: ٣٤.

(٥) هەمان سەرچاوە: ٢٦.

### ١-٩-٣- زمانی کەسی:

ئەم زمانە راستەوخۆیە، کە کاریگەریی زیاتری هەیە لە زمانی ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەسەر جەماوەر؛ چونکە لە زمانی ڕاستەوخۆ (وەرگر) ناچارە گوێ بۆ زۆر بابەتی نادیار بگرێ، دواتریش (نێنەر) دەتوانێت کاردانەوەی ڕاستەوخۆی (وەرگر) بزانێ و خۆی لەگەڵ (وەرگر) بگونجێنێ. بەپێی پێویست ڕێژەی کاریگەریکردنە سەر (وەرگر) لەم زمانە ساناترە لە زمانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، چونکە (وەرگر) زیاتر بە قسەی ئەو کەسە رازی دەبێت کە پێوەندیی هاوڕێیەتی یان خزمایەتیی لەگەڵی هەیە، نەك بەقسەی نووسەرێك یا بێژەرێك کە نایناسی. هەرچەندە ئەم هۆی پێوەندیکردنە کۆنە، بەڵام تا ئێستاش لە پروپاگەندەدا بەکار دێت(١). هەموو ئەم هۆیانەی دەربڕینیش لە یەك خاڵدا بەیەك دەگەن کە شێوازە(٢).

### ١-١٠- سێگۆشەی ڕاگەیاندن:

راگەیاندن بریتییە لە پێشکێشکردنی هەواڵ و زانیاریی راست و دروست و چەسپاو کە یارمەتیدەر بێ بۆ پێکهێنانی بیروڕایەکی دروست لە واقیعێك یان کێشەیەك کە بابەتییانە بیر و خواستیان بۆ جەماوەر دەربڕێ(٣)، ڕاگەیاندن چەند بنەمایەکی هەیە: (نێنەر، وەرگر، کەناڵ)(٤).

- نێنەر: خاوەنی پەیامی ڕاگەیاندنە، جا حکوومەت بێت، کۆمپانیا بێت، کەس و کۆمەڵێك بێت.
- وەرگر: ئەو کەسەیە کە پەیامەکەی ئاراستە دەکرێت، تاك بێت یا کۆمەڵ.
- کەناڵ: ئەو هۆیەیە کە هەواڵەکەی پێ بڵاو دەکرێتەوە وەك (ڕۆژنامە، کۆوار، تەلەفزیۆن)

بواری هاوبەشی نێوان زمان و ڕاگەیاندن واتایە کە لە هەڵبژاردنی وشەوە دەستی پێ دەکرێت، لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەوە دەگەیەنن کە (وشە) لە ڕاگەیاندندا سێ ئەرکی هەیە:

١- وشە و ڕستەکان شتێك دەنوێنن.

---

(١) عبداللطيف حمزة: ١٩٦٨: ١١٣.

(٢) جان ماری كلينبرغ: ١٩٩٩: ٣٠.

(٣) آمال احمد يعقوب: ١٩٨٩: ٢٠٤.

(٤) عبداللطيف حمزة: ٧٦.

٢- (وەرگر) دەورووژێنێ و وەڵامێکی لا دروست دەکات.

٣- پەیوەندییەك لە نێوان (نێنەر و وەرگر) پێك دێنێ.

ئەم سێ بەکارهێنانەی وشە دەبنە یارمەتیدەر بۆ داڕشتنی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن[١] بەمەش سێگۆشەیەکی گەیاندن و ئاوێتە بوون لە نێوان (نێنەر، وەرگر، بابەت) دروست دەبێت:




**١-١٠-١- (نێنەر)**

نێنەر وشەکان هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی بابەتێك داڕێژێ دواتر کە دەگاتە (وەرگر) لێکی دەداتەوە بەمەش پێوەندییەك لە نێوانیاندا دروست دەبێت، جا کە (نێنەر) بابەتێك دەنووسێت بۆ ئەوەی شێوازێکی کاریگەری هەبێت، پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی دەروونناسی و خاڵی بە هێز و بێهێزی (وەرگر)ە[٢]، زۆر جار (نێنەر) ئەوەی بڵاوی دەکاتەوە دەربڕین لە خودی خۆی دەکات، لەگەڵ هەڵوێستی پێشینە و ئەو ئایدیۆلۆجیایەی کە هەڵی گرتووە. هەروەك (د. خلیل صابات) پرۆفیسۆری ڕاگەیاندن دەڵێت: «سۆز کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ڕاگەیاندنی عەرەبیمان»[٣] (نێنەر) کاریگەری زۆری هەیە لە پەیامی ڕاگەیاندن[٤] بۆ نموونە لە ڕاوەرگرتنێکدا کە لە نێوان(٥) کەسایەتیدا کرا وەك (کەسایەتیی رامیاری ، هونەرمەند، گۆرانیبێژ، وەرزشوان...) گۆرانیبێژەکە پلەی یەکەمی وەدەست هێنا، چونکە پێوەندییەکی سۆزاوی لە نێوان خۆی و جەماوەرەکەیدا هەبوو کە ناسراو بوو بە کاری چاکە و نیشتمانپەروەرانە و سەردانی نەخۆش و سەربازان، سەرەڕای ئەمەش ڕەوشتبەرز و ڕاستگۆ بوو، لە شەڕی دووەمی جیهانیدا لە ڕێگای ڕادیۆوە بانگەوازێکی کرد بۆ کڕینی سەنەدی پشتیوانیکردن لە شەڕکردن توانیی هاوولاتییانی ئەمریکی بورووژێنێ و ملیۆنەها دۆلار کۆ بکاتەوە لە ڕێگای چەند ڕستەیەکی کاریگەر کە

(١) عبدالستار جواد: ١٩٩٨: ٦٠.
(٢) عبدالرحمن عیسوی: ١٩٧٤:١٠.
(٣) صالح سلیمان: ١٩٩٤: ٢٦٧.
(٤) اوستن رانی: ١٩٨٦: ٢٢.

بە دەنگێکی ناسك و سۆزاوی دەیگوت «بەخشین بەچەند دۆلارێك، کەمترین بەخشینە بەرامبەر بەگیان بەخشینی سەربازەکان»[١]. شێوازی داڕشتنیش کاریگەریی زۆری هەیە بۆ سەر جەماوەر و بەدیهێنانی ئامانج، بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك «جۆن دێوی کوڕی دایك و باوکێکی هەژار بوو، بەڵام دەستپاکیش بوون» دەتوانرێ بە شێوازێکی کاریگەرتر دەببڕدرێ لە وێنەیەکی نووسیندا وەك (باوکی جۆن دێوی ناچار بوو پێڵاوەکانی بە کیفکی تفەنگەکەی بپێچێت، بۆ ئەوەی پێیەکانی لە شەختە و تەڕی بپارێزێ و گەرمیان بکاتەوە، هەرچەندە هەژاربوو، بەڵام ئاوی لە ماست نەدەکرد و بازرگانیی بە ئەسپی نەخۆش نەدەکرد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دایك و باوکی هەژار بوون، بەڵام دەستپاك بوون)[٢].

### ١-١٠-٢- بابەت

بابەتی ڕاگەیەنراو دەبێ پشت بە دواندنی بیری جەماوەر ببەستێت و تەعبیر لە ڕای گشتی بکات[٣] نەك بە هەست و سۆز، چونکە پشتبەستن بە هەست و سۆز، بابەت لە پڕوپاگەندە نزیك دەکاتەوە، پڕوپاگەندەش شێوازێکی کاریگەریکردنە سەر جەماوەر و کۆنترۆڵکردنی رەوشتییانە بۆ ئامانجێکی گومان لێکراو لە کاتێکی دیاریکراودا، لەگەڵ ئەوەش پڕوپاگەندە کاریگەرییەکی درێژخایەنی نییە بۆ گۆڕینی ئاراستە[٤] ئەو بابەتانەی کە (تابۆن) دەبێت (نێنەر) بڵاویان نەکاتەوە، چونکە ڕای گشتی دەورووژێنێ بۆ نموونە لە ساڵی (١٩٦٤) دەزگای ڕادیۆی سۆسیالیستی هۆڵەندا (VARA) مەسەلەی سنووردارکردنی خێزانی ورووژاند، ئەم باسە ڕووبەڕووی دژایەتییەکی توندی ڕادیۆی کاسۆلیك(K.R.O)بووەوە، چونکە لەم مەزهەبەدا حەرامە[٥].

### ١-١٠-٣- وەرگر

(وەرگر) هەردەم ئەو بابەتانە دەخوێنێتەوە کە پێداویستییەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونیی تێر دەکات و باس لە گرفتەکانی ڕۆژانەی دەکات، هەربۆیەش دەڵێن: «وەرگر، نێنەر ناچار دەکات چیی بۆ بنووسێ».

(١) عبدالرحمن عیسوی: ١٩٧٤: ٣٦.

(٢) دیل کارنجی: (د. ت): ١٨٣.

(٣) عواطف عبدالرحمن: ١٩٨٤: ٤٧.

(٤) صالح سلیمان: ١٩٩٤: ٢٥٧.

(٥) ابراهیم الداقوقی: ١٩٨٠: ٦٢.

# بەشی دووەم

## واتای كاریگەری

### ٢- واتای كاریگەری

وشە و ڕستەكان لە زماندا كاریگەرییەكی بەهێزیان هەیە و بۆ مەبەستی جیاجیا بە كار دەهێندرێن ، وەك ئەوەی لاوێك بەدوای چەند وشەیەكدا دەگەڕێ تاكو دڵی یارەكەی پێ خۆش بكات یا هەڵی بخەڵەتێنێ و مەلایەك خەڵكی پێ بورووژێنێ بۆ ڕووكردن لە چاكە و دووركەوتنەوە لە خراپە، سیاسەتمەدارێك بۆ كۆكردنەوەی جەماوەر و كاركردن لە ڕەوشت و بیریان بۆ بەدیهێانی مەرامەكان كە مرۆڤی سادەش هەستی پێ دەكات.

گرینگیدان بە لایەنی دەروونیی زمان، لە سەدەی نۆزدە و بیستدا پەرەی پێ درا لە لەلایەن زمانەوانانی وەك (گاردنەر، بولر، ئۆتۆ ئیرنست، كارینز،...[١] ئەمەش بووە ڕێخۆشكەرێك بۆ سەرهەڵدانی واتای كاریگەری لای (كرۆس، لیچ، ئۆڵمان...هتد) كە پێوەستە بەباری دەروونیی (نێنەر).

**(٢-١) پێناسەی واتای كاریگەری:**

واتا لەسەر (چوار) بنەما دامەزراوە و، (كاریگەری) یەكێك لەو بنەمایانەیە[٢].




(١) میلكا افتیش: ١٩٩٦: ١٣١.

(٢) نوالهدی لوشن: ١٩٩٥: ٤٨.

واتای کاریگەری، لەسەر بنچینەی هەست و سۆز بنیات دەنرێت[١] هەست و هەڵوێستی کەس دەردەخات بەرامبەر بە کەس شت رووداو، وشە و ....ڤز تر دەگۆڕێت[٢]، زۆر جاریش بەپێی تاقیکردنەوە و دەوروبەر گۆڕانی بەسەر دادێت[٣] بۆ نموونە وشەی (لیبرال) بەپێی فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) مرۆڤێکە ئارەزووی لە ڕیفۆرمی دیموکراتییە و مافی لابردنی هەیە، بەڵام لە ئەفریقیای باشوور و ئەمریکا مرۆڤێکە هانی ئەو هێزانە دەدات کە کۆمەڵگە بەرەو ڕووخان دەبەن، واتا رامیارییەکی ئاژاوەگێڕ و مەترسیدارە، لەوانەشە لای کەسێکی باڵی چەپی بەریتانی هیچ کاریگەرییەکی نەبێ[٤].

ڕێژەی واتای کاریگەری لە هەموو وشەیەکدا وەك یەك نییە[٥]. وشە هەیە واتای کاریگەریی تێدا زاڵترە بەسەر واتا هۆشەکییەکە، وشە هەیە هەر دوو واتای هۆشەکی و کاریگەری تا ڕادەیەك یەکسان دەوەستن. هەندێ وشەش هەن واتاکەیان کاریگەرییەکی کەمی هەیە وەك ئەم سێ وشەیە:



دار ئەمریکا فاشیست

ئەم سێ بازنەیەی سەرەوە بەشە ڕەنگکراوەکەی رادەی واتای کاریگەری دەنوێنێ لە وشەکان. واتای کاریگەری لە وشەی (فاشت) زیاترە لە واتا هۆشەکییەکە و لە وشەی (ئەمریکا) واتای کاریگەری و هۆشەکی تا ڕادەیەك بەرامبەرن، بەڵام لە وشەی (دار) واتای هۆشەکییەکە زاڵترە بەسەر واتا کاریگەرییەکە. واتای کاریگەری، بوارێکی فراوانە ئەگەر وەك (فندریس) بەدەمارگیری بۆی بچین ئەوا هەموو وشە و رستەیەك هەڵگری واتایەکی کاریگەرییە[٦] بۆ نموونە ڕستەیەکی وەك:

- *ڕۆژا هات بۆ زانکۆ.*

هەرچەندە ڕستەیەکی هەواڵ گەیاندنە، بەڵام دەتوانرێ بگوترێ واتای کاریگەری

---

(1) Hartm & Stork (N.D): 34

(٢) محمد علي الخولي: ١٩٩١: ١٣١.

(٣) محمد على ابوحمدة: ١٩٨١: ١٧٧.

(٤) محمود السعران: ١٩٦٢: ٣٢٠.

(5) Leach: 1924: 53

(٦) جورج فندريس: ١٩٥٠: ٣٥.

هەیە؛ چونکە ئەگەر کاریگەریی لەسەر (نێنەر) نەبووایە ئەوا نەدەگۆترا.

واتای کاریگەری، بە سێ شێوە دێتە بەرچاو[1]:

١-هەڵوێستی (نێنەر) دەربارەی ئەوشتەی لێی دەدوێ.

٢-هەڵوێستی (نێنەر) بەرامبەر (وەرگر).

٣-ئەو کاریگەرییەی کە (نێنەر)دەیەوێت دروستی بکات لە (وەرگر).

(جۆن لاینز) واتای کاریگەری لەسێ ئاستدا لێك دەداتەوە (سیمانتیك، پراگماتیك، شێواز)[2] جا هەروەك (گراهام هاڤ) دەڵێت: (شێواز ڕوویەکە لە ڕووەکانی واتا..[3] بۆیە لەم کارەدا لە هەردوو ئاستی (سیمانتیك و پراگماتیك) دا لێی دەکۆڵینەوە:

### ٢-٢- بنەماکانی پێوەست بە واتای کاریگەری:

زۆر وشەمان هەیە هەڵگری واتای کاریگەرییە وەك ئاوەڵناو و وشەکانی هەست دەربڕین وەك: (ئاخ، ئۆف، ئای..) ئەگەر نا، وشە لەخۆیەوە واتای کاریگەریی لێ کۆنابێتەوە و ئەم گۆڕانەش بەسەر هەموو وشەیەکدا نایەت بەڵکو هەندێ هۆکار هەن دەبنە هۆی ئەوەی کە وشە و دەربڕینەکان هەڵگری واتای کاریگەری بن وەك:

### ٢-٢-١- دووبارەبوونەوە:

ئەو وشانەی لە بۆنەی باش و خراپدا بەکار دەهێنرێن و زۆر دووبارە دەبنەوە و لەگەڵ یەکدا دێن. زیاتر بارگاوی تر دەبن بە هێزێکی دەروونی لە لایەن بەکارهێنەر و وشەکە هەستی کەسیی تێدا ڕەنگ دەداتەوە[4]، چونکە هەر کەسێ بەکاری دێنێت هێزێکی دەروونیی پێ دەبەخشێت و واتایەکی زیادە دەخاتە سەر واتا هۆشەکییەکە[5] بۆ نموونە وشەی (باوەژن) لەگەڵ دووبارەبوونەوە و بەیەکەوە هاتنی لەگەڵ وشەی (بێ بەزەیی) و (خوانەناسی) ئەوا بووەتە واتایەکی زیادە چووەتەسەر واتای (باوەژن)[6].

---

(١) شکر محمد عیاد: ١٩٨٨: ١٣٢.

(٢) جون لاینز: ١٩٨٧: ٣٥.

(٣) گراهم هاف: ١٩٨٥: ٢٣.

(٤) عزیز حنا داود و ناظم العبیدی: ١٩٩٠: ٢٦١

(5) Lyons: 1997: 449.

(٦) ئومێد مەسعوودی: ٢٠٠٢: ٥٠.

### ٢-٢-٢- وشە فرەواتا و هاوبێژەکان:

ئەو وشە فرەواتا و هاوبێژانەی کە یەکێ لە واتاکانیان (تابۆ) یان ورووژێنەر بێت ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی کە واتای کاریگەری هەڵگرێت و بەسەر واتا هۆشەکییەکە زاڵ بێت، بۆ نموونە وشەی (کەر) کە وشەیەکی هاوبێژە و هەڵگری دوو واتایە:

کەر ← پاشگر (ئیشکەر)

کەر ← کەر (گوێدرێژ)

(کەر)ی (پاشگر) سێبەری واتایی (کەر) ی (گوێدرێژ) ی وەرگرتووە، بەسەر واتا هۆشەکییەکەیدا زاڵە، بۆیە نرخێکی کەم دەداتە ئەو پاشگرە و هەندێ زمانەوان گۆڕییان بۆ(کار) یان هەندێکی تر گۆڕییان بۆ (زان) وەك: گۆڕینی وشەی (یاریکەر) بۆ (یاریزان).

### ٢-٢-٣- تاقیکردنەوە:

زۆر وشە بە تایبەتی ناوەکان هەڵگری واتای کاریگەری نین، بەڵام یادگاری و تاقیکردنەوە لەگەڵ ئەم وشانە وا دەکات هەڵگری واتای کاریگەری بێت. بۆ نموونە ناوێکی وەك (بورجی ئیڤل) بەبێ تاقیکردنەوە هیچ واتایەکی کاریگەری نییە، بەڵام لەوانەشە هەندێ کەس یادگاری تاڵ و شیرینیان لەگەڵ ئەم بورجە هەبێت. ئەوەی نەشی دیبێ لای ئاساییە[1] هەروەها وشەیەکی وەك (ئەنفال) لەبەرئەوەی کورد تاقیکردنەوەیەکی خراپی لەگەڵ ئەم وشەیەدا هەیە ئەوا بووەتە هۆی ئەوەی ئەو وشەیە هەڵگری کاریگەریی خراپ بێت.

### ٢-٢-٤- ناونـــان:

بیروباوەڕ و بیرکردنەوە لە (ناونان) ڕەنگ دەداتەوە[2] چونکە کاتێ مرۆڤ ناو لە شتێ یان کەسێك یان ڕووداوێك دەنێت، چۆنی دەبینێت ئاوا ناوی لێ دەنێت . بۆ نموونە ناوەکانی وەك: (چەتە، چەکدار، تیرۆریست، ئاژاوەگێر، خەباتکار، بەرگریکەر،...) زادەی هەست و سۆزی (نێنەر)ن.

---

(١) نور الهدى لوشن: ١٩٩٥: ٩٩.

(٢) محمد فاروق عمر: ١٩٩٥: ١٦٢.

**٢-٢-٥- هێز و ئاواز و ئەندازەی دەنگ:**

هێز و ئاواز و خێرایی قسەکردن هۆکارێکن بۆ هەڵگریی واتای کاریگەری[١] بۆ نموونە ئەگەر هێزی بە مەبەست (هێزی بەرامبەری) لەسەر هەر وشەیەك بێت، ئەوا بۆ ئەوەیە کە (وەرگر) بۆچوونێك وەربگرێ لەسەر (نێنەر) وەك:

- *ئالاَ کتێبەکەی دڕاند*

ئەگەر هێز لەسەر وشەی (ئالا) بێت ئەوا لە بۆچوونی (نێنەر)ەوە (کەس)ەکە. گرینگە و بایەخ بەم دەدات وە ئەگەر لەسەر وشەی (کتێب) بێت ئەوا (کتێب)ەکەی لاگرینگەو. ئەگەر لەسەر وشەی (دڕاند) بێت ئەوا (کار)ەکەی لا گرینگە ، جۆرێکی تر لە هێزی بە مەبەست هەیە کە بۆ لاساییکردنەوەی کەس بەمەبەستی گاڵتەکردن بەکار دێت[٢] وەك:

- *ئەمرۆ نەت خۆندییە؟*

هەندێ جار (هێز)، واتاکان پێچەوانە دەکاتەوە، بۆ نموونە لە ڕستەی: (تۆ ئازایت)دا ئەگەر هێز لەسەر وشەی (ئازا) بێت (وەرگر) وا هەست دەکات تۆ گاڵتەی پێ دەکەیت[٣] ئەم جۆرە رستەیە بە ئاوازەیەکی (کەوت) دەست پێ دەکات و لەسەر وشەی (هێز)دار بەرز دەبێتەوە و دواتریش نزم دەبێتەوە. وەك:




ئاوازەی بەرز کە لەگەڵ ڕستەی سەرسوڕمان و هەڵچووندا بەکار دێت. کاریگەری دەگەیەنێ[٤]. وەك:




ئەندازەی دەنگ بەهەمان شێوە. کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ وورووژاندنی هەستی (وەرگر) بەهاوکاریی واتا[٥].

---

(1) Leach: 18: 1924.

(٢) پیر جیرۆ: ١٩٥٧: ٣٣.

(٣) رشید عبدالرحمن العبیدی: ٢٠٠٣: ١٧٦.

(٤) محمد علی الخولی: ١٩٨٧: ١٧٠. هەروەها بڕوانە: Martinet: 1964:77

(٥) جوزیف شریم: ١٩٩٤: ١١٨.




هەر ئەمەش وای لە شاعیران کردووە، گرینگی بدەن بە دەنگ و ترپەی مۆسیقای وشە و دووبارەبوونەوەی دەنگ. کە جۆرە هەست و سۆزێکی دەروونی دەبەخشێ، چونکە سەروا بەدەنگە هاوبەشەکانی بیر بۆ مانای وشەکان دەبەن، بەمەش هەست و سۆزی دێرەکان لە سەروادا خەست دەبێتەوە. بەتایبەتی لە خوێندنەوەی بە دەنگ کە پێداگرتنی تێدایە لەسەر هەڵکشان و داکشانی ئاوازەکە و نیشتنەوەی لەسەر دەنگە هاوبەشەکانی دواوە، لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا سەروا هێلێکی وەهمی و ئەندێشەیی دروست دەکات و خرۆشانی دەروونیی هەردوو لا(شاعیر و خوێنەر) لەسەر ئەو هێلە وەهمیەدا یەك دەگرنەوە(١).

وەك:- ئەی کچە مەنگەکەی بەدەنگی چپــەودوو

گەندەمووی دەموچاو هی مەچەك هەڵنەگرتـوو

**٢-٢-٦- ڕێکخستنی ڕستە:**

جوولانەوەی وشە لە چوارچێوەی ڕستە و ئاڵگۆڕکردنی شوێنی وشەکان وا دەکات وشە جۆرە واتایەك لە خۆی کۆبکاتەوە(٢).

وەك: ١- هاتن شەهیدەکان بە جلی سووری خوێنینەوە.

٢- شەهیدەکان هاتن بە جلی سووری خوێنینەوە.

لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا لای (نێنەر)ی ڕستەی یەکەم (هاتن) بە لووتکە کراوە واتە هاتنی شەهیدەکان گرینگە و لای (نێنەر)ی ڕستەی دووەمیش (شەهید)ەکان گرینگە.

**٢-٢-٧- لادان:**

هۆکارێکی ترە بۆ واتای کاریگەری هەرچەندە لادان بە هێزتر بێ ئەوا کاریگەری بەهێز تر

(١) عەزیز گەردی: ١٩٩٩: ٣٩.

(٢) غالب المطلبی: ١٩٨٦: ٨٨.

دەبیٚ[١]. لادانی واتایی بەزۆری لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی وەك لێکچواندن و خوازە و خواستن و درکە،... هتد کە لادانە لە یاسای زمان[٢]. بۆ نموونە لێکچواندنی (یار) بە (گوڵ) هەستی بەهێزی کەسەکە دەگەیەنێت و واتایەکی زیادەی خستووەتە سەر واتای (گوڵ).

**٢-٢-٨- دەوروبەر:**

وشە یا ڕستە، کاتیٚ بە دەوروبەر ببەستینەوە ئەوا وشە و ڕستەکان واتای فەرهەنگیی خۆیان ون دەکەن و بەپێی دەوروبەر واتای خۆیان وەردەگرن.

وەك: پەرتووکە سوورەکەی سەر ئەم مێزەم بۆ بێنە.

ئەم ڕستەیە لە ڕواڵەتەدا ڕستەیەکی داخوازییە و هیچ واتایەکی کاریگەری نییە، بەڵام کە خستمانە دەوروبەر لەوانەیە واتای کاریگەر، هەبێت، بۆ نموونە ئەگەر یەکێك بە هاورێیەکی بڵێت ئەو هاورێیەش سیخور بێت و مایکرۆفیلمێکی لەناو پەرتووکەکە حەشار دابێت ئەوا بێگومان کاریگەریی زۆری لەسەر (وەرگر)دەبیٚ و پێی دەشلەژیٚ، چونکە ئاشکرا دەبیٚ[٣].

**٢-٣- جۆرەکانی واتای کاریگەری:**

واتای کاریگەری ڕەنگدانەوەی باری دەروونیی (نێنەرە)، بەڵام زۆر لە تاقیکردنەوەکان و زانیارییەکان (نێنەر)ان تێییدا هاوبەشن، و هەندیٚ جار سنووری کۆمەڵگە دەبەزێنیٚ و نەتەوە و تا ڕادەیەك کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، ئەگەر لە شارستانیەتدا هاوبەش بن[٤] یان لە تەمەن و ڕەگەز وەك یەك بن و هەندیٚ جاریش تایبەتن بە کەس[٥].

---

(١) مازن الوعر: ١٩٩٤: ١٥٨.

(٢) جان کوهین: ١٩٨٦: ٦٦.

(3) Coper: 1973:57.

(4) Jack. Richards (etal): 1983:57

(5)Crystal: 1991:58.




کەواتە زمان دوو لایەنی هەیە (تاکی و کۆمەڵایەتی)، تەسەوری هەریەکەشیان ناکرێ بێ ئەوی تر[١] هەر بۆیەش دوو جۆرە واتای کاریگەری، سەر هەڵدەدات:

### ٢-٣- ١- واتای کاریگەریی کۆمەڵایەتی:

ئەم جۆرە واتایە بەشێکی زۆری جەماوەری (نێنەر) بەشدارن لە ڕەنگدانەوەی واتای کاریگەرییەکانی ئەم جۆرە واتایە کە پێوەستە بە تاقیکردنەوەی (نێنەر)ان و تا رادەیەکیش ڕێکەتنی کۆمەڵی لەسەرە و لە سنووری کۆمەڵگە یان نەتەوە کار دەکات[٢]، بۆ نموونە شوومیی ژمارە (سێزدە).

### ٢-٣-٢- واتای کاریگەریی خودی:

مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەردەوام ڕووبەڕووی زۆر وشە و دەستەواژە دەبێتەوە کە هەندێ جار پێی خۆشە و هەندێ جاریش پێی ناخۆشە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕەنگدانەوەی کە وشە کە هەیەتی لەبەر هۆی کەسی.(مگدوگل) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ژیانی مرۆڤ و ڕەوشتی ئاوێتەی تۆڕێکی هەستییە بەرامبەر بە خودی خۆی و کەسانی

---

(١) یوسف غازی: ١٩٨٤: ٢٠.

(٢) جوزیف شریم: ١٩٨٢: ٧٢.

تر و شت و شوێن و یان بیرێك كە گوێی لێ بووە یان خوێندوویەتی هەر بۆیەش لێكدانەوە و دەربڕینی جیاواز دروست دەبێت[١].

واتای كاریگەری ناكەوێتە بە (ڕاستی و ناڕاستی)، چونكە بۆچوونێكی كەسییە و مەرج نییە ڕێككەوتنی كەسانێكی تری لەسەر بێ، بۆ نموونە:

- *پەنا لە ئاڵا زیرەكترە*

لەوانەیە لای مامۆستایەكی تر (ئاڵا) زیرەكتر بێت، كەواتە واتای كاریگەریی خودی، واتایەكە پێوەستە بە باری دەروونیی كەسی (نێنەر)، ئەم جۆرە واتایە گرینگییەكی زۆری لە بواری لێكۆڵینەوە دەروونییەكاندا هەیە، كاتێك وەك (ورووژێنەر)ێك بەكار دەهێنرێت بۆ زانینی هەست و هەڵوێستی (وەرگر) یان بۆ دیار خستنی تاوان.

## **٢-٤- پلەكانی واتای كاریگەری**

واتای كاریگەری بەپێ یكەس و تاقیكردنەوەی دەگۆڕێت، بۆیە ئەم جۆرە واتایە پلەدار دەبێت. ئەوەبوو (ئۆزگۆد وتانینبام) لە ساڵی (**١٩٥٧**)لە كتێبەكەیاندا (پێوانی واتا) حەوت پلەیان لەنێوان وشە دژواتاكان دانا، بەم شێوەیەی خوارەوە[٢]:

| ٣ | ٢ | ١ | ٠ | ١ | ٢ | ٣ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| (یەكجار) | (زۆر) | (كەم) | (نەباش، نەخراپ) | (كەم) | (زۆر) | (یەكجار) |
| باش | باش | باش | | خراپ | خراپ | خراپ |

ئەمە ڕێگەی خۆش كرد بۆ توێژەران كە پێوانەی واتای كاریگەری بكەن لای كەسەكان و لە بوارە جیاوازەكانی دەروونی وەك: (ئاراستە، گەیاندن زمانەوانی، جوانكاری، ڕاگەیاندن، كەسایەتی، چارەسەری دەروونی.... هتد)

## **٢-٥- واتای كاریگەریی سیمانتیكی:**

واتای كاریگەری، لەم ئاستەدا لە مۆرفیم و وشە و پێوەندیی وشەكان لە سنووری ڕستەدا دێتە ئاراوە كە بە ڕاستەوخۆی دەردەبڕێ، كە لە هەردووئاستی (وشەسازی و ڕستەسازی)دا باسی لێوە دەكرێ:

---

(١) م.م. لویس: ١٩٥٩: ١١٣

(٢) احمد مختار عمر: ١٩٨٢:٤٤.

### ٢-٥-١- ئاستی وشەسازی

ئەو فۆرمانەی کە پێوەندییان بە واتای کارگەرییەوە هەیە لەم ئاستەدا بریتین لە:

**١- گیرەك و نووسەك:**

گیرەکەکان جگە لە ئەرکە ڕێزمانییەکانیان، هەندێکیان واتای کاریگەریی بەهێزیان هەیە،(فندریس) ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: گیرەکەکان ئاماژە بە ڕەنگدانەوەی ئەو وشانە دەکەن کە پێیانەوە دەلکێن[١]. (ئۆڵمان) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێت: (پاشگری (ism) ڕەنگدانەوەی خراپی هەیە[٢]. واتا کاریگەرییەکەی زیاترە لە واتا هۆشەکییەکەی و هۆیەك نییە بۆ گواستنەوەی بیر، بەڵکو هۆیەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سیاسەتمەداران و کاریگەریی گشتی؛ چونکە بەشداری لە هەندێ وشەی وەك (فاشیزم، زانیۆ نیزم....) دەکات.

زمانی کوردی لەم دیاردانەوە بێبەش نییە و نموونەی زۆرمان لە پێشگر و پاشگر هەیە، کە هەڵگری واتای کارگەرین، بۆ نموونە ئەو پاشگرانەی کە ناویان پێ بچووك دەکرێتەوە وەك(لە، یلە ۆلە ۆچگە،....)[٣] کە بۆ خۆشەویستی یان کەمکردنەوەی نرخ بەکار دەهێنرێن وەك(هەمینۆك، شێرۆ، کیژۆکە...) یان ئەو پێشگر و پاشگرانەی بەشداری داڕشتنی ئاوەڵناوەکان دەکەن، بەشێکی زۆری واتای کاریگەرییەکە هەڵدەگرن، بە تایبەتی ئەو ئاوەڵناوانەی لە ناوەوە دادەڕێژرێن وەك (ورگن، خەمناك، زێڕین،....)، هەندێك پێشگر کاریگەریی باش دەردەخەن وەك (ڕێك، هاو) کە هەندێ وشەی وەك: (هاوڕێ، هاوژین، هاوخەم) (ڕێککەوتن، ڕێکخستن، ڕێکبوون) دادەرێژن، هەشەن کاریگەری خراپ دەنوێنن وەك (نا،تێك) کە هەندێ وشەی وەك: (ناپاك، ناپیاو، نارەسەن) (تێکشکان، تێکچوون، تێکبەردان...)، پاشگریی (باز، دەر) بەشداریی هەندی وشەی ورووژێنەر دەکات کە کاریگەریی خراپیان هەیە وەك: (مێباز، چاوباز، فێڵباز) پاشگری (دەر)یش بەشداریی داڕشتنی هەندێ جوێن و توانج دەکات، کە سێکسی و تابۆن. ئەوپاشگرانەی واتای پیشەش دروست دەکەن وەك (چی، چێتی، وان، بەند، کەر..) کاریگەریی خراپ دەنوێنن:

---

(١) جورج فندريس: ١٩٥٠:١٨٦.

(٢) ستيڤن اولمان: ١٩٧٥:٩٢.

(٣) نوري علي امين: ١٩٥٨:١٣.

وەك (تەنەكچی، زبڵچی، ئاشەوان، كارەكەر، ناڵبەند،......)[١] ئەو پاشگرانەی وەك مۆرفێمی ڕەگەز خۆیان دەنوێنن لە كاتی بانگكردندا وەك(ە) بۆ نێرە (ێ) بۆ مێ وەك لە وشەی (كورە، كچێ) ئەوا واتای كارگەری خراپی دەبێ و مرۆڤ دەوروژێنێت[٢]. چونكە بانگكردنی رووت جۆرە نزمییەك دەداتە كەسەكە.

(نووسەك)ەكان بە هەمان شێوە هەندێكیان هەڵگری واتای كاریگەرین. هەروەك راناوە لكاوەكانی دەستەی خاوەنیەتی، وەك (كوڕم، كچت، ...) كە هەست و كاریگەری دەبەخشن.

### ٢– ئامرازەكان:

ئامرازەكان هەڵگری واتای كاریگەرین بە تایبەتی ئەوانەی كە بەشداری لە داڕشتنی ڕستەی سەرسوڕمان[٣]. هەست و ئارەزووی (نێنەر) دەردەخەن وەك:

(ئۆخەی، ئاها، وەهـ، بەهبەهـ، ئای ئای، ئەلێ،..)بۆ سەرسوڕمان

(ئاخ، ئۆف، وەی، ئۆخ، داد، ئەمان، وەیڕۆ، هەیڕۆ، پەكوو....) بۆ پەژارە و ئازار دەربڕین.

(ئەرێ، ئەی، هۆی، هاوار، ئەها....) بۆ سەرنج راكێشان و بانگكردن[٤].

(شیڕ، ترحێو، دۆیها، حەی، هۆیها،...) بۆ تەوس و گاڵتە پێ كردن.

### ٣–ناو:

هەندێ جۆری ناو پێوەندییان بە واتای كاریگەرییەوە هەیە، بەتایبەتیش ئەو ناوانەی كە گەشبینی و ڕەشبینی دەگەیەنیێ، یان ئەو ناوانەی كە كەس و كۆمەڵگە، ئەزموونێكیان لەگەڵیان هەیە، هەندێك لەم ناوانە هەڵگری هەڵویستن و نرخیكی دیاریكراویان هەیە[٥].

بۆ نموونە ناوە ئاینییەكانی وەك (محەمەد، عەلی، عومەر........) ناوی شۆڕشگێڕان و تێكۆشەرانی وەك (سەلاحەدین ئەیوبی، غاندی،....) بە گوێرەی ئێمەی كوردیش (شێخ مەحموود، قازی محەمەد و بارزانی..) كاریگەریی باشیان هەیە، هەندێ ناویش هەن

---

(١) واتای كاریگەری لەم جۆرە وشانە بەپێی پیشە دەگۆڕێت. بەڵام بە شێوەیەكی گشتی بەنزمی سەیر دەكرێت

(٢) نوری علی امین: ١٩٥٨:٨.

(3) Leach:1924:18.

(٤) كوردستان موكریانی: ١٩٨٦:٦٧.

(٥) حاكم ملك: ١٩٨٠:٣١٤.

کاریگەری خراپیان هەیە وەك (هیتلەر، میلۆسۆڤیچ،...) بە گوێرەی ئێمەی کوردیش (سەدام، عەلی کیمیاوی..) ناوە گشتییەکانیش بەهەمان شێوە بۆ نموونە (مزگەوت، مەلا، گوڵ، پەپوولە، پەڕەسێلکە...) کاریگەریی باشیان هەیە، و(سەگ، کەر، مار،...) کاریگەریی خراپیان هەیە، ناوە واتاییەکانی وەك (سەربەستی و یەکسانی، ئازایی...) کارگەریی باشیان هەیە کەچی هەندێکی وەك (ترس، شەڕ، تەقینەوە،...) کاریگەریی خراپیان هەیە.

ناوی بکەر و بەرکاریش بەهەمان شێوە هەڵگری واتای کاریگەرین وەك (بکوژ، بخۆر...) و (سووتاو، کوژراو.......) جگە لەمانەش، کاتێ کەس و کۆمەڵگە (ناو) لە یەکێك یان کۆمەڵەیەك دەنێن، ئەوا زیاتر هەڵگری واتای کارگەری دەبێ، وەك: (پێشمەرگە، جاش، تیرۆریست) کە بەپێی دەوروبەر دەگۆڕێت لەوانەشە پێچەوانە بێتەوە (تیرۆریست) لای کەسێکی تر شۆڕشگێڕ بێت، جگە لەمەش هەندێ ناووناتۆرەی تر کە وەك دیارخەر، بۆ دەرخستنی ڕق و کینە لە هەندێ کەس دەنرێن، هەڵگری واتای کاریگەرین وەك: (خولەی بەرتاش، عوسمان مێشۆ، حەمەی کەرزل...).

**٤- ئاوەڵناو:**

مرۆڤ زۆربەی نرخاندن و هەستەکانی خۆی ڕاستەوخۆ بە ئاوەڵناو دەردەبڕێ. کە وەسفی بارودۆخ و کەس و شت دەکات، (نێنەر) لە ڕێگەیانەوە هەست و هەڵوێستی خۆی پێ دەردەبرێ[١]) واتای کاریگەری لە ئاوەڵناو و بەپێی جۆریان دەگۆڕێت، بەپێی لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان سێ جۆرە ئاوەڵناو لە زمانی کوردیدا هەیە[٢]:

١- ئاوەڵناوی بارستایی:

ئەم جۆرە ئاوەڵناوە جووت جووت دەوەستن و پلە هەیە لە نێوانیاندا و لە پرسیاردا بێ لایەنن وەك (گەورە، بچووك، درێژ، کورت).

٢-ئاوەڵناوی ڕەنگ:

کە پێك هاتووە لە کۆمەڵێك ڕەنگ لە دەوری چەقێکدا کۆدەبنەوە و بوارێکی واتایی پێك دێنن و ئەندامەکانیش لە نێوان خۆیاندا جیاوازن، ڕەنگ واتای کاریگەریی هەیە و

---

(1) Leach:1924:18.

(٢) محمد معروف فتاح: ١٩٩٠:٨٢.

توانای ئەوەشی هەیە کەسایەتیی مرۆڤ دەربخات[1]. ئەمەش واتای کاریگەریی هەندێ لەو ڕەنگانەیە لە زمانی کوردیدا :

زەرد: ئاگەداری، دروشمی (پ.د.ك).

سەوز: ژیانەوە، دروشمی (ی.ن.ك).

شین: دروشمی بەرەی تورکمانی.

ڕەش: ناخۆشی، تازیەباری.تاوان.

سپی: پاکی، ئاشتی، دروشمی ئیسلامی.

مۆر: ناخۆشی، دروشمی بزووتنەوەی ئاشووری.

سوور: ترسناکی، دروشمی (ح.ش).

خاکی: ترسناکی[2].

### ٣- ئاوەڵناوی ڕواڵەت:

ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە تایبەتی کەس و شت دەردەخەن، هەندێکیان جووت جووت دەوەستن وەك (گران، هەرزان،..)، هەندێکیان بە تاك دێن وەك: (ئازا، بە جەرگ، نەبەرد،..) گرێیان دەدات وەك (چاك، باش)، هەندێکی تر دژواتایی گرێیان دەدات وەك (تاڵ، شیرین) ئەم جۆرە ئاوەڵناوانە هەڵگری واتای کاریگەریی بەهێزن، ئەو دیارخەرانەی کە وەك ئاوەڵناو کار دەکەن بەهەمان شێوە هەڵگری واتای کاریگەرین.

وەك: - ماڵەکە بەجامێکی (فافۆن) ئاویان دامێ.

- کچەکە گوارەیەکی (زێر)ی کڕی

دیسان کاتێ ئاوەڵناوەکان پلە وەردەگرن بە (تر، ترین) ئەوا کاریگەرییان زیاتر دەبێ وەك: باشتر، باشترین.

ڕادەش هێزی کاریگەریی ئاوەڵناو زیاتر دەکات[3] . وەك (هەموو، یەکجار، گشت، فرە،

---

(١) احمد مختار عمر: ١٩٨٢:١٨٣.

(٢) ئەم ڕەنگە کاریگەریی زۆری هەیە؛ چونکە ڕەنگی سەربازی بووە و کوردیش ئەزموونێکی تاڵی لەگەڵ سەربازانی ڕژێم هەبووە.

(٣) یوسف شریف سعید: ١٩٩:١٢٥.

زۆر،....) چونکە ئاوەڵناوەکە بەرز دەکاتەوە.

وەك: – کچێکی جوانی خواست.

– کچێکی زۆر جوانی خواست.

– کچێکی یەکجار جوانی خواست.

**٥–ئاوەڵکار:**

ئەو بەشە ئاخاوتنەیە کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەکارەوە هەیە و وەسفی کات و شوێن و چۆنیەتی ڕوودان و ڕوونەدان ...ی دەردەخات[١] کە پێوەندیی بە واتای کاریگەرییەوە هەیە[٢]. لەمانەش:

١–ئاوەڵکاری شێوە:

جۆر و جێبەجێبوونی کارێك نیشان دەدات کە دەشێ لە ڕێگەی لێکچواندنەوە دیاری بکرێ وەك : (شێرانە، پیاوانە،....... وەك گوڵ، وەك سەگ..) کە تەزووی هەستی (نێنەر) دەرەبڕێ. وەك: شارەکەی (وەك گوڵ) ڕازاندبووەوە.

٢–ئاوەڵکاری چۆنیەتی:

باس لە چۆنیەتیی ڕوودانی کارەکە دەکاتە وەك: (خێرا، باش، بەگورج،...)

وەك: کچەکە (بەگورج) دەڕۆیشت.

٣–ئاوەڵکاری هۆ و مەبەست:

ئەم جۆرە وەك گرێبەند کار دەکات، هەڵگری واتای کاریگەرییە، چونکە بۆچوونی لێکدانەوەی مرۆڤ و هۆی ڕوودانی کارەکە دەردەخات. وەك: (لە بێ ئەقڵی، لە ترسا، بە ئەنقەست، بەخۆڕایی...) وەك: منداڵەکە (لە ترسا) هەڵات.

ئاوەڵکار وەك ئاوەڵناو کە ڕادەی دەچێتە سەر کاریگەرییەکەی زیاتر دەبێت.

وەك: حەمە (نەختێ) درەنگ هات.

---

(١) صادق بهاءالدین: ١٩٨٧:٤٠٦.

(2) Cruse: 1991:273.

### ٦- ژمارە:

ئەو کۆمەڵە وشەیەیە کە ئەرکی ڕووتی ناوی ژمارە یان چەندێتی یان کەرتێکی شتی دیاریکراو یان پلەی شتێك لە ڕێزدا دەگەیەنن. کە خاوەنی خاسیەتی واتای ژمارەیە واتە بە تەنیا یان ژمارەی شتێك. ژمارە بەپێی تاقیکردنەوەی کەس و کۆمەڵگە بێ بەش نییە لە واتای کاریگەری، بۆ نموونە ژمارەیەکی وەك (١٣)[١]. شوومی و ڕەشبینی دەگەیەنێ و لە کاتی ژماردن دا بەسەریدا بازدەدەن و بە (زیادە) ناوی دەبەین. ژمارە (١) جۆرە پیرۆزییەکی وەرگرتووە، چونکە سیفاتی خوایە و لە پلەشدا نرخێکی باشی هەیە و بەشداریی هەندێ وشەی پەسند دەکات وەك (یەکبوون، یەك قسە، یەك ڕێباز،...) ژمارەی (٢) تا ڕادەیەك کاریگەریی خراپی هەیە، چونکە بەشداریی هەندێ وشەی ناپەسند دەکات وەك: (دوو زمان، دوو ڕوو، دوو بەرەکی،...)

### ٧- کار:

دەربڕینە بۆ ڕوودانی کارێك لە کات و شوێنێکی تایبەتیدا. بەپێی لێکۆڵینەوەکان چوار جۆرە کار هەن[١].

١- کاری ڕووداو:

ئەم جۆرە کارە جووڵەی تێدایە و خۆکردە لە ژێرکاریگەریی بکەردایە، تێپەڕن بکەرەکەی دەبێت (کارا) بێت و دەستی هەبێت لە ڕوودانی کارەکە[٢]. وەك (ئاگرتێبەردان، دڵپیسکردن ،...)ئەم جۆرە کارانە بە یارمەتی کاری بە تاڵی یاریدەدەری (کرد)، دروست دەبێت کە خۆی کارێکی ورووژێنەرە یان ئەو کارانەی لە بری بەکار دێن (گرت، خوارد، ڕا، برد...) وەك (سوێندخواردن، لەباوەش گرتن، ڕەنجی دا، خولی خوارد..) کە هەڵگری واتای کاریگەرین:

٢- کاری بارگەیەن:

ئەم جۆرە کارە جووڵەی تێدابێت یان نەبێت. ئەوا خۆ نەکردە و لە ژێر دەسەڵاتی بکەر دا نییە و لە دوو لەت پێك هاتووە بە زۆری ئاوەڵناو یان ئاوەڵکارە، ناوی بکەر، ناوی

---

(١) محمد معروف فتاح: وانەکانی خوێندنی باڵا (دوکتۆرا)ی زمان. کۆرسی یەکەم، (٢٠٠٠ – ٢٠٠١)

(٢) محمد معروف فتاح: ٤٨:١٩٨٩.

بەرکار، چاوگ....) لەتەکەی تری کارێکی داڕێژراوە بەتایبەتی کاری (بوون) وەك: (لاوازبوون، بێ هێزبوون، نەخۆشکەوتن. زەردهەڵگەڕان سپی چوونەوە...)[١].

٣-کاری ڕەوشتی:

ئەم جۆرە کارە پێوەندی بە دەروون و هەست و پەیبردن و بیرکردنەوە هەیە و ڕوودانی تێ ناکەوێ وەك:

- من *ڕقم لە* *ریاییە*.
- ئەو *حەزی لە قسەیە*.

٣-کاری دەروونی:

ئەم جۆرە وەسفی ڕووداوێکی فیزیکی دەکات کە جووڵەی تێدایە و ڕووداوەکەش بەسەر کەسدا تێ ناپەڕێ وەك:

- *منداڵەکە گریا*.
- گورگەکە *لووراندی*.

### ٢-٥-٢- ئاستی ڕستەسازی

لەم ئاستەدا واتای کاریگەری بەندە بە هەڵبژاردنی وشەکان و ڕیزکردنیان[٢] کە تێدا (نێنەر) وشەکان هەڵدەبژێرێ و پاشەوپێشیان دەکات بەگوێرەی ویست و ئارەزووی خۆی هەستی تێدا ڕەنگ دەداتەوە. ڕستە، گەورەترین دانەی ڕێزمانییە، لە شیکردنەوەی ڕێزماندا[٣] واتای ڕستە بریتییە لە(کۆی واتای وشەکان+کاری گەریرێزمانی)[٤] وشە کاتێ لە ڕستەدا بەکار دێت واتاکەی سنووردار دەبێت و واتا لاوەکییەکانی ون دەکات و جارێکی تر بەواتای وشەکانی پێش و پاش خۆی بارگاوی دەبێتەوە بۆ ئەوەی لەگەڵیان بگونجێ. وشە لە کاتی بەکارهێنانی لە ڕستەدا، دەکەوێتە بەر دوو کۆت: (پەسندی ڕێزمان، پسەندی واتا)[٥]، کە بە دوو جۆرە پێوەندی لە ڕستەدا ڕێز دەبن:

---

(١) محەمەد مەعروف فەتاح: ١٩٨٩:٥١

(٢) جۆرج فندریس:١٩٥٠:١٨٦.

(3) Lyons:1977:172.

(٤) میشیل زکریا: ١٩٨٥:٣٠.

(٥) جون لاینز: ١٩٦٨:٣٩.

١– پێوەندیی ئاسۆیی (بریتییە لە گونجانی وشەکان لەگەڵ یەکتر).

٢– پێوەندیی ستوونی (بریتییە لە پێوەند گۆڕینەوەی وشەکانی لە ناو ڕستە، بە وشەی هاوئەرك. ڕستە لە ڕێگەی چەند هۆکارێکەوە، هەڵگری واتای کاریگەری دەبێت. وەك:

**١– هەڵبژاردنی وشە:**

کاتێ لە ئاستی ستوونیدا وشەیەك دەگۆڕین ئەوا ئەو واتایەی کە لە دەوری خۆی کۆی دەکاتەوە زیاتر یا کەمتر دەبێ بۆ نموونە کارێکی وەك (دزی) تا ڕادەیەك مرۆڤ دەورووژێنێ بەڵام کاتێ (بکەر) یان (بەرکار) دەگۆڕێت، ئەوا کاریگەری دەگۆڕێ وەك:

| | |
|---|---|
| *باوکت* | *زێڕ* |
| *کوڕەکە* | *شقاتە کەی دزی* |
| *مناڵەکەت* | *دۆلار* |
| *هاورێکەت* | *قەڵەم* |

واتای کاریگەری لەم رستانەی سەرەوە، بەپێی دووری و نزیکیی دزەکان لە (وەرگر) و نرخی شتەکان دەگۆڕێن، دیسان هەڵبژاردنی وشە هاواتاکان. بۆ ناونانی کەسێك یان ڕووداوێك هەستی (نێنەر) دەردەخات[١]:

وەك: *تۆ (............)ی.*

*چەکدار*

*چەتە*

*تیرۆرست*

*جاش*

*.... هتد.*

هەڵبژاردنی هەریەك لەم وشانە بۆ کەسێك. کاریگەریی جیایە لەبەر بەرزی و نزمیی ڕێژەی هەست لەم وشانەدا.

(١) بدراوی زهران: ١٩٨٢:٨. هەروەها بڕوانە: صلاح فضل: ١٩٨٥:١١٠

## ٢- ڕێزكردنی كەرستەكان:

ڕێزكردنی كەرستەكان لە ناو یەك رستەدا كاریگەریی دەروونی (نێنەر) نیشان دەدات سەرەتا لە ژێر باری دەروونی زانیاریی گشتی دەردەپەڕێنێ و دەیەوێت بیكات بە باس بۆ هەموو ئەو واتایانەی كە بەدوایەوە دێت، هۆی دەرپەڕینی زانیارییەكەش پێوەندیی بەو نەخشەوە هەیە كە (نینەر) لە مێشكی خۆیدا بۆ ناردنی نامەكە ئامادەی كردووە[1] وەك:

١-پەرتووكێكی باش بۆ كاوە هات.

٢- كاوە پەرتووكێكی باشی بۆ هات.

هەرچەندە هەردوو رستەكە یەك بیر دەردەبڕن، بەڵام لە هەستدا جیاوازن، چونكە (نێنەر) ئەو ڕۆنانەی ڕێزمانییەی هەڵبژاردووە و بەباشتری دەزانێ بۆ گەیاندنی مەبەست و وروژاندنی بەرامبەر[2].

## ٣- جۆری ڕستەكان:

واتای كاریگەریی رستە لە زۆر بۆنە جیاجیاكاندا بەڕاستەوخۆیی دەردەبڕدرێت، وەك ئەو ڕستانەی كە بۆ ستایش و پیاهەڵدان و جوێندان... بەكار دەهێنرێن. سادەترین واتای كاریگەری لەو گوتنانەدایە كە سەرسوڕمانان تێدایە[3].

وەك: *خالق چەندە جوانە!*

كە دوو ڕاستی دەگەیەنێ: (جوانیی خوا + سەرسامبوونی نێنەر)

ئەو ڕستانەی بۆ پیاهەڵدانی بەكار دێت وەك (باش، بەرز، جوان،...) یان ئەوانەی بۆ جوێندان بەكار دێن هەست و سۆز بە دوو شێوە دەگەیەنن:

هەستی باش وەك: (خوایە چۆن دایكێكە!).

هەستی خراپ وەك: (خوا بی باتەوە بۆ چ منالێكی).

زۆر جار هەستی (نێنەر) بەپێی پلە دەگۆڕێت:

- *تكایە بێ دەنگ بە (ڕێز هەیە)*

---

(١) محمد معروف فتاح: ١٩٩٢:٤١.

(٢) يحيى احمد: ١٩٨٩:٧٧.

(٣) محمد معروف فتاح:١٩٩٠:٢٩.

- دەمت بگرە *(ڕێزکەمە)*

- ئەوەندە مەڵێ *(ڕێز نییە)*

ڕستەکانی وەك: (سوپاسکردن، پیرۆزبایی، پۆزش هێنانەوە، پاڕانەوە، دوعاکردن، پەژارە دەربڕین، سەرەخۆشی لێکردن...) نموونەی زۆرن بۆ واتای کاریگەری لە بۆنە جیاجیاکاندا وەك خۆشی و ناخۆشی و شەڕ... وەك:

| | |
|---|---|
| - *سوپاسی هەستت دەکەم.* | *(سوپاسکردن)* |
| - *پیرۆزبایی سەرکەوتنت لێ دەکەم.* | *(پیرۆزباییکردن)* |
| - بەخێربێیتەوە بۆ وڵاتەکەت. | *(بەخێرهاتن کردن)* |
| - *داوای لێبووردنت لێ دەکەم.* | *(پۆزش)* |
| - *بەشداری خەمتانین.* | *(سەرخۆشی لێکردن)* |
| - *خوا خێرت بنووسێ.* | *(دوعاکردن)* |
| - *تف لە دووڕوویی و تێکبەردان.* | *(بێزاری دەربڕین)* |
| - *ئەو نامەردە لێرەیە؟* | *(جوێندان)* |
| - *لەگەڵ هاوڕێی خراپ مەگەڕێ؟* | *(ئامۆژگاریکردن)* |
| - پرس بە باوکت بکە. | *(پێشنیاز)* |
| - *تۆ هەر لە قسەی گەورە ئازابە.* | *(توانج لێ دان)* |
| - فەرموو مێوان بە. | *(ڕوو لێ نان)* |
| - *یان کوردستان یان نەمان.* | *(ئاگەدارکردنەوە)* |
| - *نەك هەر پیاو نییە بەڵکو ڕەزیلیشە.* | *(نرخاندن)* |
| - *فەقیرەی مامی مردییە .* | *(بەزەیی پیاهاتنەوە)* |

**٢-٥-٣- دەق:**

دەق زنجیرە ڕۆنانێکی دەربڕینی زمانە کە یەکەیەکی گشتیی تەواو پێك دێنێ[1] دوور لە بەکار هێنەرانی، ڕۆنانی دەق لە وشە و ڕستە پێك دێت کە مانای یەکە واتاییەکانی دیاری ناکرێ، تاکو تێبینییەکانی تر نەکرێ کە بە دوایەوە دێت، کەرەسەکانی نێو دەق،

(1) Wills Edmondson: 1981:4.

هەریەکەیان چەند تایبەتمەندییەکی خۆیا ون دەکا وچەند گۆڕانکارییەکی بەسەر دادێ لە ئەنجامدا کار لەیەك دەکەن و تۆڕێکی واتایی بۆ گەیاندنی مەبەست پێك دێنن، ڕێککەوتنی ڕێزمانی و واتایی مەرجێکی گرینگە بۆ پتەویی دەق کە تێدا وشە و ڕستەکانی بە دوای یەکتردا دێن و یەکتری تەواو دەکەن بە زنجیرەکە هەریەکە یان بەردەوامیی ڕستەی پێشوو ترە و رەچاوی زانیاریی نوێ دەکرێ لە رستە نوێیەکان بۆ نموونە رستەی:

– *ساناو ئۆتۆمبێلێکی نوێی نەکڕی.*

ئەم رستەیە ئەگەر لە دەقێکدا بێت ئەوە ناگەیەنێ کە (ساناو) ئۆتۆمێلی نوێی نەکڕیووە تاکو سەیری رستەی دواتر نەکەین کە بریتییە لە:

– *تاکو نەیزانی پێویستییەکی گرینگە بۆ ژیانی.*

ئەم ڕستەیە ڕستەی پێشووتر ڕەت دەکاتەوە و جەخت لەسەر (کڕینی) ئۆتۆمۆبیلەکە دەکات[1]. واتای دەق چین بەچین دەردەکەوێ و لە خاڵێکدا لەنگەر ناگرێ تا کۆتاییی دەقی ئەمەش وا لە (وەرگر) دەکات کە بەپەرۆشەوە چاوەڕێی رستەکان دواتر بێ. دەق چونکە دوورە لە دەورویەری ئاخاوتن ئەوا مەبەست بەرێژەیی لێك دەدرێتەوە[2] هەر بۆیەش زۆر جار لەگەڵ دەقدا بۆ زیاتر روونکردنەوە، وەك بەڵگەیەکی ڕاستی وێنەی لەگەڵ بڵاو دەکرێتەوە.

هەر دەقێك وەرگرین ئەوا چەندین وشە و رستەی کاریگەری تێدایە کە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری دەردەبڕێ سەرەڕای ئەمەش دەقەکە هەمووی بە سەریەکەوە کاریگەریی زیاتر دەکات و هەستی مرۆڤ دەورووژێنێ. وەك ئەم دەقە کورتەی خوارەوە:



منداڵێک پاش دزرانی

بە خنکێندراوی دۆزرایەوە

تایبەت بە جەماوەر

لە رووداوێکی هەست وروژێنەر و ناخۆشدا، شەوی ٢٥/٢٦/٩/٢٠٠٣ لە گەڕەکی رزگاری لای شەقامی (ئەلبان)ی شاری هەولێر، لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە.. منداڵێکی تەمەن (١٩) مانگ بەناوی (عەبدولباسیت فارس محەمەد) دەدزرێ و رۆژی دواتر کاتژمێر (٩)ی بەرلەبەیانی. ئەو منداڵە بە خنکێندراوی و لەناو گونییەیەکدا لە بەردەم ماڵەکەیاندا دۆزرایەوە. شایەنی باسە، بە پەرۆیەک دەمی ئەو منداڵە بەسترابوو. وەلاستیکێکی توند لە قورگی بەسترابوو. لەلایەن دەزگاکانی پۆلیسەوە، لێکۆڵینەوە بەردەوامە. شایەنی باسە کەس و کاری ئەو

منداڵە لە لێدوانێکیاندا بۆ هەفتەنامەکەمان رایانگەیاند کە هیچ کێشەیەو دوژمنایەتییەکیان لەگەڵ کەسدا نییە.

(١) داود عبده: ١٩٨٤:١٥.

(٢) سعید توفیق: ١٩٩٢:٤١٨.

ئەم دەقە سەرەڕای رووداوە سەرەکییەکە کە ناوونیشانی دەقەکەیە، بەڵام زۆر شتی تر هەیە لەو دەقەدا هەستی پێ دەکرێت وەك چۆنیەتیی روودانی کارەساتەکە لە سەرەتاوە باسی دەکات و باس لە شێوەی خنکاندنەکە دەکات کە دەمی بەپەڕۆگیراوە و قورگی لاستیکی توندی لێ بەستراوەو تەمەنی نۆزدە مانگە و وێنەی کوڕەکە و نەبوونی کێشە لە نێوان خێزان و ئەو کوڕە و... هتد. هەر هەموویان دەقەکە زیاتر کاریگەرتر دەکەن لە هەواڵێکی (ڕووت).

## ٢-٦ - واتای کاریگەریی پراگماتیکی

لەم ئاستەدا واتای کاریگەریی راستەوخۆ دەرنابڕدرێ لەبەر ڕەچاوکردنی هەندێ باری ڕەوشی کۆمەڵایەتی یا شەرم و ترس...هتد (وەرگر) خۆی چەند زانیارییەکی دەرنەبڕاو تێ دەگات، پشت بەستوو بە دەوروبەر و زەمینەی ئاخاوتن و زانیاریی کەسی و هاوبەش، لەم ئاستەدا بواری واتای کاریگەری فراوانە و هەموو وشە و ڕستەیەك دەتوانێ کاریگەری پێشان بدات، چونکە گوتن گرینگ نییە، بەڵکو گرنگ مەبەستەکەیە بە گوێرەی کەس و تاقیکردنەوە و هەست و ئارەزوو دەوروبەر دەگۆڕێن، لەوانەیە شتێك بگوترێ و مەبەست شتێکی تر بێت جالێرەدا زیاتر پێویستیمان بە دەوروبەری دەروونی دەبێت بۆ دەستنیشانکردنی پلەی هەڵچوونی، هەروەها باری کەسەکە وەك سەرسامبوون و هەناسەی بڕاو و مووچرك هاتن بەلەش...هتد[١]. هەروەها هێز و ئاواز و پلەی دەنگ زۆرشتمان بۆ روون دەکەنەوە دەربارەی هەستی (نێنەر)[٢] بۆ نموونە بەشێوەی خاو قسەکردن ئەوا بێزاری دەگەیەنێ و بەرزکردنەوەی دەنگ تووڕەیی و خێرایی قسەکردن هەڵچوون دەگەیەنێ[٣] هەروەها سروشتی پێوەندی (نێنەر)ان بەیەکترەوە رادەی هەست دەستنیشان دەکات بۆ نموونە دووری نێوان دوو هاوڕێ لە کاتی قسەکردن کەمترە لە دوو کەسی نەناسیاو[٤] دیسان بزواندنی دەم و لێو و چاو و دەست، هاوکێشەی واتایی گوتنەکان دەگۆڕن و هەندێ جاریش پێچەوانەیان دەکاتەوە، جگە لەمانەش باری دەموچاویش هەست نیشان دەدات وەك کرانەوەی چاو نیشانەی سەرسوڕمانە لۆچیی

---

(١) پیرجیرو: ١٩٩٢: ٥٩.

(2) Teuna. Van Dijk: 1977: 189-190.

(٣) موفق الحمداني: ١٩٨٢: ٢٣٥.

(٤) هدسون: ١٩٨٧: ٢٢٨.

ئاسۆیی توورەیی و هەڕەشە دەگەیەنیٚ[1] کەواتە دەوروبەر تاکە ڕێگەیە یارمەتیمان دەدات بۆ دەستنیشانکردنی واتای کاریگەری. جا بۆ ئەوەی لە ناوەرۆکی گوتن و هەستی (نێنەر) بە تەواوی بگەین دەبیٚ گوتنەکان لەگەڵ هۆیەکانی تری پێوەندیکردن لێك بدەین. چونکە مرۆڤ بە هەموو گیانی هەست و سۆز و ئەندێشە دەردەبڕێت.

**٢-٦-١- کردە قسەییەکان:**

کردە قسەییەکانی بۆچوونێکە قسەکردن بەئەنجامدانی کارێك دادەنیٚ، زمان کردەیە نەك قسە، ئەرکی سەرەکی راپەڕاندنی کارە وەك ڕاسپاردن و هەواڵدان و هەڕەشەکردن و...هتد، (نێنەر) کە قسە دەکات خۆی لە سیٚ کردەدا دەبینێتەوە:

١-کردەی گوتن: لێکدانی وشەکانە بەشێوەیەکی ڕێزمانی و دیاریکردنی هاوبەشەکان و شێوەی گەڕاندنەوەی جێناوەکان.

٢- کردەی مەبەست: واتای سەرزاریی ڕستەکان وەسفین، بەڵام کە دەیخەینە دەوروبەر مەبەستی تر دەگەیەنیٚ کە لەگەڵ واتا فەرهەنگییەکەی یەك ناگرنەوە.

٣- کردەی پاشکار: واتە ئامانج چییە لەم گوتنە؟ دەتەویٚ ترساندن، تۆقاندن، ڕازیکردن، دڵنەواییە... کە ئەمەش دوای هەڵوێستی (وەرگر) دەبیٚ، بەسەرکەوتنی گوتنەکە. ئەگەر لە واتای هەرگوتنێك وردبینەوە ئەوا زیاتر لە ئەرکێك نیشان دەدات، بەپێی پۆلینەکەی (سێرێل) پێنج کردەی قسەیی لە ئارادایە[2].

١- کردەی نواندن

٢- فەرماندان یا ڕێنوێنیکردن

٣- پێوەست بوون

٤- ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە

٥- هەست دەربڕین

ئەوەی پێوەندیی بە باسی ئێمەوە بێت (کردەی هەست دەربڕینە) وەك لە ڕستەی:

- چێشتەکە *ناخوریٚ*.

---

(١) کۆندراتۆف: ١٩٦٩:٢٢٨.

(2) Lievinson: 1997:240.

ڕستەیەکی هەواڵدان نییە هەروەك دێرینەکان لێکی دەنەوە (ئۆستن) بەهەڵەی وەسفی ناوی بردووە. ئەگەر بخرێتە دەوروبەرەوە ئەوا نەك هەر هەواڵە، بەڵکو هەست دەربڕینیشی تێدایە، چونکە هەموو کاتێ مرۆڤ هەستی خۆی بەئاشی کارێکی دەردەبڕێت پەنا دەباتەبەر هۆکاری زمانی و نازمانی بۆ دەربڕینی هێزی ڕەوانبێژیی گوتنەکە.

لە کردەی هەست دەربڕیندا هەستێك یان هەڵویستێك یان بارێکی دەروونی دەردەبڕێت کە لە (نێنەر)دا پەنگی خواردووەتەوە لەبارەی کەسێك یان ڕووداوێك وەك (گلەیی و ناڕەزایی، پاکانەکردن، پۆزش،...)، کە بە دوو ڕێگە دەردەبڕدرێت:

**٢-٦-١-١- کردەی ڕاستەوخۆ**

کە پێشتر باسمان کرد[١]. و مەبەست بە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆ، دەردەبردرێت.

**٢-٦-١-٢- کردەی ناڕاستەوخۆ**

کە لە شێوەی (هەواڵ گەیاندن، پرسیار. فەرماندان) خۆیا دەنوێنی و ئاوازە ڕۆڵێکی گرینگی تێدا دەگێڕێ.

وەك: ئەم قسەکردنە تەواو نەبوو| (هەڵس)

**١- کردەکانی ڕستەی هەواڵگەیاندن:**

ئاوازەی ڕستەکانی هەواڵ گەیاندن، زۆر واتا و مەبەستی جیاجیا بەدەستەوە دەدات وەك: (گلەیی، ناڕەزایی، پاکانەکردن، پۆزش،...)

- بەرگی کتێبەکەت هەموو نووسیوە. *(گەلەیی)*
- .....ژنی هەر نەهێنا. *(ناڕەزایی)*

(گلەیی و ناڕەزایی) لەیەك دەچن لە (گلەیی) دا (ناڕەزایی) دەکەوێتە سەر (وەرگر) بەڵام لە (ناڕەزایی)دا مەرج نییە.

ڕستەکانی هەواڵدان دەبنە (پۆزش) کە تێیدا (نێنەر) هەست بە پەشیمانی دەکات و خۆی بەهەڵە دەزانێ ڕاست بێت یان درۆ وەك:

---

(١) بڕوانە: لا (٤٩،٤١ )

- *دەزانی کتێبەکەم لە بیر چوو.*          *(پۆزش)*

(پاکانەکردن)یش یەکێ لەم کردانەیە کە لە ڕستەی هەواڵداندا دورست دەبێت و (نێنەر) گوناهێکی خراوەتە ئەستۆ و دەیەوێت خۆی لێ لابدات.

- من ئەمڕۆ هەر نەم بینیوە          (پاکانەکردن)

جگە لەمانەش ڕستەی هەواڵدان بۆ زۆر مەبەستی تر بەکار دێت، وەك:

- *ئەم قسەیە بۆ باوکت دەگێڕمەوە.*    *(هەڕەشە)*
- *کراسەکە دڕاوە.*          *(نرخاندن)*
- *بەقسان تۆ بردووتە*          *(تاوانبارکردن)*
- *دەڵێن بوویە خزمەتکار.*          *(توانج لێ دان)*

**٢- کردەکانی ڕستەی پرس:**

ڕستەکانی پرس بۆ زۆر مەبەستی جیاجیا بەکار دێن وەك:

- *ئەری کارەبا نەهاتەوە؟*          *(نارەزایی)*
- *چۆن وازت لەم کچە هێنا؟*          *(گلەیی)*

ئامرازەکانی پرس لەم بارەدا لە ڕستە جیا ناکرێتەوە و هێزیان لەسەر نییە و وەستان لە نێوان ئامراز و ڕستەکاندا نییە و هەموو بەیەك ئاوازە دەردەبڕدرێن.

هێشتا / تا ئێستا < + پرسیار بە نەرێ + گ.ك + (ڕابردووی نزیك)

وەك: هێشتا نەچوویە قوتابخانە    (گلەیی و نارەزایی)

(کردەی گلەیی) لە زۆر پێکهاتەی تر بەدی دەکرێن وەك:

هەروا / هێشتا < + پرسیار بە بەشێوەی ئەرێ + گ.ك + ڕانەبردوو

وەك:   هەروا لە ناو جێگەیت؟          (گلەیی، نارەزایی)

هەروەها لە ڕۆنانی وەك: (گ) پرسیاری + کاری فرماندان

- پێم نەگوتی
- نەمگوت
- چەندم گوت
- چەندم پێ گوتی مەڕۆ؟

+ کاری فەرمـاندن

(پۆزش)یش یەك لەو کردانەیە دەشێ بەشێوەی (پرس) بکرێت وەك:

- *نانت دەخوارد؟* *(پۆزش)*

جار هەیە پرسیارەکە بەشێوەی (چی، تخوا، جا..) دەکرێت بە ئاوازەی سەرسوڕمان وەك:

- *چما تۆش دەهاتی؟* *(پۆزش)*

هەندێ جاریش پرسیارەکە لەگەڵ (ڕاناوی هەیی) دا دەکرێن وەك:

- *تخوا کتێبەکە هیی سەهەند بوو؟* *(پۆزش)*

جاری واش هەیە پرسیارەکە بەشێوەی (دەزانی) دەکرێت وەك:

- *دەزانی قەڵەمەکەم شکاند؟* *(پۆزش)*

(پاکانەکردن) بەهەمان شێوە بە رستەی پرس و ئاوازی سەرسوڕمان دەکرێت.

جا ئەگەر رستەکە رۆنانی سەرەوەی (ئەرێ) بێت ئەوا رۆنانی ژێرەوەی دەبێتە (نەرێ) و بە پێچەوانەشەوە. وەك:

- *من درۆ بکەم؟* *(واتە من درۆ ناکەم) (پاکانەکردن، ڕەتکردنەوە)*
- *من نەهاتووم؟* *(واتە من هاتووم)*

جگە لەم مەبەستانە بۆ مەبەستی تریش بەکار دێت؟ وەك:

- *ناچییە جێیەکەی؟* *(توانج لێدان)*
- *بۆ کتێبەکەت دڕاند؟* *(تاوانبارکردن)*
- *کێ وای گوتووە؟* *(هەڵچوون، سەرسوڕمان)*
- *کێ پیاوە با بۆم هەڵسێت؟* *(هەڕەشە)*
- *چ سەگبابەك دەستی لێ داوە؟* *(جوێندان)*

– تۆ ئەو کارەت نەکردووە؟ *(گومان دەربڕین)*

### ٣– کردەکانی ڕستەی داخوازی:

کردەی داخوازی بەپێی دەوروبەر زۆر مەبەستی تر دەدات کە هەریەکەیان ئاوازەیەکی تایبەتی هەیە[١]. وەك:

| | |
|---|---|
| – *با بڕۆین.* | *(هەڕەشە)* |
| – *با نەڕۆم.* | *( بێزاری، هەڕەشە)* |
| – *بڕۆ کوڕەکەت لە نادی بینەوە.* | *(توانج لێدان)* |
| – *واچاکە بڕۆیت.* | *(ئامۆژگاری)* |
| – *بڕۆیت!* | *(سەرسوڕمان)* |
| – *دەمەوێ بتهێنم.* | *(داوا، پێ ڕاگەیاندن)* |
| – *ملت بشکێت.* | *(جنێودان)* |
| – *دەمەوێ ئەو شەڕەی ڕاگری.* | *(داوا، پێشنیاز)* |
| – *فەرموو دانیشە.* | *(ڕوو لێنان)* |
| – *جلەکانت ئوتووکە.* | *(هەست دەربڕین)* |
| داوای لێبووردنت لێ دەکەم | *(پۆزش)* |

### ٢–٦–٢– دەرکەوتەکان:

بریتییە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئاخاوتن. بە تایبەتی ئەو زانیارییانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرنەبڕاوە، (گرایس) لە ساڵی (١٩٧٥)دا دەری خستووە کە ئاخاوتن لەسەر بنەماییەکی هاریکاریی نێوان (نێنەر) و (وەرگر) بەڕێوە دەچێت[٢].

### ٢–٦–٢–١– پیادەکردنی بنەماکانی هاریکاری.

واتە پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایانەی خوارەوە کە نەخشەکێشانێکە بۆ ئەوەی ئاخاوتن شێوەی نموونەیی وەربگرێ :

---

(١) قیس کاکل توفیق: ١٩٩٥:٨١.

(٢) عادل فاخوری: ١٩٨٩:١٤٦.

١– چەندێتی: کە تایبەتە بە بڕێ زانیاری کە پێویستە دەستەبەر بکرێت، کە لە دوو ڕێگەوە دەبێت:

١– بەشداری بە گوێرەی پێویست بێت.

٢– بەشداری زیاد لە پێویست نەبێت.

٢– چۆنیەتی: دەبێ بەشدارییەکەت ڕاست بێت. واتە:

١– قسەیەك مەکە کە گومانت هەیە راست نییە.

٢– قسەیەك مەکە کە بەڵگەی ڕوونت نەبێت.

٣– گونجان: دەبێ بەشدارییەکەت گونجاو بێت نەك بابەت بگۆڕێ و کۆتایی بە قسە بهێنی.. هتد

٤– شێواز: قسەکردنەکەت دەبێ شێوازێکی روون و ئاشکرا بێت وەك:

١– دوورکەوە لە تەمومژی.

٢– دوورکەوە لە فرەواتایی و هاوبێژی.

٣– کورتبڕ بە.

٤– گوتنەکانت ڕێکخراو بن.

پەیڕەوکردنی ئەم بنەمایانە، ئەوە ناگەیەنێ هەموو کاتێ ئاخێوەران ئەم بنەمایانە ڕەچاو دەکەن. کاتێ لەم بنەمایانە لادەدەن شێوازێکی کاریگەر دێتە کایەوە.

**٢–٦–٢–٢– لادان لە بنەماکانی هاریکاری:**

**١– لادان لە چەندێتی:**

ئەگەر بەشداریی (وەرگر) بە گوێرەی پێویست نەبێت، ئەوا ئەم لادانە لە نەزانینەوە نییە بەڵکو بۆ ئەوەیە نایەوێ هەستی خۆی ڕاستەخۆ دەرببڕێ و تا بەرامبەرەکەی زویر نەبێ، وەك:

– *مامۆستا کوڕەکەم لە بیرکاری چۆنە؟*

کوڕەکەت لە کوردی زۆر باشە، و لە قوتابخانەش دواناکەوێ.

٢–لادان لە چۆنیەتی:

واتە بەشداریکردنی دوور بێت لە ڕاستی و قسەکان بیٚ بەڵگە بن، کە بە چەند شێوەیەك دەبێت:

ا- گاڵتەکردن:

وەك ئەوەی بە یەکیٚ بڵێی:

- *(سەردار مرۆڤێکی دڵسۆزە و دەتوانی نهێنییەکانتی لاباس بکەیت)*

ئەگەر بە ئامادەبوونی (سەردار) ئەم قسەیە بکرێت، ئەوا دژی ئەم واتایە دەگەیەنێت، یان بە کەسێك بگوتریٚ:

↓کوڕێکی ئازا بە↑ کەوت↓

کە بە ئاوازەیەکی (کەوت) دەست پیٚ دەکات و (هێز) لەسەر وشەی (ئازا) دەبێت و ئاوازەکەش لەسەر ئەو وشەیە بەرز دەبێتەوە دواتر نزم دەبێتەوە ئەوا دیسان واتاکەی پێچەوانە دەبێت، هەر هەمان ڕستە ئەگەر بە پێکەنینەوە بگوتریٚ یان بە (لێوگەستن) بگوتریٚ ئەوا دیسان دژی واتا سەرزارییەکە دەبێتەوە.

ب- خواستن:

خواستن لادانە لە یاسای زمان[١] و دوو جۆرە:

١- خواستنی ڕوونکردنەوە.

٢- خواستنی ویژدانی.

ئەوەی پێوەندیی بە واتای کاریگەرییەوە هەبێت (خواستنی ویژدانی)یە کە هەست و سۆز دەردەبڕێت، بۆ نموونە ئەگەر یەکێك بە ئافرەتێك بڵێت:

- *تۆ مانگی.*

ئەوا هەست دەردەبڕین، چونکە بە مانگی چواندووە. ئەم واتایە بەپێچەوانەش دەبێتەوە کاتێك بە ئافرەتێکی ناشیرین، بگوتریٚ و هێز بخرێتە سەر وشەی (مانگ)[٢].

ج- ئاماژە پێکردن:

---

(١) جان کوهین: ١٩٦٨:٦٦.

(٢) داود عبده: ١٩٨٤:١٣.

که یەکێ درۆیەك بکات ئەوی تر بە درۆیەکی تر وەڵامی بداتەوە، ئەوا دەبێتە پلار و توانج وەك: ق– *دوێنی لەگەڵ پارێزگار نانمان خوارد.*

گ – *بەڵێ لە تەلەفزیۆن ئێوەم دیت.*

د– کەمکردنەوە:

کاتێ یەکێ کارێکی گەورەی خراپ بکات و بچووکی بکاتەوە و دای پۆشێت.

وەك: یەکێ جگەرە زۆر بکێشێ و بڵێ دوکتۆر تاکە و تاك دەکێشم.

هـ– زیادەڕۆیی:

ئەوەیە کە قسەکردنەکە لەگەڵ واقیعدا نەگونجێ.

وەك: *مردین لە برسان.*

٣– لادان لە گونجان:

ئەوەیە کە وەڵامی (وەرگر)نەگونجێ لەگەڵ داوا و پرسیاری (نێنەر).

وەك: ق– *دەزانی خەسووەکەت ژنێکی هارە.*

ګ– *کاکە خوا حافیز.*

٤– لادان لە شێواز:

واتە قسەکردنەکە بە شێوازێکی لێڵ و تەمومژاوی دەربڕێ وەك لە بەکارهێنانی وشەی فرەواتا و هاوبێژ کە لە ڕەوانبێژی دا لە ژێر ناوی (ڕەگەزدۆزی) بەکار دێت.

وەك: بۆ (کـەر)ێ ئیعلانی حەربی لەگەڵمان کرد، شێخ حەسەن

سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گێڕا ئەم (کــــــــەر)ە

(کەر)ی دووەم بە ڕوونی دەرنەبڕاوە ئایا (شێخ حەسەن)ە یا (گوێدرێژ)ەکەیە یان هەندێ جار قسە بە تەمومژاوی دەکرێ.

وەك: *سیفۆنە تاڵە*کەم بۆ بێنە.

کە مەبەست لە سیفۆنی تاڵ (عەرەق)ە.

هەندێ جاریش بەشێوەی درێژبڕی لادان لە (شێواز) دەکرێ.

وەك: گۆرانییەکی دەگوت لە شیرین بەهارە دەچوو.

واتە گۆرانییەکە زۆر دوورە لە شیرین بەهارە ناکات.

### ٢-٦-٣- نیشانکارەکان:

نیشانکارەکان لە سنووری بۆچوونی ئاماژە کار دەکەن، ئەو کەرستانە دەگرنەوە کە زمان و دەوروبەر بەیەکەوە دەبەستنەوە، کەس و کات و شوێن و پلەوپایەی هاوبەشەکان دەست نیشان دەکەن، ئەوەی پێوەندیی بە واتای کاریگەرییەوە هەبێت، نیشانە کۆمەڵایەتییەکانن کە ناسنامەی (نێنەر) و (وەرگر) و باری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و پلەیان نیشان دەدات[1]، زمان یان دەق دوو جۆرە زانیاریی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ:

### ٢-٦-٣-١- نیشانکارە ڕێژەییەکان:

پێوەندیی بە (نێنەر) و (وەرگر)ەوە هەیە، وەك لە بەکارهێنانی (ڕاناو) کە بۆ ڕێزگرتن بەکار دێت کاتێ کە (نێنەر) یان (وەرگر) (تاك) بێت و بە (کۆ) قسە بکرێ وەك:

- ئێمە *شتی وا ناکەین*.
- *فەرموون*.

### ٢-٦-٣-٢- نیشانکارە ڕەهاکان:

ئەو نازناوانەیەکە پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی دیاریکراویان هەیە وەك: (دوکتۆر، وەستا، مامۆستا، گەورەم، بەڕێز، کاك،...)[2].

وەك: *کاك پۆڵا بەیانی دێت بۆ ئێرە*.

ئەگەر ناو بەبێ نازناو بەکار بێت ئەوا بێ ڕێزی دەگەیەنێت.

ڕێزلێنان پلەدارە بۆ نموونە هەردوو نازناوی (خوشکە، خاتوو) کە لەگەڵ ئافرەتدا دێن (خاتوو) ڕێژەی زیاترە و بۆ چینە بەرزەکانی وەك (ئاغاژن) بەکار دێت، کەچی (خوشکە) ڕێزێکی ئاسایی دەگەیەنێ. ڕێزگرتن زۆر جار لە شت دەبێت وەك: (کۆشك، خاتوو)، کۆشك زیاتر ڕێز دەداتە کەسەکە.وەك:

١- کاوە خانوویێکی هەیە.

٢- ئازاد کۆشکێکی هەیە.

---

(1) Fromkin & Rodman: 1983:190.
(2) Levison: 1997:89-93.

ڕستەی یەکەم دەری دەخات کە (کاوە) مرۆڤێکی ئاساییە، چونکە زۆر کەس خانوویان هەیە، بەڵام (کۆشك) تایبەتە بە مرۆڤی دەوڵەمەند یان پایەبەرز. جگە لەمەش نیشانەکانی (بانگکردن)ی (نێر) و (مێ) واتە (ە – ێ) کاتێ کەسی پێ بانگ دەکرێ، ئەوا جۆرە هەست دەربڕینێك بە خراپی دەگەیەنێ بەرامبەر بە بانگکراو. وەك:

– وەرە کچێ *(ڕێز نییە)*

– خوشکە وەرە *(ڕێز هەیە)*

**٢–٦–٤– گریمانە پێشەکییەکان:**

ماوەیەك فەیلەسووفەکان گرینگییان بەباری هەندێ ڕستە دەدا وەك:

(مەلیکی فەڕەنسا سەری ڕووتاوەتەوە) جا ئەگەر لە فەڕەنسا مەلیك نەبێ ئەوا ئەم ڕستەیە پەسند نابێ لە رووی واتاوە. بە لای (راسل)ەوە (١٩٠٥) ئەم ڕستەیە بە جەخت لەسەر دووشت دەکات:

١– لە فەڕەنسا مەلیك هەیە.

٢– مەلیکەکە سەری ڕووتاوەتەوە.

ئەگەر فەڕەنسا مەلیکی نەبێ ئەوا ڕستەکە هەڵەیە.

(ستروسن) (١٩٦٤) چارەسەرێکی بۆ ئەمە دۆزییەوە کە (نێنەر) گریمانە دەکات کە (وەرگر) دەتوانێ کەس یان شت دیاری بکات، کە قسەی لەبارەوە دەکات، (وەرگر) دڵنیا نییە کە کەسەکە یان شتەکە هەیە، بەڵکو گریمانەی بۆ دەکات . جا ئەگەر کەسەکە نەبێ ئەوا گریمانەکەش راست دەرناچێت، رستەکەش هەڵە نابێ، بەڵکو نەڕاست و نەهەڵەیە[١].

فراوانترین بیرورا بۆ گریمانە پێشەکییەکان بیروڕای (فیلمۆر)ە (١٩٧١) کە بارودۆخی گوتنەکە لێك دەداتەوە، بۆ نموونە کاتێك کە یەکێك دەڵێت: دەرگەکە داخە.

لەم بارەدا پێوەندیی نێوان (نێنەر) و (وەرگر) نیشان دەدرێ و داوای (نێنەر) لە پێوەدانی دەرگە و دەرگەکە کراوەتەوە و، (نێنەر) دەیەوێ پێوە بدرێ، ئەمانە هیچ یەکیان لە ڕستەکەدا نەهاتوون[٢].

---

(١) جولیا. اس. فالك: ١٣٧٧:٣٧٢.

(٢) اف.ار.پالمر: ١٩٨١:١٩٢.

لە گریمانە پێشەکییەکاندا (نێنەر) لێکدانەوە و بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ. کە پابەندی ڕاستی و درۆ نییە بۆیە پێوەندی بە واتای کاریگەرییەوە هەیە، جا هەر ڕستەیەك وەربگرین ئەوا زۆر شت لەسەر (وەرگر) وەك گریمانە سەپێندراوە.

وەك: یارمەتیی باوکت بدە.

لەم ڕستەیەی (نێنەر)دا زۆر واتا و هەستی شاراوە بەرامبەر (وەرگر) دەربڕاوە وك:

١- تۆ باوکت هەیە.

٢- پێویستی بە یارمەتیی هەیە.

٣- یارمەتیی باوکت نەداوە.

٤- کارێکی خراپ و بێ ئەدەبییە.

٥. حەز دەکەم یارمەتیی بدەی.

**٢-٦-٥- ڕۆنانی ئاخاوتن:**

ئاخاوتن: قسەیەکە لە نێوان دوو کەس یا زیاتر کە بە ئازادی بەڕێوەدەچێ و بریتییە لە دابەشی سەرە ناوەڕاست و کۆتایی دەبێت و لەسەر دوو بنەما بەندە(١):

١-نۆبەگرتن:

بریتییە لە سووڕانەوەی قسە لە نێوان دوو کەس یا زیاتر، کەبەپێی کولتوور لە گۆڕاندایە قسەکردن لەسەرخۆ و بێگرفت لە (نێنەر)ێکەوە بۆ (نێنەر)ێکی تر دەگۆڕێت. هاوبەشی یەکەم دەدوێ و ڕادەوەستێ یەکێکی تر دەست بەقسە دەکات و بەردەوام دەبێت و دەوەستێ بەم پێیە دەسەڵاتی قسەکردن دەگۆڕێت، مافی قسەکردن لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر بەهۆی ناسینەوەی یەکەکانی نۆبەوە دەبێت کە ئاوازێکی تایبەتی هەیە (بەرز، نزم) هەر (نێنەر)ێکیش مافی وەرگرتنی یەك نۆبەی هەیە کە قەبارەکەی لە ژێر دەسەڵاتی خۆیەتی و کۆتاییەکەشی خاڵێکە بۆ گۆڕینی (نێنەر).

٢-جووتەگوتن:

بریتییە لە دوو ڕستە کە هەریەکەیان لەلایەن (نێنەر)ێکەوە دەردەبڕدرێ ئەوا (وەرگر) لەسەریەتی وەڵامیان بداتەوە.

---

(1) Levison: 1997:89-93.

وەك: ق: کورەکەت *لە کوێیە؟*

و: *لە دەرێیە.*

لە ڕێگای ئەم جووتە گوتنە، ئاخاوتن دابەش دەبێت بۆ (سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی)دا.

وەك: أ- رۆژباش
ب- رۆژباش } سەرەتای ئاخاوتن

ئینجا دوای ئەوەی دەچمە ماڵەوە
= = = = = = = = = = = = = // ئێی } ناوەڕاستی ئاخاوتن

أ- خواحافیز
ب-خوات لەگەڵ } کۆتایی ئاخاوتن

لکاندنی ئەم گوتنە لە شێوەی پەسند و ناپەسند دەبێت، واتە بڵاوی و نابڵاوی لەلایەن کۆمەڵگە و (نێنەر)ان، بۆنموونە هەموو کاتێ (دانپیانەنان) دوای (تاوانبارکردن) گوتنێکی (پەسند)مان دەداتێ و (دانپیانان)یش گوتنێکی (ناپەسند).

وەك: أ- بۆ *قەڵەمەکەت شکاندم؟*
ب- من نە*مشکاندووە؟* } پەسند

بۆ قەڵەمەکەت شکاندم؟ } ناپەسند

ب- بمبوورە بۆت دەکڕمەوە

ناپەسندی لە دوو شێوەدا خۆی دەبێنێتەوە:

١- وەڵامێك کە ناوێزە بێت .

وەك: أ- *ئەرێ کاوە بە چ دەژی.*

ب- *بەژەهری مار.*

٢- گوێگر خۆی لە قسەکە لابدات.

وەك: أ- دێی بچین بۆ بازاڕ؟

ب- *(.)چ، ها، بابت نابینم.*

ئەم بوارەی پراگماتیك ئاوێتەی كاریگەرییە لەم بارانە خوارەوە:

### ٢-٦-٥-١- نۆبەگرتن:

توندوتیژی لەكایەگرتن و پێكداچوونی قسە لە ئەنجامی بڕینی كایەی یەكتر، واتای كاریگەری دەردەخات هەروەك (لاین و برینس) Lein and Brenneis لە بەراوردێكی ساڵی(١٩٧٨)دا دەریان خست نۆبەگرتنی قسەی نێوان منداڵە ئەمریكییە رەش و سپییەكان لەگەڵ منداڵە هیندییە فیجییەكان زۆر توندو تیژی و پێكداچوون و بڕینی نۆبەی یەكتری پێوە دیارە(١).

أ-توندوتیژیی قسەكردن:

ئەمە وا دەكات زیاتر بورووژێن و چونكە گوتنەكان چەندین تایبەتی بەخۆوە دەگرێ وەك بەرزكردنەوەی دەنگ و خێرایی قسەكردن و گۆڕانی باری دەموچاو... جگە لەمەش كاتێ (وەرگر) وەڵامی (نێنەر) نەداتەوە، ئەوا هەڵوێستێكی پڕ لە واتا دەگەیەنێ لەگەڵ سووكایەتی پێكردن.

وەك: أ- چۆنی؟

ب- بێدەنگ.

أ- چییە دەڵێی دەعیەت نایێ قسەمان لەگەڵ بكەی.

بەیەكداچوونی قسە لەئەنجامی كورتكردنەوەی نۆبەی یەكتر ئەوا وروژاندن پەیدا دەكات وەك: أ- من گوتم دەچمە لای..

ب- = = = = = = = = =// وا نییە تۆ نەتگوت...

أ- لێ گەڕێ باقسەكەم تەواو بكەم.

ب- گوتنە ناپەسندەكان:

گوتنە ناپەسندەكان هەندێ جار هەست دەردەبڕن كە بەچەند شێوەیەك دێتە بەرچاو.

---

(1) Levison: 1997:301.

**١- بەدواخستن:**

واتە وەڵامی (وەرگر) دوابخرێ ئەمیش لەچەند رێگەیەك دەبێت(١):

أ- بەوەستان پێش وەڵام.

ب- بەبەکارهێنانی پێشەکی، کە بەچەند شێوەیەك دەبێت:

I - بەبەکارهێنانی گوتنی ناپەسند وەك (ئای، ئۆی، ها،...)

II - بەبەکارهێنانی نیشانەکانی رێکەوتن پێش ڕەتکردنەوە وەك (وەی، باشە، ئا،...)

III - بەبەکارهێنانی دەستەواژەی ڕێزلێنان بۆ بەخشین و داوەت و ئامۆژگاری... وەك (مەمنوون، سوپاس، خۆشی..)

IV - بەبەکارهێانی پۆزش لە داوەتکاری.

V - بەبەکارهێنانی ڕستەی ناڕەزایی و رەتکردنەوە وەك (نازانم)

ج- بەدوورخستنەوەی نۆبەی قسەکردنی لە ڕێگەی خۆڕاستکردنەوە و یان هەندێ قسەی ناپێوەندیدار.

**٢- بەدەستنیشانکردنی هۆ و پاساو دۆزینەوە.**

**٣- لە رێگەی ڕەتکردنەوەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.**

وەك: *أ- ئەم سەعاتەت دەوێ.*

ب- ها، باشە، بابزانم، سوپاس، سەعاتم زۆرە. کە لقی (أ) و ژمارە (IV،III،II،I) خاڵی (١) و خاڵی(٣) ڕوون دەکاتەوە یان:

أ- *لۆ دەڕۆی دە دانیشە.*

ب- چ؟

أ- *دانیشە.*

ب- *نازانم چ دەرێی؟*

أ- دەرێم *دانیشە.*

ب- *ناوەڵا. ناتوانم مەوعیدم هەیە.*

(1) Levison: 1997:333-341.

که ژمارە(VI) و (V)ی لقی (ب،ج)ی خاڵی (١)و لقی (٢) روون دەکاتەوە.

**٢-٦-٥-٢- جووتەگوتن:**

لەم بنەمایەدا جووتەگوتنەکان هەندێکیان هەڵگری واتای کاریگەرین وەك:

**١- جووتەگوتنەکانی سەرەتا و کۆتایی:**

ئاخاوتنی ئاسایی بەچاکی و چۆنی و سەلام دەست پێ دەکات کە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و خۆنزیککردنەوە دەگەیەنێ و بەخواحافیزی کۆتایی دێ، واتە دەستەواژەی پێشوازیکردن و ماڵئاوایی، کاتێ ئەم دەستەواژانە بەکار نەهات ئەوا کاریگەری دەبێ چونکە لە بارێکی نائاسایی و عاجزیدا دەبێت.

وەك: أ- چۆنی

ب- *(بێدەنگ) نەمگوت جارەکی تر قسەم لەگەڵ مەکە*

أ- *خواحافیز*

ب- *باشە! من ڕۆیشتم ئینجا تۆش پیاو بە لەسەر قسەی خۆت بە.*

**٢- جووتەگوتنەکانی نرخاندن**

لەم جووتەگوتنانە (نێنەر)ان هەست و ئارەزووی خۆیان بەرامبەر کەس و دەوروبەر دەردەبڕن وەك. أ - *ماشەڵا:* چەند گەرمایە.

ب- *هەرنییە، دەڵێی جەهەنەمە.*

**٣- جووتە گوتنەکانی پیرۆزبایی**

ئەم جۆرانە لەبۆنەکانی خۆشی بەکار دێن کە(نێنەر) هەستێکی باش بەرامبەر بەکەسەکە دەگەیەنێ.

وەك: أ- پیرۆزە.

ب- *سوپاسی هەستت دەکەم.*

**٤-جووتەگوتنەکانی گلەیی**

ئەم جووتە گوتنانە (نێنەر) هەستی نارەزایی خۆی دەردەبڕێ و (وەرگر)یش گلەییەکە

وەردەگرێ یان ڕەت دەکاتەوە.

وەك: أ– *دیارییەکەت هەر نەینا*

ب– بەخ*وای دەینم*

**٥– جووتەگوتنەکانی تاوانبارکردن**

ئەم جۆرە گوتنانە دەگرێتەوە کە (نێنەر) یا (وەرگر) یا کەسێکی تری پێ تاوانبار دەکرێ و (وەرگر)یش تاوانەکە ڕەت دەکاتەوە یان دانی پیادەنێ.

وەك: أ– *دەزانی بۆ تۆ شوورەییە کە دوێنێ لای... وا باسی* منت کردووە

ب– *باوەڕبکە مەبەستم تۆ نەبووە خراپیان تێ گەیاندووی.*

**٦–جووتەگوتنەکانی پەژارە دەربڕین**

ئەم جووتەگوتنانەش (نێنەر) پەژارە و داخی خۆی پێ دەردەبڕێ بەرامبەر بەکارەساتێك یان ڕووداوێك .

وەك: أ– *کاکە بەداخەوە. بەخۆتان خۆش بن.*

ب– *سوپاست دەکەم، ئەنگۆش خۆش بن.*

**٧– جووتەگوتنەکانی (پێش ڕاگەیاندن)**

ئەم جۆرە گوتنە دەبێتە پێشەکییەك بۆ ڕاگەیاندنی هەواڵێك یا داواکارییەك کە (وەرگر) بەپەرۆشەوە چاوەڕێی دەکا.

وەك: أ– خەبەرەکی خۆش

ب– چییە؟ خێر

أ– *دەڵێن موبایل* دەبتە (*٥٠*) دۆلار

ب– *تخوا، بەڕاستی شتەکی باشە.*

**٨– جووتە گوتنەکان بەرکۆتایی**

بریتییە لەو گوتنانەی کە ڕێگەخۆشکەر دەبن بۆ کۆتایی ئاخاوتن وەك لە بەکارهێنانی هەندێ وشەی (باشە، سەرچاو، مەمنوون، سوپاس، وایە،...)

لەگەڵ نزمکردنەوەی دەنگ دەبێتە نیشان بۆ کۆتایی ئاخاوتن.

خ- هەتاکو دەوری دوانزەونیو، یەك، ئەوها ئەمن تەلەفۆنت لۆ دەکەم.

د- باشە.

خ- وا ڕەقەمەکەم لەکنە.

د- باشە.

### ٩-جووتەگوتنەکانی خۆ دەربازکردن لە ئاخاوتن

کاتێ کە نێنەر بەرامبەرەکەی هاوکاری ناکات بۆ کۆتاییهێنان بەئاخاوتن ئەوا ناچار دەبێ بەیەکێ لەم چوار ڕێگەیانەی خۆی دەرباز بکات.

١- بەباسکردن لە کاری ئایندە و دواخستنی قسە بۆ کاتێکی تر بەبەکارهێنانی هەندێ ڕستەی وەك (دەتبینمەوە، جارەکی دی،..).

وەك: *س- ئەدی، ئەوە مشکیلەیە، نوکتەکەشم لۆ تۆ نەگۆ ئەوێ جارێ.*

*م- قەیناکە لۆ جارەکی تر*

٢- بەباسکردنی (نێنەر) لە کاری خۆی بەبەکارهێنانی هەندێ ڕستەی وەك (دەبێ بڕۆم، مەوعیدم هەیە، وەقتم تەواو،..).

وەك: *أ- ئەوجا کاکە دەبی ئەمن بڕۆم، ئێستا کاك (نەوزاد) و وان چاوەڕێمن دەبێ عەفووم کەی.*

*س- ئیسراحەتی خۆت وەرگرە.*

٣- بەباسکردن لە کاری لایەنەکی تر

لێرەدا (نێنەر) باس لە کاری (وەرگر) دەکات و هەندێ ڕستەی وەك (دەترسم ئیشت هەبێ، با ڕات نەگرم،...هتد) وەك:

*ز- ئێی دەی.. با ڕات نەگرم قوربان.*

*م- ئێی وەکیلی سەلامان بە.*

٤- بەدۆزینەوە بیانگە بۆ هاتنە ناو ئاخاوتن بۆ ماوەیەکی کورت، بەبەکارهێنانی هەندێ ڕستەی وەك (تەنیا ویستم بزانم کوی و بەس).

وەك: *ل- ئێ دانیشە لۆ دانانیشی؟*

*د- سوپاس (.) وەڵا مەمنون هەر گۆتم بزانم کوی؟*

## بەشی سێیەم

### واتای کاریگەریی سیمانتیکی لە بواری ڕاگەیاندندا

**٣- واتای کاریگەریی سیمانتیکی لە بواری ڕاگەیاندندا:**

واتای کاریگەری لە زۆر بواری جیاجیا بەکار دەهێنرێت وەك: (ئەدەب، دەروونناسی و پەروەردە و فێرکردن و ڕاگەیاندن... هتد) هۆیەکانی ڕاگەیاندنیش جیاجیان وەك: بینراو و بیستراو کە هەموویان یەك شێواز بەکار دێنن و گرینگی دەدەن بە واتای کاریگەری، چونکە (نێنەر) لە ڕێگای ئەم جۆرە واتایە وە لەگەڵ دەروونی کەس دەئاخێوێ و هەوڵی ئەوە دەدا بەسەر عەقڵ و لۆجیکدا زاڵ بێ، بۆیە روو دەکەنە وشە و ڕستەی ڕازاوە کە کاریگەریی لەسەر دەروونی کەسدا هەیە، چونکە ئەم وشانە زیاتر ئامانج دەپێکن و کاریگەریی دەکەنە سەر جەماوەر و بۆ هەندێ بیروڕا و بەرژەوەندی ڕایان دەکێشێ، جا هەرچەندە بیروڕاکان ساوا و ناکامڵ و قسەی بێ بەڵگە و لۆجیك بن، بەڵام سۆزی بە هێز و کاریگەری وا دەکات هەلی سەرکەوتن بە دەست بێنێ و بەڵگە و راستییەکان بشارێتەوە لە پاڵ ئەو وشە و رستە ڕەنگکراوانە[١] کە پێویستی بە چەند وروژێنەرێك دەبێت کە ناخ بهەژێنێ، ئەمەش ئەرکی (نێنەر)ە بیاندۆزێتەوە. لەم بەشەدا تیشك دەخرێتەوە سەر ئەو واتا و کاریگەرییانەی لە بواری راگەیاندن دا بەکار دێت، جا بۆ زانینی ڕادە و پلەی ئەم واتایە دەبێت ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن شی بکەینەوە.

**٣- ١- شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن**

ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن بۆ دوو مەبەست شی دەکرێتەوە، دەرخستنی پەیامی ڕاگەیەنراو و ئەو کاریگەرییەی لەسەر (وەرگر) دەیکات[٢] بۆ زانینی رادەی زاڵبوونی هەریەك لە هەست و بیر بەسەر ئەوی تریان و ئاوێتەبوونی (نێنەر) ولایەنگیری لە پەیامەکەی و چەندین زانیاریی تر ئەوا پێویستمان بە شیکردنەوەی ناوەڕۆك دەبێت.

لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەم پ. هاوارد دین Haward.Dean ڕێگەیەکی بۆ

(١) هربرت.ا.شلير:١٩٧٢:١٦:١٦.

(٢) خليل صابات:١٩٧٢:٣.

شیکردنەوەی ناوەڕۆکی هەواڵ خستەڕوو، ئەم ڕێگەیە ئاماری ڕستەکانی ناو دەقەکە دەکات لە ڕێگەی دابەشکردنی بۆ دوو دەستەی سەرەکی، بەم شێوەی خوارەوە[٣]:




- رستەی سەرەکی: ڕستەیەکە کە چۆنیەتیی ڕوودانی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەخاتەڕوو.
- ڕستەی لاوەکی: باس لە لێکەوتنەوەی ڕووداوەکان و ئەو ڕستانە دەدات کە یارمەتیی (وەرگر) دەدەن بۆ تێگەیشتن.
- بیروبۆچوون: (نێنەر) بیروڕا و لێکدانەوەی خۆی دەردەبڕێ بێ ئەوەی حوکمی لەسەر بدات.
- هەڵسەنگاندن: (نێنەر) کار (ڕووداو)ەکە هەڵدەسەنگێنێ بەباشی و خراپی.
- بەمە ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن دابەش دەبێت بۆ (هەواڵی ڕووت، لێکدانەوەی هەواڵ، هەڵسەنگاندن).

بۆ نموونە:

«هەر ئێستا تۆڕی (CNN) ڕای گەیاند کە تاوانباری گەورە (علی حسن المجید) لە شاری تکریتدا کەوتە دەست هێزەکانی ئەمریکا(.) هەروەك ئاگەدارن کە تاوانبار عەلی حسن مەجید دەستی رەشی تاوانی بە سەر زۆربەی ئەو تاوانانە هەیە کە بەرامبەر بەگەلی کوردمان و بەرامبەر بە(.) عەرەبەکان لە خوارووی عێراق کردوویەتی. دەستگیرکردنی تاوانبار یەکێکە لەو دەسکەوتە گرینگانەی کە بۆ گەلی عێراق مایەی خۆشییە». دەقی ژ (٢٢) لا (١٨١)

- هەواڵی ڕووت: هەر ئێستا تۆڕی (CNN) ڕای گەیاند کە تاوانباری گەورە (علی حسن المجید) لە شاری تکریتدا کەوتە دەست هێزەکانی ئەمریکا.

---

(١) عبدالستار جواد: ٩٦:١٩٩٨.

- لێکدانەوەی هەواڵ: تاوانبار علی حسن المجید دەستی رەشی تاوانی بەسەر زۆربەی ئەو تاوانانە هەیە کە بەرامبەر بە گەلی کوردمان و بەرامبەر بە عەرەبەکان لە خوارووی عێراق کردوویەتی.
- هەڵسەنگاندن: دەستگیردنی تاوانبار یەکێکە لەو دەسکەوتە گرینگانەی کە بۆ گەلی عێراق مایەی خۆشیە.

لەم شیکردنەوەیەی سەرەوەدا هەموو لقەکانی هەڵگری واتای کاریگەرین لە ڕێگەی وشەکانەوە بۆ نموونە: لە لقی (هەواڵی رووت) وەسفکردنی (علی حسن المجید) بە تاوانباری گەورە هەستی (نێنەر) دەردەخات بەرامبەر ئەو کەسە.

لە لقی (لێکدانەوەی هەواڵ) دانانی نازناوی (تاوانبار) بۆ (علی حسن المجید) و وەسفکردنی بە (دەسترەش) دیسان هەستی (نێنەر) دەردەخات.

لە لقی (هەڵسەنگاندن) (نێنەر) راستەوخۆ خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەو هەواڵە دەردەبڕێت و بە دەسکەوتی گرینگی لە قەڵەم دەدات بۆ گەلی عێراق و هەستی خۆشی دەردەبڕێت کە ئەم هەواڵە بووەتە مایەی (خۆشی)ی گەلی عێراق کە (نێنەر) یەکێکە تێیدا.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت هەموو لقەکانی ناوەڕۆك هەرکام بەشێك لە واتای کاریگەری هەڵدەگرن، بەڵام لقی (هەڵسەنگاندن) هەمووی نرخاندن و کاریگەری دەربڕینە، بۆیە پێویستمان بەوە دەبێت کە هەموو لقەکانی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن شی بکەینەوە بۆ وشەو ڕستە.

ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن لە چەند گۆشەنیگایەکەوە شیٚ دەکرێتەوە، یەکیٚ لەو گۆشە نیگایانە، لایەنی (کاریگەر)یە، کە پلەی هەست لە دەقەکاندا دەپێوێت. لە ڕێگەی واتای وشە و ڕستەکانەوە بە دوو شێوە[١]:

### ٣-١-١- شیکردنەوەی سەرەتایی:

شیکردنەوەی واتای وشە و رستەکان دەگرێتەوە کە مەبەست ڕاستەوخۆ دەربڕاوە، کە دەچێتە ناو بواری (سیمانتیك).

### ٣-١-٢- شیکردنەوەی قووڵ:

شیکردنەوەی واتای ناڕاستەوخۆی رستەکانی نێو دەقەکەیە، کە لە واتای پشت وشە و

(١) محمد خلیفە برکات: ١٩٧٤:٢٠٨.

ڕستەکان دەکۆڵێتەوە و نێوان ڕستەکان لێك دەداتەوە بە گوێرەی بۆچوون، زانیاریی خۆی، کە دەچێتە ناو بواری (پراگماتیك).

### ٣-٢- ئاستەکانی شیکردنەوەی واتای کاریگەری

### ٣-٢-١- واتای کاریگەریی سیمانتیکی

### ٣-٢-٢- واتای کاریگەریی پراگماتیکی[١]

بەشێکی گرینگی واتای کاریگەریی بواری ڕاگەیاندنە و ڕێژەی زیاترە لە واتای کاریگەریی پراگماتیکی، چونکە زیاتر بابەتەکان بە ڕاستەوخۆیی دەردەبڕێن بۆ ئەوەی زۆرترین ڕێژەی چینی خوێندەوار لێیان تێی بگەن و ببنتە پردی نێوان (نێنەر و وەرگر) لەم ئاستەدا وشە و رستەکان شیّ دەکرێتەوە کە بە راستەوخۆیی لە سەرزاری (نێنەر) دەربڕاوەکە هەڵوێست و کاریگەری دەخاتە ڕوو. ئەم جۆرە شیکردنەوەیە بە سەرەتایی دادەنرێت چونکە هەستی (نێنەر) بە ئاسانی هەستی پیّ دەکریّ.

#### ٣-٢-١-١- ئاستی وشەسازی

لەم ئاستەدا تیشك دەخرێتە سەر ئەومۆرفیم و وشانەی کە هەڵگری واتای کاریگەرین و ڕۆڵی خۆیان هەیە لە بواری ڕاگەیاندندا، چونکە وشە هێڵی گەیەنەرە لە نێوان دەروونی مرۆڤ و لایەنەکانی تری[٢].

**١-گیرەك و نووسەك**

هەندیّ گیرەك لە بواری ڕاگەیاندندا هەڵگری واتای کاریگەرین، چونکە بەشداری لەداڕشتنی هەندیّ وشەی وەك: (یست، یزم، باز، چی، چێتی، کەر، ین، ندە، ناك، ۆچکە، نا، ...هتد).

وەك:

- ڕۆژی... دەستەیەك تیرۆر(ست) و تاوانکار بەمەبەستی تیرۆرکردنی..دەقی (٣)لا (١٥٣)
- ئەو گفتوگۆ گەرمەی لەگەڵ تێپەڕبووان و بینەران دەیکەن تەواوی تاوانی ڕژێمە فاش(یست)ەکەی سەدام چ لە ڕابردوو چ لە ئێستادا بڵاو دەکەنەوە.
- قەوارەی زایۆنی بە پشتیوانی بزووتنەوەی زایۆن(یزم)ی جیهانی و یارمەتی و

---

(١) لە بەشی چوارەم باسی لێوە دەکەین.

(٢) محمد فاروق عمر: ١٩٩٠. ١٦٢.

هاوكاری دەوڵەتە زلهێزەكان هەرگیز دەسبەرداری پرۆژەی خەونی ئیسرائیلی گەورە نابێت:

– درۆی خەڵكی فێل (باز) و بەرچاوتەنگ بڕوای خەڵكی بەستەزمان و ساویلكەی لەق كرد...

– من تۆ ران(چێتی)م كردووە یان ئێوە؟

– بەعسە ئەنفال (چی)یەكان دوێنی شەو كاتژمێر ٩،٤٥ لە گەڕەكی شۆڕشی شاری هەولێر كارێكی تیرۆریستییان ئەنجام دا.

– چەند كەسانێكی فیتنە (چی) و ئاژاوە گێڕ...

– ئەو رژێمەی بە قسەی ئەو تا سەر ئێسقان خوێنمژ و ملهور و گاڵتە (كەر) بە هەموو پرەنسیپەكانی دیموكراسی و مەدەنیەتە...

– پێویستە هەموو لە دەوری بالآكردن ئەو ئەزموونە كۆببینەوە تا ئەو دەرفەتە (زێڕین)ە لە دەست گەلی كورد نەچێت.

– ئامانجی عەسكەرتاریەتیی توركیا و هاوپەیمانەكانی لە ڕفاندنی ئۆجەلان لێدانی زەبرێكی كوش(ندە) بوو لە (پ.ك.ك).

– ...هەروەها بەم بۆنە خەم (ناك)ەوە مەكتەبی سیاسی... دەقی (٣) لا (١٥٣)

– دوو مەسئوول(ۆچكە) لە هەردوو... بۆ چارەسەری نەخۆشی بە تەسادوف لە... بوون. دەقی (٦) لا (١٥٦)

– داخۆ كامیان باشترە و دەتوانن مرۆڤ خۆش بەخت بكەن. جیهانێك بەیەك ناوەندی بڕیار یان جیهانێك بە كۆمەڵێكی زۆر دەوڵەت و دەوڵەت(ۆكە).؟

– ئەو حكوومەتۆكەی كەوا ئێستا... لە دامەزراوە.

– ڕژێمی عێراق لە واری سیاسی توانی رووی شالآوی (نا)مرۆڤانەی بە عەرەبكردن و ڕاگواستن فراوانتر بكا. دەقی (١) لا (١٥١)

– ئەنفال لە رووی كۆمەلآیەتی كاری كردە سەر (تێك)دان و لە بەریەك هەڵوەشاندنەوەی بەشێك لە خێزانەكانی كورد.... دەقی (١) لا (١٥١)

– .... بەرژەوەندییە بالآكانی هەموو لا (تێك) دەدەن.

- برا ئێزیدیە (هاو)خوێن و (هاو)نەتەوە و (هاو)نیشتیمانییەکانمان بە... دەقی (٢) لا(١٥٢)
- ڕێککەوتنی واشەنتۆن یەك سەفقەیە و لێك جیاناکرێتەوە نەبو....

**٢-ڕاناو:**

ڕاناوی خاوەنیەتیش کە وەك نووسەك بەکار دێت لە زماندا هەست و کاریگەری (نێنەر) دەردەبڕێ وەك:

- نیشاندانی هاودەردی (حزبمان) بۆ ... دەقی (٣)(١٥٣)
- ... بۆنەی دەستگیرکردنی سەدامی دکتاتۆر پیرۆزبایی لە گەلی کورد(مان)بە تایبەتی و گەلی عێراق بە گشتی دەکەین(.)... دەقی (١٣) لا (١٦٥)

**٣-ناو:**

ناو زۆر بەچڕی لە بواری ڕاگەیاندن بە کار دێت جا چ ناوی گشتی بێت یان تایبەتی و واتایی و ناوی بکەرو بەرکار...، هەریەك لەم ناوانەش بەستراوەتەوە بە تاقیکردنەوەی کەس و کۆمەڵگە کە ڕادەی واتای کاریگەریان بەدەردەخات بەباش و بەخراپ.

وەك:

- با ساڵی (٢٠٠١) بکەینە ساڵی (ئاشتی) و (تەبایی) و (یەکگرتنی نەتەوەیی).
- هێزەکانی ئەمریکا (محمد حمزه الزبیدی) ئەندامی بەناو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیان دەستگیر کرد.
- ... کە پێش تر حکوومەتی (جەزائیر) کوژرانی نوێنەری (القاعده)ی لە هەمان ناوچە ڕاگەیاندبوو. دەقی (١٦) لا (١٦٦)
- (ئاریێل شارۆن) لەگەڵ ئەندامانی حکوومەتە .... دەقی (١٧) لا (١٦٧)
- پیرۆز بێت لێتان ...هێزی (پێشمەرگە):: (کەرکووك) ئازاد کرا: دەقی (١٨) لا (١٦٧)
- بەبڕیاری (عودەی) هەزاران ئەدیب و نووسەر دەرکران.
- (بەعس) (ئەنفال)ی کرد ئێمەش ئاوەدانی دەکەینەوە.
- با (هەڵەبجە) دوا تاقیگەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و کۆمەڵکوژی بێت.

– لە ئاستی (مەترسی)یەکان ئایا کاتی (ئاشتەوایی) و (یەکگرتن) هاتووە.

– تیرۆر زیان بەخشە دەبێ ئیدانە بکرێ.

– (لەیلا قاسم) نموونەی قارەمانیەتی ئافرەتیی کورد بوو.

– (بارزانی) سەرکردەیەکی سیاسی و ڕۆشنبیرێکی پێگەیشتووی گەلەکەی بوو.

– نە (کویلە)م نە (یاخی)م تەنیا (یەکسانی)م دەوێ.

– (کۆڕەو) گیانی (ئازادیخواز)انەی (کوردستان)ی بەرجەستە کرد.

– لە هەولێر یادی مەرگەساتی (قەڵادزێ) کرایەوە.

– دوای (سەدام) عێراق وەك جاران نابێت، بەڵکو لەلایەن گەلەوە بەڕێوە دەچێت.

– لە باکووری کوردستان (بکوژ)انی کورد بێ (سزا) ئازاد دەکرێن.

– ف–لە ماڵێك کە (علی حسن المجید)ی تێدایە وە کابرای... دەقی (١٩) لا (١٦٨)

– لەوانەیە ژمارەی (کوژراو)ان زیاتریش ببێ.... دەقی (١٥) لا (١٦٦)

– کۆمەڵێك لە چەتەکانی(فدائی صدام) پێك هاتبوو... دەقی (٢) لا(١٥٢)

ئەگەر بێت و سەیری ناوە بەکار هاتووەکانی ڕستەکانی سەرەوە بکەین، دەبینین نەتەوەی کورد هەست و هەڵوێستی باشی هەیە بەرامبەر بەهەندێ ناوی وەك: (بارزانی، لەیلا قاسم، کوردستان، پێشمەرگە، ئاشتی، تەبایی، یەکگرتن، یەکسانی، ئازادیخواز، شەهید....)، بەڵام هەست و هەڵوێستی خراپی هەیە بەرامبەر بە ناوەکانی وەك: (سەدام، علی حسن المجید، محمد حمزەالزبیدی، عودەی، جەزائیر، قاعیدە، ئەنفال، تیرۆر، بەعس، کۆڕەو، ترس، سزا، مەرگەسات، بکوژ، کوژراو، سوپای قودس، فدائی سەدام، هەڵەبجە، قەڵادزێ، یاخی، کۆیلە، نوگرەسەلمان...) چونکە مرۆڤی کورد ئەزموونێکی تاڵی و خراپی لەگەڵ ئەم ناوانەدا هەیە.

واتای کاریگەری لە (ناو)دا بەشێکی زۆری لە ڕێگای ناوناندا دەبێت بۆ نموونە زۆر لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی عەرەبی شەڕی رزگاری عێراقیان بە (ڕزگارکردن) ناودەبرد کەچی هەندێ دەزگای تر بە (داگیرکردن) ناودەبرد.

وەك:

– گ–.... سەیر بکەین میدیاکانی عەرەبی بە تایبەتی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا زۆر –

– بەچڕی ئاماژەیان بەوە دەکرد کە (شەڕی رزگارکردنی عێراق) لەسەر زاریان (شەری داگیرکردن) بوو.. دەقی (٢٠) لا (١٧٤)

دوای هەموو ناونانێك هەست و هەڵویستێك هەیە بەرامبەر بە ڕووداوەکە بۆ نموونە ئەوانەی ناویان ناوە (شەڕی ئازادی) ئەوە پشتگیری لە شەڕەکە دەکەن، کەچی ئەوانەی ناویان ناوە (شەڕی داگیرکردن) ئەوە دژی ئەو شەڕەن، هەر بۆیەش چەندین ناونانی ڕووداو دوای کارەساتەکان لە کوردستان دروست بوون وەك: (ئەنفالکردن، بەعەرەبکردن،...) کە واتای کاریگەریی بەرزیان هەیە.

**٤– ئاوەڵناو:**

ئاوەڵناو بەشێکی گرینگی واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندن پێك دێنێت بۆ ڕەنگدانەوەی هەستی (نێنەر) کە وەسفی (کەس و ڕووداو و شت)ەکانی پێ دەکات .

١– ئاوەڵناوی بارستایی:

وەك:

ڕاپەڕین مەزن بوو، دەسکەوتەکانی مەزنتربوون.

– م– ئەمە زیانێکی گەورە بوو بۆ کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی.. دەقی (٢١) لا (١٨٠)

– هەر شەکاوە بێت ئاڵای پیرۆزی کوردستان.

– تەقینەوەی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی لەسەر جوگرافیایەکی بچووکدا ئاشکرایە ئاکامی چۆن دەبێ.

هەر یەك لە ئاوەڵناوە بارستاییەکانی سەرەوە (مەزن، گەورە، بەرز، بچووك) ئەوا وەسفی ناوەکەی پێش خۆی دەکات . کە ڕەنگدانەوەی بۆچوون و وەسفی (نێنەر)ن.

٢– ئاوەڵناوی رەنگ:

هەندێ لە رەنگەکان لە ڕاگەیاندندا بەکار دێن کە هەڵگری کاریگەریی باش و خراپن.

وەك:

– پارتە (سەوز)ەکانی ئەوروپا[١] پشتگیری لە کورد دەکەن.

---

(١) مەبەست لە پارتەکانی ژینگەیە

- ڕۆژنامەگەری هێڵە (سوور)ەکان تێ دەپەڕێنێ.
- ئەوەی لەم یادداشتە لەسەر هێزە کوردییەکانی ئێمەش پێویستە پەند وەرگرتنە لەو ئەزموونە (ڕەش) و تاریکەی بەسەرمان برد.
- لە ئێراندا شۆڕشی (سپی) و ململانێی مەدەنی.
- کۆفی عەنان کە دەمراست و ڕیش (سپی) نەتەوە و حکوومەتەکانی دنیایە.
- کە تاوانبار عەلی حسن مەجید دەستی (ڕەشی) تاوانی بەسەر زۆربەی ئەو تاوانانە هەیە کە بەرامبەر گەلی کوردمان و بەرامبەر بە(.) عەرەبەکانی خوارووی عێراق کردوویەتی. دەقی (٢٢) لا (١٨١)

هەروەکو لە بەشی دووەم باسمان کرد، بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەنگی (سەوز) واتای ژیانەوە دەدات، هەروەها واتای ئارامی و دڵنیاییش دەبەخشێ، ڕەنگی (ڕەش)یش ناخۆشی و دڵتەنگی و تاوان دەگەیەنێت و ڕەنگی (سوور) مەترسی دەگەیەنێت و ڕەنگی (سپی)یش ئاشتی و چالاکی و پاکی دەگەیەنێت.

٣- ئاوەڵناوی ڕواڵەتی:

ئەم جۆرە بەشێکی گرینگ لە واتای کاریگەریی بواری ڕاگەیاندن پێك دێنێ.

وەك:

- دانیشتوانی شارۆچکەی باعەدرێ ی (خۆڕاگر) لە خۆپیشاندانێکی بەرفراوانی جەماوەری دا. دەقی (٢) لا (١٥٣)
- نموونەی خوورەوشتی (جوان) و ڕەفتاری (باش) بووە. دەقی (٥) لا (١٥٥)
- بەم کارە چەپەڵە ڕژێم دەیویست هەموو ئاسەوارێکی کوردستانی شاری کەرکووك بسڕێتەوە.
- هێزەکانی هاوپەیمانان بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی (لاواز)ی ڕژێمی عێراق گەیشتنە ناوەڕاستی بەغدا.
- ئێستا ئەزموونێکی (گەش) لە کوردستانی عێراق دا هەیە.

هەریەك لەم ئاوەڵناوانەی سەرەوە کە پێکهاتووە لە (خۆڕاگری، جوان، باش، لاواز، گەش، چەپەڵ) هەریەکان وەسفی ڕواڵەتی ناوەکانی پێش خۆیان دەکەن و ڕادەی

کاریگەری و هەڵوێستی (نێنەر) دەردەبڕن.

جگە لە ئاوەڵناو هەندێ ناو وەك ئاوەڵناو لە رستە رەفتار دەكەن، كاتێك دەبنە دیارخەر بۆ ناوەكە كە هەمان كاریگەریی ئاوەڵناوی هەیە.

وەك:

– منداڵانی (كوردستان) لە سادەترین ماف بێ بەشن.

– كارەستانی (هەڵەبجەی شەهید) دڕندایەتیی سەردەم و ئابڕووتكانی مافی مرۆڤ بوو.

– ڕژێمی (عێراق) ژمارەیەك ئەفسەر لە سێدارە دەدات.

– سوپای (قودس) سێ هاووڵاتیی شەهید دەكات.

– ف– ... بە رووخانی رژێمی فاشی دكتاتۆری سەدام حوسێن. دەقی (١٩) لا (١٦٨)

هەریەك لەم ناوانەی سەرەوە وەك (كوردستان، هەڵەبجە، شەهید، عێراق، قودس) كاری ئاوەڵناو دەكات و دیارخەری ناوەكی پێش خۆیەتی واتە وەسفی دەكات، بەمەش كاریگەری پەیدا دەكات كاتی ئەم ناوانە دەبنە دیارخەر. هەندێ جاریش لە زیاتر لە دیارخەرێك بە دوای ناوەكەدا دێت.

كاتێك ئاوەڵناو (پلە) وەردەگرێت، واتە پلەی (بەراورد و باڵا) ئەوا بێگومان ڕادەی كاریگەرییەكەشی بەرزتر دەبێت لە ئاوەڵناوی ئاسایی، چونكە هەر پلەیەك لە پلەی سەرووتری خۆی پەسندترە.

وەك:

هەڵبژاردن لە (بارترین) شێوازە بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی.

– ... ئەمە سەرەڕای (چڕتر)كردنی هێرش و.... دەقی (١٧) لا (١٦٧)

– م– (باشترین) شێوە بۆ رێزگرتن لە بیرەوەری .. دەقی (٢١) لا (١٨٠)

– م– تۆزەك وێنەكەشی (جوانتر) دەبوو. دەقی (٢٠) لا (١٧٤)

جگە لەمەش (ڕادەش) كە چووە سەر ئاوەڵناو، ئەوا كاریگەریی زیاتر یا كەمتر دەبێت.

وەك:

– م– زیانێكی زۆر گەورەیان بە خەڵكی گەیاند. دەقی (٢١) لا(١٨٠)

– م– كە وێنەیەكی زۆر رەشی هەبوو. دەقی (٢٠) لا(١٧٤)

– ن– کاری دوای ئەو رژێمە زۆر گران دەبێت.            دەقی (٢٠) لا(١٧٤)

ئاوەڵناوی ڕستەکانی سەرەوە کە بریتین لە (گەورە، رەش، گران) هەریەکە واتای کاریگەری خۆی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی (ڕادە)ی (زۆر)یان چووەتە سەر، ئەوا کاریگەرییەکەیان زیاتر بووە.

**٥– ئاوەڵکار:**

ئاوەڵکار کە وەسفی کارەکە دەکات، ئەوا هەڵگری واتای کاریگەرییە لە بواری ڕاگەیاندنیش دا هەندێ جۆر لەم ئەوەڵکارانە بەکار دێت وەك:

١– ئاوەڵکاری شێوە:

ئەم جۆرە بۆچوون و دیدی (نێنەر) دەخاتە روو کە بەشی زۆری لە شێوەی لێکچواندنەوە دیاردەکرێ و واتای کاریگەریی زۆر دەگەیەنێ.

وەك:

– عێراقی دوای سەدام (وەك جاران) نابێت.

– ڕانیە (شێرانە) ڕاپەڕی.

– خەڵك ئێستا (ئازادانە) بیردەکاتەوە.

– بەهائەدین نوری (بوێرانە) سەلماندی کوردێکی ئازادی خوازە.

– داواکارین لە دەزگا پەیووەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم و... کە بە (حەکیمانە) بە شوێن ڕووداوەکە و ئاساوارەکانی دا بچن...          دەقی (٤) لا (١٥٤)

– هەرچەندە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە سەرەتا دایە، بەڵام ئەوەی سەپاندووە کە کورد (بە جوانترین) شێوە مومارەسەی سیاسی دەکا.

هەر یەك لەم ئاوەڵکارانەی سەرەوە شێوە و جێبەجێبوونی کارەکە لە دیدی (نێنەر)ەوە دەخاتە ڕوو کە هەڵگری تەزووی هۆش و بۆچوونیەتی.

٢– ئاوەڵکاری هۆ و مەبەست:

ئەم جۆرە پەنجە بۆ هۆی ڕوودانی کارەکە لە دیدی (نێنەر)ەوە ڕادەکێشی.

وەك:

– *منداڵە شیر خۆرەکەی... (لەبرسا) دەگریا.*            دەقی (٥) لا (١٥٥)

– ئافرەتێکی کورد (بەهۆی نەزانینی زمانی تورکی) لە ئەنقەرە، چارەسەر نەکرا.

– (بەهۆی وێنەگرتنێکەوە) سەلەفییەکی... سەردەبڕێ. دەقی (٥) لا(١٥٥)

– گەنجێك بۆ جگەرەیەك ژنەکەی تەلاق دەدات.

هەر یەك لەم ئاوەڵکارانەی سەرەوە هۆی ڕوودانی کارەکە دەستنیشان دەکات. کە هەر یەك لەم هۆیانە کاریگەری خۆی هەیە کە کاریگەر ترینیان، ڕستەی سێیەمە، چونکە هۆیەکەی زۆر پووچە.

٣– ئاوەڵکاری چۆنیەتی:

باس لە چۆنیەتیی ڕوودانی کارەکە دەکات لە دیدی (نێنەر)ەوە.

وەك:

– م– بێ گومان زیان دەگەیەنێتە سەرکاری نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەرئەوەی (بە ماسانی) جێگەی (سۆر جیۆ دی میلو) پڕناکرێتەوە . دەقی (٢١) لا (١٨٠)

– هەندێکی ترشیان بەرەو شوێنانی تری کوردستان و کۆمەڵگە زۆرە ملێیەکان ژیانێکی (کولەمەرگیان) بەسەر دەبرد.

حزبەکان وایان کرد (بەلێشاو) خەڵك، کوردستان جێ بهێڵن.

ئاوەڵکاری ڕستەکانی سەرەوە کە بریتییە لە (بە ئاسانی، کولەمەرگی، بەلێشاو) هەر یەك وەسفی چۆنیەتی ڕوودانی کارەکانی دەکات.

ئاوەڵکاریش کاتێ ڕادەی دەچێتە سەر، ئەوا کاریگەریی ئاوەڵکارەکە زیاتر دەکات.

وەك:

– ف– ئەگەر ڕێگە بدرایە (زۆر زووتر)ئەو شارانە[ی] ئازاد دەکرا. دەقی(١٩)لا(١٦٨) .

– ف–هاوپەیمانان(زۆر زیرەکانە)دەستیان داوەتە ئەو(.) پلانەی کە خۆیان لەدەستیانە.
دەقی(١٩) لا (١٦٨)

**٦–ژمارە:**

واتای کاریگەریی ژمارە لە بواری ڕاگەیاندندا بەپێی ڕستەکە دەبێ، بۆ شتی خراپ تا کەم بێ باشە و بۆ شتی باش تا زۆر بێ باشە، جگە لەمەش هەندێ جار ژمارە زیاد دەکرێت

بۆ هەندێ ژمارە کاریگەریی هەیە کە تایبەتە بە کورد، بۆ نموونە ژمارە (١٠٠٠٠) عەرەبە دە هەزارییەکان دێنێتەوە یاد کە بۆ کەرکووك هێنایانن بە مەبەستی بە عەرەبکردن.

وەك:

– ئێران بڕیار دەدات یەکلایەنە (٢٠٠٠) دیلی عێراقی ئازاد بکات.

– وشك هەڵاتن هەڕەشە لە (١٧٠) ملیۆن کەس دەکات.

– لە کیشوەری ئەفریقیا ئایدز (٢) ملیۆن کەس دەکوژێت.

– بە فەرمانی عەلی حسن مەجیدی خوێنڕێژ (٤٥) سەرباز لە زیندانی فەیلەقی چوار لە سێدارە دران.

– ... پتر لە (٢٠٠) مرۆڤی کوردی لە ژێر ناوی ئەنفال زیندە بەچاڵ و بێ سەروشوێن کرد و زیاتر لە (٥) هەزار گوند و دێهاتی کوردستانی خاپوور و وێران کرد و...

دەقی (١) لا (١٥١)

– بە دەیان هەزار منداڵ بێ باوك بوون... دەقی (١) لا(١٥١)

– هەزاران ئافرەتیش بە هۆی لەدەستدانی پیاوەکانیان... دەقی(١) لا(١٥١)

– لە کاری شوومی بێ سەروشوێنکردنی (٨) هەزار بارزانی ... دەقی (١) لا (١٥١)

–... دواتریش لە ١٩٨٨/٤/١٤ پتر لە (١٨٢) هەزار مرۆڤی کورد لە قۆناغەکانی تری ئەنفال... دووچاری چارەنووسی نادیاری کرانەوە.... دەقی (١) لا (١٥١)

– ئەو ماڵە عەرەبانەی پێیان دەگوترێ (١٠٠٠٠) کاتی خۆی سەدامی گۆڕبەگۆڕ...

– (٤) ئۆتۆمبێل سوتێندران کە یەکێکیان ترێلەی کابرایەکی بەستەزمان بوو...

– بە بڕیاری عودەی هەزاران ئەدیب و نووسەران دەرکران.

– نۆیەم کۆنگرەی ئیسلامی و هەڵوێستی دوو لایەنە.

ئەو ژمارەی کە لە ڕستەکانی سەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە گشتیان واتای کاریگەرییان هەیە بە باش و بە خراپ بۆ نموونە لە ڕستەی (١) چەندی ژمارەی دیلە ئازادکراوەکان زیاتر بێ، باشترە کەواتە کاریگەرییەکی باشی هەیە.

بەڵام لە رستەکانی تر چەندی ژمارە زیاتر بێ ئەوا کاریگەریی خراپتر دەبێ، چونکە

کارەکە خراپە. سەبارەت بە ژمارە (١٠٠٠٠) ئەوا کاریگەرییە واتاییەکەی لە کەمی و زۆریی ژمارەکەدا نییە بەڵکو لە نامرۆڤایەتی ئەو کەسانەیە کە هاتوونەتە سەرماڵ و موڵکی کوردان بەرامبەر بە بڕی پارەی (١٠٠٠٠) جگە لەمەش ئەم عەرەبانە چەندین کاری ناڕەوا و بەدڕەوشتیان ئەنجام داوە، بۆیە کاریگەرییەکی خراپی هەیە، گوتمان زۆر جار ژمارە زیاد دەکرێت بۆ ورووژاندن و کاریگەری زیاتر وەك ڕستەی کۆتایی کە باس لە دەرکردنی (هەزاران) ئەدیب و نووسەر دەکات لە لایەن (عودەی سەدام)ەوە، کە مرۆڤ گومان لە ڕاستی دەکات.

**٧-کار:**

کار لە بواری ڕاگەیاندندا گرینگیی خۆی هەیە، چونکە باس لە ڕووداوەکان دەکات، واتای کاریگەریی کاریش، بەپێی جۆرەکەی دەگۆڕێت. وەك:

١- کاری ڕووداو:

ئەم جۆرە زۆربەی بە چڕی لە بواری ڕاگەیاندندا هەستی پێ دەکرێت؛ چونکە پێوەندییەکی بەتینی بە هەواڵ و ڕووداوەکانەوە هەیە.

وەك:

- *چلکاوخۆرەکانی ڕژێم منداڵانی کورد (دەکوژن).*
- م-دەبێ ئیش بکرێ بۆ (تورهەڵدانی) ئەو عەقلیەتە... دەقی (٢٠) لا (١٧٤)
- سوپای قودس سێ هاووڵاتی (شەهید دەکات).
- لاوێکی تەمەن (٢٣) ساڵای فەلەستینی (خۆی تەقاندەوە).... دەقی (١٤) لا (١٦٥)
- ڕژێم ژمارەیەك لە ئەفسەرانی گاردی کۆماری (دەستگیر دەکات).

هەر یەك لەم کارانەی سەرەوە ئەوا ڕووداو دەگەیەنن. بۆ نموونە هەردوو کاری (دەکوژن، شەهید دەکەن) هەردووکیان گیان لە دەستدانە، بەڵام ڕادەی واتای کاریگەری لە کاری (شەهید دەکەن) زیاترە، چونکە هەستێکی باش دەردەبڕێت، بەوەی کە (شەهید) پلەوپایەکی بەرزی هەیە لە ڕووی ئاین و مرۆڤایەتییەوە، سەبارەت بە کاری (تورهەڵدان) ئەم کارەش هەستێکی قووڵی تێدایە بەرامبەر بە شتە فڕێدراوەکە کە (عەقلیەتی شوڤێنی)یە، کاری (تەقاندنەوە)ش ئەمەش کاریگەریی خۆی هەیە بەوەی کە

شتێك بتەقێتەوە ئەوا تێك دەچێت، بەتایبەتیش ئەگەر بەرکارەکە کەس بێت و بکەرەکەشی هەر خۆی بێت، کە ئەمە بەکارەسات دادەنرێت، بەڵام لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە هیوا هەیە بە کاری (خۆبەختکردن) ناوی دەبات کە هەستێکی کاریگەر دەردەبڕێت بە باشی و هەڵوێست نواندنە بەرامبەر بە ڕووداوەکە، ڕاگەیاندنی بەرامبەریش بە (کردەی تێکدەرانە) ناوی دەبات، ئەویش هەستێکی کاریگەری دەردەبڕێت بە خراپی و هەڵوێست نواندنە دژ بە ڕووداوەکە.

کاری (دەستگیرکردن)یش کارێکە هەڵگری کاریگەریی خۆیەتی؛ چونکە ئازار و ئەشکەنجە و بەندکردن و لە سێدارەدانی بە دواوەیە بەتایبەتیش ئەگەر بکەرەکەی ڕژێم، دارودەستەکەی بێت.

٢- کاری دەروونی:

ئەم جۆرە کاریگەریی دەروونی و هەستی زۆری تێدایە.

وەك:

- من رقم لە ڕیاییکردن دەبێتەوە.
- دایکان و منداڵانی هەڵەبجەی لە بیر کرد.
- بڕوا ناکەم برا عارەبەکان هەستی پێ بکەن.
- ئەوەتا لە بەروبوومی کشتوکاڵی ئەمساڵیان خۆش نەبوون.
- کورد لە سەرتاسەری عێراق لە هەر کوێیەك بووبێت، چەوساوەتەوە.

هەریەك لەم کارانەی سەرەوە ڕەنگدانەوەی هەست و هەڵوێستی (نێنەر) تێدا بەدی دەکرێت.

٣- کاری بارگەیەن:

ئەم جۆرە کارانەش لە بوارەکانی راگەیاندندا دەبینرێن کە ڕەنگدانەوەیان هەستیان تێدایە، چونکە کەرتێکی ئاوەڵناوە.

وەك:

- هەڵبژاردنی پەرلەمان دەسکەوتێکی (گرینگ بوو).
- م-... تۆزەك وێنەکەشی (جوانتر دەبوو).... دەقی (٢٠) لا (١٧٤)

- م- ....ئەم كردەوەیە لە ئەنجامی (بێ ئومێدی بوو)ە.... دەقی (٢١) لا (١٨٠)
- م- .... خەڵكەكە هەستی بە... (ئازاد بوو)ە.... دەقی (٢٠) لا (١٧٤)
- .... لە جێ و شوێنی ئێگجار (خراپ دابوو)ن.
- .... ڕفاندنی ئۆجەلان لێدانی زەبرێكی (كوشندە بوو) لە (پ.ك.ك).

هەریەك لەم كارە بارگەیەنانەی سەرەوە هەڵگری واتای كاریگەرین؛ چونكە نرخاندن و هەڵوێست هەستی (نێنەر) دەردەخات.

٤- كاری ڕەوشتی:

ئەم جۆرە كارە لە بوارەكانی ڕاگەیاندندا بەدی دەكرێت.

وەك:

- م - ئەگەر سەرنجتان دابێت خەڵكە لە خۆشیان دەگریا.... دەقی (٢٠) لا (١٧٤)

هۆزان لە باشوور دەچریكێنێ.

- .... لە عێراقێكی یەكگرتووی فیدراڵی پەرلەمانیدا بەیەكەوە (بژین).

هەریەك لە كاری ڕستەكانی سەرەوە ئەوا هەڵگری واتایەكی كاریگەرییە و وەسفی ڕووداوێك دەكات

**٣-٢-١-٢- ئاستی ڕستەسازی:**

لە بەشی دووەمدا گوتمان واتای كاریگەریی رستە لە ئەنجامی هەڵبژاردنی وشە و ڕێزكردنی كەرەسەكانی دێت كە كاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت، لە ڕاگەیاندیشدا بەهەمان شێوە دێتە بەرچاو وەك:

**١- هەڵبژاردنی وشە:**

(نێنەر) بۆ دەربڕینی هەستی خۆی وشەكان بە ئارەزووی خۆی هەڵدەبژێرێت.

وەك:

- هەندێ كەسی (ئاژاوە گێر) و (گێرەشێوێن) خۆیان خزاندە ناو ڕیپێوانەكە.
- ...هەواڵی ئەو هەوڵە (تیرۆریست)یەمان پێ گەیشت.... دەقی (٣) لا(١٥٣)
- (ڕاپەڕین)ینی ئازاری (١٩٩١)وەرچەرخانێكی مێژوویی بوو.

– (سەلەفی)یەکی (توندڕەو) ژنی خۆی سەردەبڕێ.... دەقی (٥) لا (١٥٥)

– مردن و سەرشۆڕی بۆ (تیرۆرست)ان.

– .... سەرکەوتنی هێزی (پێشمەرگە): کەرکووك ئازاد کرا.... دەقی (١٨) لا(١٦٧)

– خۆشحاڵی دەردەبڕین بەسەرنەکەوتنی ئەم (دەستدرێژی)یە.... دەقی (٤) لا (١٥٤)

– لە کوردستان ڕوحی ئەم(بەرزە فڕ)ە سەربەرزانە شاد رابگرن.

– (خوێنرێژ)ەی سەنعا بە سزای خۆی گەیشت.

– ئەمڕۆ لە کردەیەکی(گیان بەخشی) نوێدا لە ناو شاری.... دەقی (١٤) لا (١٦٥)

– .... لە دوای کردە (خۆبەخت کار)ییەکەی دوێنێ ....

– گ–.... ئاماژەیان بەوە دەکرد کە (جەنگی ئازادی عێراق) لەسەر زاریان (جەنگی داگیرکردن)بوو.... دەقی (٢٠) لا (١٧٤)

وشەکانی سەرەوە وشەکانی وەك: (ئاژاوەگێر، گێرەشێوێن، راپەڕین، سەلەفی، توندڕەو، تیرۆریست، پێشمەرگە، دەستدرێژی، بەرزەفڕ، خوێنرێژ، گیانبەخشین، خۆبەختکار، جەنگی ئازادی عێراق، جەنگی داگیرکردن). هەریەکەیان بە مەبەست هەڵبژاردراون لەلایەن (نێنەر)ەوە.

**٢– ڕیزکردنی کەرستە**

(نێنەر) زۆر جار لە شێوەی ڕێکخستنی ڕستە کاریگەری دەردەبڕێ، واتە هەڵبژاردنی ئەو ڕۆنانە زمانییەی کە بەباشتری دەزانێ بۆ گەیاندنی مەبەستەکە لە ناو هەموو ئەو ڕۆنانەدا کە زمانەکە ڕێگەیان دەدات ،چ کەرسەیەك پێش دەخات، چی دەباتە دواوە، چی لە لایەوە گرینگە و....

وەك:

– *کەرکووك، ئەگەر یەك تاکە کوردیشی تێدا نەبێت، هەر کوردستانە.*

– *لە پیرەمەگرون کوڕ و دایکێك دەکوژرێن.*

– *لە کەرکووك شاڵاوی ڕەش بگیری بەردەوامە.*

لە ڕستەکانی سەرەوە وشەکان لە ڕێزکردنی ئاسایی لایان داوە و (نێنەر) بەگوێرەی ئەو نەخشەیەکە لە مێشکی خۆی دایە ڕێکی خستوون. کە سەرەتا بە زانیاریی گشتی

دەست پێ دەکەن و دواتر زانیارییەکانی تر دەدرکێنێ. بۆ نموونە ڕستەی (١) زمانی کوردی ڕێگە دەدات بەم شێوانەی خوارەوە ڕیز بکرێت:

١–*ئەگەر یەك تاکە کوردیش لە کەرکووك نەمێنێت هەر کوردستانە. (ڕیزکردنی ئاسایی)*

٢–*کەرکووك هەر کوردستانە، ئەگەر یەك تاکە کوردیشی تێدا نەمێنێت.*

٣–*ئەگەر یەك تاکە کوردیشی تێدا نەمێنێ، کەرکوك هەر کوردستانە.*

٤–*ئەگەر کەرکووك یەك تاکە کوردیشی تێدا نەمێنێ، هەر کوردستانە .*

٥–*هەر کوردستانە کەرکووك، ئەگەر یەك تاکە کوردیشی تێدا نەمێنێ.*

٦–*کەرکوك، ئەگەر یەك تاکە کوردیشی تێدا نەمێنێ، هەر کوردستانە.*

٧– *یەك تاکە کوردیش لە کەرکووك نەمێنێت، هەر کوردستانە.*

.... هتد

ئەم ڕستانەی سەرەوە لە ڕووی واتای هۆشەکییەوە یەکسانن بەڵام (بارزانیی نەمر) ڕۆنانی (٦) پەسند کردووە، لە ژێر چەند هۆکارێکی دەروونیدا زانیارییەکان ڕێك خراون کە بەکارهێنانی هەر ڕۆنانێك لەبری ئەوی تریان ئامانجە ڕاستەقینەکەی خۆی ناپێکێ.

سەرەتای هەریەك لەم رستانە بریتییە لە ناوێکی ناسیاوی دەرپەڕیو کە پاشماوەی رستەکەی دراوەتە پاڵ، ئەمیش لە ئەنجامی گۆڕان لەو نەخشەیەیە کە (نێنەر) لە مێشکی خۆیدا بۆ گوتنەکە سازی دەکات کە لە ژێر چەند هۆکارێکی دەروونی ئەنجام دەدرێ. لێرەدا (نێنەر) سەرەتا بەزانیارییە گشتییەکان دەست پێ دەکات دواتر ئەو زانیارییە نوێیانە دەدرکێنێ، بۆلێکدانەوەی واتاش وا ئاسانترە کە لە باسی کۆنەوە بچین بۆ نوێ نەك بە پێچەوانەوە، بۆ ئەوەی (وەرگر) بتوانێ لێی تێ بگات شتی ناپێویست نەڵێ، ئەمەش بەوە ئەنجام دەدرێ کە زانیارییەکان ڕێك بخرێن، واتە لە زانراوەوە بچن بۆ نەزانراو.

**کەرکووك ئەگەر یەك تاکە کوردیشی تێدا نەمێنێ هەر کوردستانە.**

↓ ↓

نەزانراو زانراو

ڕەنگدانەوەی هەستی مرۆڤ لە ڕیزکردندا بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێت(نێنەر)خۆی یا نەتەوەکەی یا حزبەکەی خۆی دەخاتە ڕێزی پێشەوە.

وەك: پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١/٤/٢٠٠٠، نوێنەرانی پێنج حزبی کوردستانی کە پێك هاتبوو لە حزبمان حزبی شیوعیی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان و بزووتنەوەی میللیی کوردستان لەسەر ئاستی سکرتێرەکان، سەردانی هاوینە هەواری سەلاحەدینیان کرد و چاویان بە کاك مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت... دەبینین هەر ئەم هەواڵە ڕاگەیاندنێکی تر حزبەکان بەشێوەیەکی تر ڕیز دەکات.

وەك: کاتژمێر (٣)ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٤/١ بەڕێز (صلاح الدین محمد بهاء الدین) ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، هاوڕێ لەگەڵ وەفدی چوار حزبی کوردستانیی تر، سەردانی بەڕێز کاك مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد... ناوی پێنج حزبە کوردستانییەکانیش بریتی بوون :١- یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، ٢- حزبی شوعی کوردستان، ٣- بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، ٤- پارتی کاری سەربەخۆییی کوردستان، ٥- بزووتنەوەی میللیی کوردستان.

ئەگەر بێتو سەیری داڕشتنی ئەم دوو هەواڵە بکەین بە تایبەتیش ڕیزکردنی حزبەکان، هەر ڕاگەیاندنێك حزبەکەی خۆی پێش خستووە، ئەمەش ئەو هەستە دەردەخات کە هەر ڕاگەیاندنێك حزبی خۆی بەگەورە تر دەزانی.

هەندێ جار (نێنەر) نەتەوەکەی خۆی پێش دەخات لە ڕیزکردندا.

وەك: شەڕەکە گوایە لەگەڵ پۆلیسی پاسەوانیدا کراوە کەچی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە ئەفسەری کورد و تورکمان و ئاشووری و عەرەبیشی تێدایە.

هەستی (نێنەر) لەم ڕستەیەدا بەدیار دەکەوێت کە (کورد)ی یەکەم جار وتووە دواتر نەتەوەکانی تر ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە کورد نەتەوەی یەکەمە لە کەرکوك، ئەم ڕیزکردنەی سەرەوە هەست و هەڵوێستی دەربڕیوە، لەوانەیە لە ڕاگەیاندنێکی تر بەشێوەیەکی تر ڕێزبکرێتەوە.

وەك: .... تاکو تورکمان و عەرەب و کورد بە تەبایی لە کەرکوك بژین.

ئەم ڕستەیەی سەرەوە هەست و هەڵوێستی ئەوە دەدات کە (کورد) سێیەم نەتەوەیە لە کەرکوك ئەوەش دەردەبڕێ کە ڕێژەی تورکمان لە عەرەب زیاترە و هی عەرەب لە کورد

زیاترە لەو شارە.

## ٣- جۆری ڕستەکان

هەندێ جۆری ڕستە هەیە، هەڵگری واتای کاریگەریی بەرزن و ڕاستەوخۆ کاریگەری دەگەیەنن.

وەك:

- ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١) وەرچەرخانێکی مێژوویی بوو

- تیرۆر زیانبەخشە و دەبێ ئیدانە بکرێ.
- لەیلا قاسم نموونەی قارەمانیەتیی ئافرەتی کورد بوو.

نرخاندن

- من زانکۆ بە شوێنێکی زۆر پیرۆز دەزانم.
- .... وایان کرد بە لێشاو خەڵك، کوردستان جێ بهێڵن. (تاوانبارکردن)
- نەکۆیلەم نەیاخیم، تەنیا یەکسانیم دەوێ.
- ئێمە دژی جەنگین و ئامانجامان گۆڕانی بنەڕەتییە. هەڵوێست دەربڕین
- من خۆم بەقەرزاری میللەتەکەم دەزانم، چونکە گۆرانیم بۆ هەڵەبجە نەگوتووە. (پۆزش)

- مردن و سەرشۆڕی بۆ تیرۆریستان.
- ڕووڕەشی و ڕیسوایی بۆ دوژمنانی گەل و کوردستان.
- سەد مخابن بۆ هەفتەنامەیەکی....

سەرزەنشکردن

- پیرۆز بێت جەژنی کرێکاران.
- جەژنتان پیرۆز و هەموو رۆژێکتان جەژن.
- پیرۆز بێ لێتان سەرکەوتنی.... دەقی (١٨) لا(١٦٧)

پیرۆزباییکردن

- خۆشحاڵی دەردەبڕین بەسەرنە کەوتنی.... دەقی (٤) لا(١٥٤)
- .....پیرۆزبایی لە گەلی کوردمان بە... دەقی (١٣) لا (١٦٥)

خۆشحاڵی دەربڕین

- سڵاو لە پێشمەگە قارەمانەکانی لەشکری کوردستان. هاندان

| | |
|---|---|
| – سەری هیچ بەعسییەك ناگاتە پاژنەی پێی .... | جوێندان |
| – م– خۆزگە بمانتوانیبایە بڵێین ... دەقی (٢١) لا (١٨٠) . | ئاوات خواستن |
| – بریا من لە جیاتیی ئەو. | ئاوات خواستن |
| – ف–خۆزیا نەکوژرێ. دەقی (١٩) لا (١٦٨) | ئاوات خواستن |
| – دڵنیاتان دەکەینەوە کە دەستی ئاژاوە گێڕییە. | دڵدانەوە |
| – ف– سوپاستان دەکەم، سوپاس بۆ... دەقی (١٩) لا (١٦٨) | سوپاسکردن |
| – ف– لە خودای گەورە دەپاڕێنەوە کە ئەو شەڕە و... دەقی (١٩) لا (١٦٨) | پاڕانەوە |
| – دەم خۆش سەرۆکی شارەوانی. | دەستخۆشیکردن |
| – ئافەرین بۆ جورئەتت مامۆستا! | سەرسوڕمان |
| – لە کوردستان ڕوحی ئەم بەرزە فرە سەربەرزانە شاد ڕابگرن. | ڕێزگرتن |
| – خوێن ڕێژەیی سەنعا بە سزای خۆی گەیشت. | هەواڵدان |

**٣–٢–١–٣– دەق:**

لە بواری ڕاگەیاندندا دەق بە شێوەیەك دادەڕێژرێ کە (وەرگر) بورووژێنێ بەمە (نێنەر) ئەو وشەو ڕستانە هەڵدەبژرێ کە کاریگەرییان هەیە بۆ ئەوەی پێوەندییەکی گونجاو و ڕێکوپێك لە نێوان (نێنەر و وەرگر) دروست بکات، دەق لە وانەیە ناوەڕۆکەکەی لە هەواڵێکی ڕستەیی تێپەڕ ناکات، بەڵام گەڕانی (نێنەر) بە دوای زەمینەی ڕووداوەکە و هۆ و ئاکام و لێکەوتنەوەی کارەکە وا لە دەقی ڕاگەیاندن دەکات کە ببێتە یەك.و ڕووداوەکان یەکتر تەواو بکەن و پرسیارەکانی (وەرگر) وەڵام بدەنەوە وەك ئەم دەقەی خوارەوە:



**باهۆزێکی شەڕ و ئاژاوە دووز و کەرکووکی گرتەوە**

دوای ئەوەی دەستێکی ڕەش و تیرۆریست شەوی ٢١ لەسەر ٨/٢٢ مەقامی ئیمام عەلیی لە چیای دووزدا تەقاندەوە، شەڕ و ئاژاوە کەوتە نێو خەڵکی دووز و (٥) هاووڵاتیی تورکمان و (٣) هاووڵاتیی کوردی ئەو شارە کوژران و (١٢) کەسیش بریندار بوون. ڕۆژی ٨/٢٣یش ژمارەیەک لە هاووڵاتیانی تورکمانی دووز و چەند شارۆچکەیەکی دیکە و گوندەکان و چەند گەڕەکێکی کەرکووک ڕێپێوانێکی ئاشتییانەیان دەست پێکرد، کە (جەبهەی تورکمانی) بۆ ئاژاوەگێڕی بە چەکەوە خۆی خزاندە نێو ڕێپێوانەکە و شەڕیان بە پۆلیسی کەرکووک فرۆشت و پەلاماری چەند بنکە و دەزگایەکی پۆلیسیان دا و کەسانی سەر بە (جەبهە) چەند ئۆتۆمبێلێکی خەڵکی مەدەنی و دامودەزگای حکومەتیان سووتاند. لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەکدارانی جەبهە و پۆلیس ژمارەیەک هاووڵاتیی تورکمان و پۆلیس کوژران و ژمارەیەکیش بریندار بوون.

دواتریش هێزی هاوپەیمانان بە هاوکاریی پۆلیسی کەرکووک کەوتنە خۆ، بارودۆخەکە کۆنترۆڵ کرا و ڕەوشی شاری کەرکووک ئارام و سەقامگیر بووەوە.

تێکدەران بەڵگەنامە و نووسراوەکانیشیان سووتاند

ئەم دەقەی سەرەوە تەنیا هەواڵی ڕووداوەکان بڵاو ناکاتەوە بەڵکو هەستیش دەردەبڕێت بەرامبەر بە ڕووداوەکە لە ڕێگەی بەکارهێنانی وشە ڕستەی کاریگەر کە هەست و هەڵوێستی (نێنەر) تێدا ڕەنگ دەداتەوە.

وەك:

ناونانی ڕووداوەکە بە (ئاژاوە).

- وەسفکردنی ئەنجامدەرانی تەقاندنەوەی مەزاری ئیمام عەلی لە دووز بە (دەست ڕەشوتیرۆرست) کە هەستێکی ناڕەزایی پیشاندانە دژ بەم کارە.

- وەسفکردنی ڕێپێوانەکەی کەرکووك بە (ئاشتییانە) واتە ڕێپێوانکەران مەبەستیان ناڕەزایی بووە نەك شەڕ و ئاژاوە نانەوە.

- وەسفکردنی چەکدارانی (جەبهە) بە (ئاژاوەگێڕ و شەڕ فرۆش، پەلاماردەر و تێکدەر) کە هەستێکی خراپە و بە دەست درێژیکەر لە قەڵەم دەدات.

جا لەم وشە و ڕستانەدا دەردەکەوێت کە (نێنەر) هەستی باشە بەرامبەر بە هاووڵاتییە تورکمانەکانی، بەڵام هەستێکی خراپی بەرامبەر ئەنجامدەرانی تەقاندنەوەی مەزاری ئیمام عەلی و هەروەها هەستیشی خراپە بەرامبەر بە (جەبهە) کە بووەتە هۆی ئاژاوە گێڕی لە ناوچەکەدا، ئەو وێنەیەی کە لەگەڵ ئەم دەقەشدا هاتووە زیاتر راستی مەسەلەکە دەسەلمێنێ کە بریتییە لە چەند بەڵگەنامە و نووسراوێکی سووتاو وێنە لە راگەیاندندا، کە

لە ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن وەك ڕاستییەك بۆ ڕووداوەکان پشتیان پێ دەبەسترێ دەبنە هۆی کاریگەریی زیاتر لەسەر (وەرگر)؛ چونکە وێنەکان ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر و شایەتن لەسەر ڕاستیی ڕووداوەکان بۆ نموونە وێنەی (عومەری خاوەر) کیمیا بارانکردنی (٥٠٠٠) ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە دهێنێتەوە یاد، کە هەموو دڕندایەتی و ڕەفتاری شوڤینیانەی ڕژێمی تێدا بەرجەستە بووە، کە هەستی هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان دەهەژێنێ.




وێنە کاریگەرییەکی زۆر دەکاتە سەرڕای گشتی وەرووژێنەرێکی کاریگەرە، لە شەڕی ئازادیی عێراقدا ڕاگەیاندنی عێراقی وێنەی فڕۆکەی تێکشکاو و سەربازی کوژراو و برینداری هاوپەیمانانی نیشان دەدا، ئەوەبوو هەستی کەسوکاری سەبازە ئەمریکییەکان ورووژا و یەکێ لەوانەش ئافرەتێك بوو کوڕە فڕۆکەوانەکەی خۆی ناسیبووەوە لە تەلەفزیۆن، ئەم وێنانە بوونە هۆی ئەوەی کە کەسوکاری سەبازەکان تووشی سەدمە ببن، چونکە دوای شەڕی ڤێتنام کوژراو و برینداری خۆیان نەدیبوو هەر بۆیەش سەرۆکی ئەمریکی (بۆش) رای گەیاند کە سەرۆکی عێراقی ڕێککەوتننامەی جنێفی تایبەت بە دیلی شەڕی پێشێل کردووە، سوپای هاوپەیمانانیش لە پاڵ ئەوە وێنەی خەڵکیان نیشان دەدا کە پێشوازییان لە هاوپەیمانان دەکرد و شتیان دەدا منداڵان بە دووربینەکانیان سەیری ئەملاو ئەولایان دەکردو. ئەمەش وای لە بێژەری کەناڵی (ئەبووزەبی) کرد کە بە وێنەگرەکە بڵێ ئەو وێنانە نیشان مەدە ورەی خەڵك دادەبەزێنێ، هەروەها چەندین وێنەی تر وەك ئەوەی سەبازەکانی هاوپەیمانان ئاویان دەدا

بەسەربازە بریندارەکانی عێراق و شتی تریش.

وێنە هەندێ جار ڕاستی ناگوازێتەوە، بەڵکو بۆ مەبەستی پڕوپاگەندە بەکار دەهێنرێ، بۆ نموونە لە ساڵی **١٩٦٨** لە بەرنامەیەکی بەڵگەنامەیی (SBS) بە ناوی (برسێتی لە ئەمریکا) کە کاتژمێرێکی خایاند، تێیدا فیلمێکی پێشکێش کرا، کە منداڵێك لەبرسان و لە ساتەکانی مردنیشی بێژەرەکە (چارڵس کوراڵت) گوتی «ئاسانە ناسینی برسێتی بەم شێوەیە کە شیرەخۆرەیەکی ئەمریکی لە برسان دەمرێت کە ئێستا بووە لاشەیەکی بێ گیان» ئەم وێنەیە بووە هۆی وروژاندنی ملیۆنەها بینەری ئەمریکی، لە ڕاستیشدا وانەبوو؛ چونکە حکوومەتی ئەمریکی دوای ئەم بەرنامەیە بە دوای مەسەلەکەدا چوو و دەرکەوت کە ئەو منداڵەی لە (SBS) نیشان درابوو، دایك و باوکی هەژار نەبوون مامۆستا بوون ، بەڵکو منداڵەکە لە کارەساتێکی ئۆتۆبێل دایکەکەی (٣) مانگ پێش وەخت بە نەکامڵی لەدایك بووبوو و کێشەکەی (٣)پاوەندبوو[١]. ڕژێمی عێراقیش لە ماوەی گەمارۆی ئابووریی سەری، وێنەی منداڵی مردووی نیشان دەدا کە گوایە لەبەرنەبوونی داودەرمانی مردوون بۆ چەواشەکاری، دەیویست ڕای گشتیی پێ بورووژێنێ و گوشار بخاتە سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ لادانی گەمارۆی ئابوورییەکەی سەری، کە لە ڕاستیدا وانەبوو.

---

(١) اوستن انی: ١٩٨٦:٢٧.

## بەشی چوارەم

واتای کاریگەریی پراگماتیکی لە بواری ڕاگەیاندندا

### ٤- واتای کاریگەریی پراگماتیکی لە بواری ڕاگەیاندندا

واتای کاریگەریی پراگماتیکی بەشێکی تری واتای کاریگەری پێك دێنێ لە بواری ڕاگەیاندندا، چونکە (نێنەر) هەموو کاتێك هەستەکانی راستەوخۆ و بە ڕاشکاوی دەرنابڕدرێن، بەڵکو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێن بۆ کاریگەریی زیاتر لەسەر (وەرگر)، بەمە پێویستی بە هەندێ زانیاریی گشتی و دەوروبەری دەروونی دەبێت بۆ لێکدانەوەی قووڵ، لێرەدا (وەرگر) بە بۆچوونی خۆی مەبەستی (نێنەر) لێك دەداتەوە، واتای پشت وشە و نێوان ڕستەکان شی دەکاتەوە کە دەرنەبڕاون.

### ٤-١- کردەی قسەیی:

زۆر ڕستە و دەستەواژە لە بواری راگەیاندندا هەن، وەسفی بارودۆخ ناکەن، بەڵکو زیاتر لە ئەرکێك، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگەیەنێ لەوانەش ئەرکی کاریگەرییە کە بە چەند شێوەیەك دێتە بەرچاو.

### ٤-١-١- کردەکانی ڕستەی هەواڵدان:

زۆر لە گوتنەکانی بواری راگەیاندنی لە شێوەی هەواڵ دێنە بەرچاو، بەڵام ئەرکی جیاجیای وەك (ناڕەزایی، گلەیی، پۆزش، تاوانبارکردن، پاکانە کردن،... هتد) دەگەیەنێ. وەك:

**١-کردەکانی (گلەیی و ناڕەزایی)**

وەك:

- حکوومەتی سووریا ئاستەنگ لە بەردەم ناونانی منداڵانی کورد دروست دەکات.
- شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە بوودجەی ئێراندا بێ بەش کران.
- ف-تا ئێستاش هاوپەیمانان بە تەواوی ڕێگەیان بە پێشمەرگەی کوردستان یان

سەرکردایەتیی کورد(.) نەداوە وەکو پێویست...           دەقی (١٩) لا )(١٦٨)

- پۆلیسی تورك دەستدرێژی دەکاتە سەر ژنێکی کورد.
- ئەستێرەکانی سەرشانت... لە ئاسمانی نیشتماندا حەرام دەگەڕێن.
- بەڕێوەبەری سێ دائیرەیە و لە ماڵەوە مۆر دەکات.
- ... دەیان سیمینارانەیە کە بۆ باسکردنی کاروانی پڕەسکەوتی سەدامی کوردکوژ سازت دەکرد.
- بە کۆمەڵی تاج و نەجمەوە بەڕێوەبەری... کار بۆ هیچ... ناکات.
- پیاوێك بە نیو دەرزەن (نوط شجاعە) وە کرایە بەڕێوەبەری... لە کەرکووك.
- لێپرسراوی... خانووێکی تازە و مۆدێرنی لەسەر زەوییەکی تەجاوز، دورست کرد.
- بریمەر بەناوهێنانی فیدراڵی گرژ دەبێت.
- تاوانباران بەلێبووردنێکی... ئازاد دەکرێت.
- مودیر زڕاعەی... لەو ڕۆژەی ئەمرەکەی لە بەغداوە دەرچووە، منەتی بە کورد و حزبەکەی نەماوە.
- ... ی ئەندام.. تەنیا بۆ خۆی و عەشیرەتەکەی کار دەکەن.
- ڕەسامەکەی قەسر وا لە... دەوام دەکات.
- لە داقوق حوسەینیە لێکۆڵینەوە لەگەڵ یاسادا دەکات.
- لێپرسراوێکی... خانوویەکی تازە و مۆدێرن لەسەر زەوییەکی تەجاوز دروست کرد.
- ... ئەو کوردەی کە قسەیەکی بۆ کورد نەکرد.

**٢-کردەی پاکانەکردن:**

وەك:

ڕۆژێ لە ڕۆژان نەبوومەتە هۆی ئازاردان و کوشتن... هیچ کەسێك.

دڵنیام لەوەی شەخسێکی خراپ نەبوومە.

ئەم تۆمەتە نە لە دوور و نە لە نزیکەوە پێوەندیی بە منەوە نییە.

تا ڕووخانی رژێم من دینارێکم لە... وەرنەگرتووە.

- مانەوەشم لەسەر ڕوتبەی عەسکەری لەبەر خاتری مووچەکەم بوو.
- ... لە ژیانی خۆم مێرووله‌یه‌كم ئەزیەت نەداوە.

ئێمە وەك... یەك تۆزقاڵ بڕوامان بەو مەسەلەیە و بانگهێشتنە نەبووە.

**٣-کردەی پۆزش:**

وەك:

- *داوای لێبووردن لە خوێنەران دەکەم کە...*
- *ئەمەش بۆ مێژوو دەڵێم هەڵەیەکی گەورەیە.*
- *ئاخر کە من ئەوەبم کە هەمە هەڵەیە کە باگەورەش بێ هەڵەیە و کردوومە.*
- *ئێمە بەوپەڕی شەرمەزاری و ناچارییەوە ئەم بەڵێننامەیەمان پڕکردەوە.*
- *باوەڕناکەم.. هەڤاڵەکانم لەسەر هەڵەیەك کە نەدەبوو بیکەم مێژووم بسووتێنن.*

**٤-توانج لێدان:**

وەك:

- *... بە قوتابخانە و زانکۆ دەڵێ مەتکەب.*
- *ئەو ئاردەی... دابەش کرا لە... تەنیا بۆ کولێرە بەگۆشت و پیتزا دەست دەدا.*
- *پۆلیسەکانی بەردەم... بەردەوام واجباتی خۆیان بەجیدی دەکەن و...*
- *ئەبوفلان بە جوانی وەڵامی برا کوردەکانی دەداتەوە.*
- *وێنە جوانەکانی ناوشار ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەبن.*

**٥-گومان دەربڕین:**

وەك:

- *شەڕەکە گوایە لەگەڵ پۆلیسی پاسەوانیدا کراوە.*
- *ف-گوایە شتێکیان بە دەستەوەیە پلانێکیان بەدەستەوەیە کە... دەقی (١٩) لا (١٦٨) لە کاتێکدا کە هەر بەقسەی خۆیان بارودۆخی ناوچەکە زۆر ناسکە و کورد...*

**٦-پانکردنەوە:**

وەك:

- *بڕواناکەم کە... سەر قافڵەی کاروانێکی شەهیدانە بڕیاری لەم جۆرە بدا.*
- من خۆم بە *قەرزاری* میللەتەکەم دەزانم، چونکە *گۆرانیم* بۆ هەڵەبجە نەگوتووە.
- *هەڵوێستی...* بەرز دەنرخێنم کە...

**٧-ئاگەدارکردنەوە:**

وەك:

- پلانێکی تری *ڕاگواستن* و بەعەرەبکردن.
- دڵنیاتان دەکەمەوە کە دەستی *ئاژاوەگێڕییە.*

**٨- تاوانبارکردن:**

وەك:

- ... مەلەفێکی (١٣٠) لاپەڕەییان لە موخابەراتی ڕژێمی *عێراقدا* هەیە.
- ئەم *پاڵەوانە* عەنتیکەیە *فەتوای* کافرکردنی کورد و پێشمەرگەی دەرکرد.
- ... هیچ کاتێك ئامادە نییە مافی کورد بە لاوەنێ و *مساوەمەی* لەسەر بکا.
- هەرچەندە تاوانباری یەکەمی ئەم تیرۆرانە *[دەوڵەتی]* *داگیرکەری ئێرانە.*
- هیچ پێوەندییەکم بە پارتی... نییە و هەر *ئیعترافیشی* پێ ناکەم.
- لەم *دواییەدا* لە... بووی بە دۆستی *تۆرانییەکان* و *دەتپاراستن* بەرگریت لێ دەکەن.
- هەندێ جاریش تاوانبارکردن لە شێوەی *کاریکاتێردا* دەخرێتە ڕوو

وەك:



- کاتێ کە دزەکە دەڵێت:

- من دز نیم... من لێژنەی موشتەرەیاتم.

ئەوا (نێنەر) بە ناڕاستەوخۆی (لێژنەکانی موشتەرەیات) تاوانبار دەکات بە دزی.

**٩- هەڕەشە**

وەك:

- *سزات دەدەم .*

- *ئاسایش بانگ دەکەم.*

**٤-١-٢- کردەکانی ڕستەی پرس:**

ئەو کردانە دەگرێتەوە کە لە شێوەی پرسدا دێنە بەرچاو، بەڵام ئەرکی تر دەبینێ وەك:

**١-گلەیی و ناڕەزایی**

وەك:

- م- ئەگەر... شەڕی ڕزگاریکردنی عێراق نەبێ چییە؟ دەقی (٢٠) لا(١٧٤)

- *ئاخۆ قەدەری کورد هەر زەرەرمەندە؟*

- *کام دەستی ئاوەدانی بە هەڵەبجە گەیشتووە؟*

- *ئۆتۆمۆبیلەکانی علووج بۆ ئاودیو بکرێن؟*

- *چی و... کێمان چەواشە کردووە؟*

**٢-پاکانەکردن و ڕەتکردنەوە.**

وەك:

- *من تۆرانچێتیم دەکرد یا ئێوە؟*

- ... *حزبە کوردییەکان ئەم کارەیان ئەنجام دابێ لە کەرکوك؟*

**٣-پۆزش (پەشیمانبوونەوە)**

وەك:

- ... *بەتەمابووی ئەمە بڵێی؟*

**٤–گومان دەربڕین:**

وەك:

– بەپێی کام شەرعییەت گفتوگۆ دەربارەی چارەنووس و ئایندەی کورد دەکەن؟

– جا نازانم زانیویانە دەستیان بە چ ئاگرێك سووتاوە؟

– ئەوە ئەزموونی دیموکراسییە؟

**٥– سەرسوڕمان:**

وەك:

– تاکەی بەبڕیارەکانی (مجلس قيادة الثورة) کار دەکرێت؟

– ئێوە چۆن میللەتێکن؟

– چۆن وا عاشقی یەك پارچەیی خاکی عێراق بوون؟

**٦– تاوانبارکردن:**

وەك:

– بە راست جوێنت داوە بە زەعیم؟

– ئاشکرایە بەرپرسیارەتییەکە لە ئەستۆی کێیە؟

**٧– داخوازی:**

وەك:

– بۆچی ئێمە دەوڵەتێکی سەربەخۆ نەخوازین؟

– بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاوانبارە داگیرکەرەکانی کوردستان ناداتە دادگا؟

**٤–١–٣–کردەکانی فەرماندان و داخوازیکردن:**

ئەو کردانە دەگرێتەوە کە لە شێوەی فەرماندان و داخوازیدان، بەڵام ئەرکی تر دەگەیەنێ.

وەك:

**١–گلەیی و ناڕەزایی:**

وەك:

– فەرموو وەرە ماڵم ببینە.

– چۆنتان خراپ کرد ئاواش چاکی بکەنەوە.

– هەوڵی دۆزینەوەی بکوژانیان و سزادانیان بدەن.

– دڵمان شەقی برد کاکە ڕوونکردنەوەیەك.

**٢–تاوانبارکردن:**

وەك:

– ئەمە پرسیارێکە و تەنیا... دەبێت وەڵامی بدەنەوە.

**٣–توانج لێدان:**

وەك:

– بڕۆ جارێکی تر ئەو بڕگەیە بخوێنەوە ئینجا دەزانی بۆ چیمان نووسیوە.

– تۆ چاوێك بە بیلۆگرافیای شانۆی کوردیدا بخشێنەوە، ئەوسا دەزانی ناسنامەی هەیە یان نا.

**٤–ئاگەدارکردنەوە:**

وەك:

– با زۆر وریابین!

– دەبێ کورد چاودێری گۆڕانکارییەکان بکات.

**٥–تکاکردن:**

وەك:

– تکایە ئاوڕدانەوەیەك لە ناحیەی...

– تکایە نەیەیت بۆ هەرێمەکەمان،

**٤–٢– نیشانکارەکان:**

نیشانکارەکان لە بواری ڕاگەیاندندا بەکارهێنانێکی بەرچاویان هەیە بۆ ڕێزلێنان و خۆ نزیککردنەوە و دەربڕینی هەست، ئەوەی پێوەندیی بە بواری ڕاگەیاندنەوە هەبێت، نیشانە کۆمەڵایەتییەکانن کە دوو بەشن:

**٤-٢-١- نیشانكارە ڕێژەییەكان:**

كە بەكارهێنانی ڕاناوی كۆدەكرێتەوە كاتێ كە تاكێك بەكاری بێنێ.

وەك:

- ن- *لە دەستپێكدا* پیرۆزباییەكی گەرمت *لێ* دەكەین بەبۆنەی *ڕاپەڕینی بەغدا* و نەمانی *سەرانی ڕژێمی دكتاتۆری بەغدا.* دەقی(٢٠) لا(١٧٤)
- گ-... ئەم پێش *ڕەوییەی هێزی پێشمەرگە* و بە *پاڵپشتی هاوپەیمانان چۆن دەبینن وەك ڕۆژنامەنووسێك؟* دەقی (١٩) لا(١٦٨)

لەبەر ئەوەی (نێنەر) لە ڕستەی (١) تاكە و لە ڕستەی (٢) (وەرگر) تاكە و بە كۆ قسەكراوە، ئەوا بۆ ڕێز لێنانە.

**٤-٢-٢- نیشانكارە ڕەهاكان:**

ئەم نیشانانە نازناو و ناو و ناتۆرەكان دەگرێتەوە كە بۆ دەربڕینی ڕێز و سووكایەتی پێكردن بەكار دەهێنرێت

وەك:

- گ- *(بەڕێز)... ی هەرێمی كوردستان.ئەم كاتەت باش.* دەقی (١٩) لا )(١٦٨)

.. هەواڵی ماڵئاواییی (خاتوو) ...بریكاری...

یان:

- *(سەرهەنگ) قەزافی پشتیوانیی خۆی بۆ دۆزی ڕەوای كورد دووپات دەكاتەوە...*
- گ-*ئا(.) هەروەها لە ئەمریكاشەوە (خاتوو)كۆندەلیزا ڕایزی...* دەقی (١٩) لا (١٦٨)

یان:

لەم ڕستانەی سەرەوە (بەڕێز، كاك، هاوڕێ، خاتوو، سەرهەنگ، ...) بۆ ڕێزلێنان ناوبراوان بەكار هاتوون. كە جەخت لەسەر ڕێز و هەستی (نێنەر) دەكەن زۆر جار بۆ ڕێزلێنان زیاتر لە نازناوێك بەكار دێت وەك:

- بە مەبەستی *تیرۆركردن (بەڕێز) (دوكتۆر)...* دەقی (٣) لا(١٥٣)

یان:

– *گ– ئا (.) (بەڕێز) (کاک)... ئێستا ئاماژە بەوە دەکرێ ...*      دەقی (١٩) لا (١٦٨)

یان:

– *ل– (بەڕێز) (باڵیۆز)... وەکو ئاگەداریت بەرێزت دۆست و...*      دەقی (٢١) لا(١٨٠)

نازناو ئەگەر بەکار نەیەت ئەوا هەستی خراپی نواندنە بۆ ناوبراوان.

وەك:

– *ئاریل شارۆن لەگەڵ ئەندامانی حکوومەتە .....*      دەقی (١٧) لا(١٦٧)

– *سەدام دەبێ بڕوات. نازانم دوێنی بەرکەوتووە یان نا، بەڵام هەر دەبێ بڕوات.*

– *بە بڕیاری عودەی هەزاران ئەدیب و نووسەر دەرکران.*

زۆر جار ڕێز لێنانی لە شتەکاندا دەبێت کە دەگەڕێتەوە بۆ کەسەکە.

– *وەك: بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە (تەلار)ی پەرلەمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئافرتان کۆ دەبێتەوە.*

– *وشەی (تەلار) بەرزی و ڕێزێکی تایبەتی هەیە کە شوێنێکە شایەن بە سەرۆکی پەرلەمانە و جگە لەمەش بەرزی و ڕێزێك دەداتە چینی ئافرەت.*

نازناو هەندی جار بۆ سووکایەتی پێکردن و هەست دەربڕین بە خراپی بەکار دێت

وەك:

– *لە کەرکووك بەفەرمانی (عەلی کیمیاوی) لەبەرکردن و فرۆشتنی جلوبەرگی کوردی قەدەغە کرا...*

– *بە (حاجی ئارئارچی) یان گوتووە حاجی ئێرە شوێنی تۆ نییە.*

لە ڕستەکانی سەرەوە (کیمیاوی، ئارئارچی) دوو نازناون کە ڕەنگدانەوەی هەستی خراپی تێدا بەدی دەکرێ بەرامبەر بە کەسەکان.

نازناو زۆر جار بە زمانی کەسەکە ناودەبرێت ئەگەر بێت و هەستەکە بەرامبەری خراپ بێت.

وەك:

– *دەڵێن (ئەبلە)ی یاریدەدەری بەڕێوەبەری... هەر کوردێك بە دەست بە تاڵی بڕوات بۆ لای ئەوە کارەکەی دوادەکەوێت.*

## ٤-٣- گریمانە پێشەکییەکان:

(نێنەر) بەپێی بۆچوون و لێکدانەوەی خۆی قسە دەکات کە چۆن و چەندی لێ تێ گەیشتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر زانیارییە گشتییەکەی و خۆی و شارەزابوونی لە مەسەلەکە و هەستی بەرامبەر بە دەوروبەر ..

وەك:

- *تاکەی چاوی کامیراکانمان کوێر دەبێت؟*

لەم مانشێتەدا (نێنەر) گریمانەی زۆری کردووە و زۆر شتی سەپاندووە بەسەر ڕاگەیاندنی حکوومەتدا وەك ئەوەی کە دانیشتووانی کوردستان کێشەیان زۆرە، بەڵام ڕاگەیاندنەکان کێشەکان نابینن، ئینجا داوا دەکات و ناڕەزاییی خۆی دەردەبڕێ کە ئەم ئاوڕنەدانەوەیە تاکەی بەردەوام دەبێ.

یان ڕستەیەکی وەك:

- *بۆ چ هەر ئافرەت تاوانبار دەکەن؟*

لێرەدا گریمانەی ئەوە کراوە کە خەڵك ئافرەت تاوانبار دەکەن ئەگەر (پیاو)یش تاوانبار بێت، بۆیە پرسیار دەکات بۆ؟ هۆیەکەی چییە (پیاو) تاوانبار ناکرێ؟

یان:

- *چەوساندنەوەی منداڵان ڕاگرن.*

لەم ڕستەیەشدا ئەوەی سەپاندووە کە منداڵ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەبەردەوامی چەوساوەتەوە، بۆیە داوا دەکات ئەم چەوسانەوەیە کۆتاییی پێ بێت و چی تر منداڵانی کورد نەچەوسێنرێنەوە.

یان:

- *با یادی کیمیابارانی هەڵەبجە هەرگیز لە بیر نەکەین.*

لەم رستەیەدا (نێنەر) ئەوەی گوتووە کە (هەڵەبجە) شارێکی کوردییە لە عێراق و کیمیاباران کراوە لەلایەن ڕژێمی عێراق و کە بووەتە هۆی کوشتنی هەزاران ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی بێ تاوان، ئەگەر چی ئێستا حکوومەت و داوودەزگا هەیە، بەڵام تاکو ئێستاش بەپێی پێویست کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی نەکراوە و ئاوڕێك لە کێشەکانی خەڵکی

ئەو شارە نەدراوەتەوە و سەرەڕای ئەمەش کورد کارەساتەکەشی لە بیر کردووە و بۆیە داوا دەکات ئەم کارەساتە دڕندانەیەی بەسەر کورددا هاتووە، لە بیر نەکرێ و سەرانی ڕژێمی عێراق هەرگیز لەگەڵ دۆستایەتیی کورد دانین.

یان:

- *تیرۆر زیانبەخشە و دەبێ ئیدانە بکرێ.*

لەم ڕستەیەدا (نێنەر) ئەوەی گوتووە کە تیرۆر بووەتە کێشەی سەردەم و ئەم کێشەیە لە کوردستاندا هەیە و پیادە دەکرێ لەلایەن چەند گرووپێکەوە، ئەم کارە زیانبەخشە لای هەندێ گرووپ و حزب ئیدانە نەکراوە، بۆیە پێویستە هەموو بەیەك دەنگ، ئیدانەی بکەین.

- *لێژنەی باڵای سەرپەرشتی بەرەنگاربوونەوەی بە عەرەبکردنی کوردستان ڕێپێوانێکی جەماوەریی ئەنجام دەدات.*

(نێنەر) لەم ڕستەیەدا ئەوەی گوتووە کە لە عێراقدا کورد هەیە و لە کوردستان نیشتەجێن و ڕژێم بەبەردەوامی شوێنە کوردییەکان عەرەبی لێ نیشتەجێ دەکات، کە سیاسەتێکی ڕەگەز پەرستانەیە، بەشێك لە خاکی کوردستان ڕزگار کراوە و بە ئازادی دەژی حکوومەت و پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی هەیە و هەولێر پایتەختییەتی. لە کوردستان چەندین ڕێکخراوی بەرگریکردن لە مافی مرۆڤ هەیە و لەوانەش لێژنەی بەرەنگاربوونەوەی بەعەرەبکردن بۆ داکۆکیکردن لە مافی ئاوارەکان، ئەم لێژنەیەش لێژنەیەکی باڵای لە چەند کەسانێکی پێکهێناوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کارە، ئەم لێژنەیە هەستاوە بە پێوەندیی کردووە بە ئاوارەکانی کوردستانەوە لە کەرکوك و گەرمیان و مەخموور،... کات و شوێنی بۆ ئەم ڕێپێوانە داناوە و جەماوەر کۆبووەتەوە و دواتریش بەرەو نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عەینکاوە ڕۆیشتوون و لیژنەکەش لە پێشەوەی جەماوەر بووینە و یاداشتێکیان پێشکێش کردووە و داوای وەستانی ئەم شاڵاوە و گەڕانەوەی ئاوارەکان دەکەن.

### ٤-٤- دەرکەوتەکانی ئاخاوتن:

بەشی زۆری زمانی ڕاگەیاندن پشت بەپیادەکردنی بنەماکانی ئاخاوتن و هاریکاری دەبەستێت، بۆ ئەوەی ئەرك نەخاتە سەر (وەرگر) بۆ تێگەیشتن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ هەموو کاتێ بنەماکانی هاریکاری لەلایەن نێنەرانەوە دێنە ئەنجام. بەڵکو لە زۆر باردا

بنەماكانی هاریكاری دەبەزێندرێن، بۆ كاریگەریی زیاتر.

**٤-٤-١- لادان لە چەندێتی:**

(نێنەر) بۆ دەرخستنی بیروبۆچوونی خۆی، هەندێ جار لە ئەندازەی پێویست لادەدات، بەمەش مەبەست قووڵ دەبێتەوە و كاریگەری زیاتر دەبێت

وەك:

گ- ... پێت وایە ڕژێمی عێراق تاچەند دەتوانێ سەركەوتوو بێت لەوەی كە شەڕی شەقام بكاتن؟

ف- .ئـ. ئێ، خۆی ئەوەی كە چاودێرە سیاسییەكان و محەللە سیاسییەكان باسی لێوە دەكەن كە ئەوەیە كە ڕژێمی عێراق، رژێمی عێراق و سەركردایەتی ڕژێمی عێراق جۆرە تاكتیكی تازە بەكار دێنێت بۆ ئەوەی كە بتوانن ئە.. زەرەری زیاتر بە هاووڵاتییانی بەغدا بگەیەنن.

گ-بەلێ

ف-= =// بەتایبەتیش هاووڵاتیانی شیعە، وەكو چەند ڕۆژ پێش ئێستا موشەكێك لە گەڕەكی (شلە) درا كە گەڕەكێكی شیعەنشینە بۆ ئەوەی (حولەفا)یانی هاوپەیمانانی پێ تاوانبار بكات، بكەن.

گ- = = = = = = =// بەلێ

ف- بەڵام خۆی بەدیاركەوت جۆری موشەكەكە (٠) ئێ پێ ی دەگوترێت (صمود) وەها حەتا لەسەر ئەوەی پەیامنێری (الجزیرة) یان دەركرد، لەبەرئەوەی بەشێكی ئەو موشەكەی نیشان دابوو

گ- = = = =// بەلێ

ف- = = =// عێراق بە هەموو نەوعێك دەیەوێ ئا: شەڕەكە بهێنێتە ناو شەقامەكانی بەغدا بۆ ئەوەی دروع بەشەریەی كە باسی لێوە دەكەن (٠) بۆ ئەوەی هاوپەیمانان بە تەواوی نەتوانن وەكو ئێ، كۆنترۆڵی بەغدا بكەن.

گ- = = = = = = = = = = = = = =// بەڵێ

ف- بەڵام لە لایەكی ترەوە هاوپەیمانان زۆر زیرەكانە دەستیان داوەتە ئەو (٠) پلانەی

کە خۆیان لەدەستیانە.

گ–بەڵێ

ف– بۆ نموونە دوێنێ وتیان کە چۆن لە ڕۆژ هەڵاتی بەغداوە، لە گەڕەکی زەعفەرانییە بۆ نزیك مەتاری ڕەشید دەچوون

گ–بەڵێ

ف–لەلایەکی تریەشەوە لە باشووری رۆژئاوای بەغدا

گ–= = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = // بەڵێ

ف– کە لە مەتارەوە گەیشتە گەڕەکەکانی مەئمون و ئەمین و ئەوانە ئەمن بە چاوی خۆم لافیتەی ئەوەم دیت ئەو مزگەوتەی کە لە مەئموونە.

گ– = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = // بەڵێ

ف– = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = //کە چۆن ئەوانە تێپەڕیان

(٠) کە چۆن ئەوانە تێپەڕیان کردوو هاتنە ناو بەغدا.

گ–بەڵێ

ف– مەسەلەی ئێستا، ئێستا پێش چەند دەقیقەیەك ئەو دیمانەیە بکەین، من لە کەناڵی (الجزیرة) وێنەی مەتارم دیت کە چۆن سەربازەکانی ئێ: هاوپەیمانان چوونە ناو مەتار و نیشانی دا کە هاتوچۆ دەکەن و دێن و دەڕۆن. رەسمێکی سەدامیشی بەسەرەوە بوو.

گ–بەڵێ

ف–= // ئی. ئینجا، بەڵام مەسەلەی عێراق بۆ ئەوەی کە شەڕەکە زیاتر بتوانێ دوابخا ئەوەیە کە دەیەوێ خەڵکی تێوە بگلێنێ، چونکە دەزانن هاوپەیمانان وەکو رژێمی عێراق بێ ویژدان و مرۆڤ کوژ و زاڵم و زۆردارنین کە ئەوی تر سەوز و وشك پێکەوە بسووتێنن.

گ–بەڵێ

ف– = =// ئینجا لە بەرئەوەی مومکینە، یەعنی وەکو چاودێرێکی میسری باسی دەکرد، لەوانەیە هێرش بۆ سەر بەغدا تۆزێك دوابکەوێ لەبەرئەوەی حولە: تا بە تەواوی پەڕ و باڵی ئەو قوەتە بکا لە دەوروبەری بەغدا کە سەدام دای ناوە. دەقی (١٩) لا(١٦٧)

ئەگەر سەیری وەڵامدانەوەکانی (ف) بکەین بۆ (گ) دەبینین بە گوێرەی پێویست نییە، چونکە دەیتوانی، وەڵام بداتەوە و بڵێ (دەتوانێ شەڕی شەقام بکات یان ناتوانێ شەڕی شەقام بکات) بەڵکو (ف) بە پێشەکییەکی زۆرەوە نۆبەی قسەکردنی گواستووەتەوە بەمەش لە چەندێتی لای داوە.

یان:

ل- بەڕێز باڵیۆز (پیتر گالربێرث) بە ڕای جەنابت ئەم کردەوەیە بە تایبەتی لە دژی ئەو بوو؟

م- بە رای من پیاو پیاوکوژەکان ویستیان پەیامێك بنێرن ئەویش ئەوە بوو(.) کە ئەمریکا ناتوانێت لێپرسراوی گەورەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دا بپارێزێت نازانم ئایا مەبەستیان ئەوە بوو یان دەیانویست نیشان بدەن کە ئەو پەیامە بنێرن و لە نەتەوە یەکگرتووەکان بدەن و کردیشیان. دەقی (٢١) لا(١٨٠)

دیسان لێرەدا (ل) وەڵامی (م) نەداوەتەوە راستەوخۆ کە ئایا کردەوەکە دژی ئەو بوو یان نا، دوای هەندێ بۆ چوون دەڵێ نازانم... کەواتە دیسان بۆ چوون دەربڕاوە بە زیادە ڕۆیی.

**٤-٤-٢- لادان لە چۆنێتی:**

ئەم جۆرە یان زۆر باوە لە راگەیاندندا، هەندێ ڕۆژنامە گۆشەی تایبەتی بۆ تەرخان کردووە لە ژێر ناوونیشانی (پێچەوانەکەی ڕاستە) کە وەك توانج لێدانێك بەکار دێت. لادان لە چۆنیەتی لە چەند ڕێگەیەکەوە دەکرێت وەك:

**١-گاڵتەکردن و توانج لێدان:**

وەك:

- *سوپاس بۆ ئەو نەفسە.*

- *ئەم جارەشیان... سوپاس بۆ وەزارەتی... و... دەنێرێ.*

- *ئافەرین بۆ جورئەتت....*

هەندێ جار ئەو وشەیەی کە گومانی لێ دەکات یان سووکایەتی پێ دەکات. ئەوا دەخرێتە ناو کەوانەوە.

وەك:

- بەڵێ (١٥)ساڵە!!!

- سەدام حوسێن بە ڕێژەی (١٠٠٪)ی دەنگەکان هەڵبژێردرایەوە.

**٢-خواستن:**

وەك:

- بەشەکانی کۆلێژی پەروەردە لە بەندەرەکانی جزر قەمەر دەچێ.

- چەپڕەوەکانی کۆلۆمبیا قەسابخانەیەك دەنێنەوە.

- نەخشەی کۆمەڵایەتیی عێراق پێکهاتەیەکی مۆزایکیی ئاڵۆزە.

**٣-ئاماژە پێکردن:**

وەك:

- دەڵێن (ئەبلە)ی یاریدەدەری بەڕێوەبەری... هەر کوردێك بە دەستبەتاڵی بڕوات بۆ لای ئەوا کارەکەی دوا دەکەوێت.

- وشەی (ئەبلە) ئاماژەیە بۆ ئافرەتێکی تورکمان.

- ل- بەڵێ ڤیان بۆ خوشەویستی یەکەمە.

- ب- لەو خۆشەویستییەدا تەنیا.. ماسۆشیەت دەبینم.

لێرەدا خۆشەیستی گوتنی (ب) ئاماژەیە بۆ (خۆشەویستی) گوتنی (ك) کە گاڵتەی پێ دەکات و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هەڵەیەکی گەورەی کردووە.

**٤-کەمکردنەوە:**

وەك:

- گ- دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆر لەو شوێن و ناوچانە ئێستا ئازارکراون (٠) ئا، ئەم پێشڕەویەی هێزی پێشمەرگە (٠) بە پاڵپشتی هاوپەیمانان چۆن دەبینن وەك ڕۆژنامەنووسێك؟

- ف- بەڵێ. ئا. لە حەقیقەتدا ئەوەی باسی لێوە دەکرێ مەسەلەی پێشڕەوی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان مەسەلەکە لەوانەیە گەورە بکرێ...
دەقی (١٩) لا (١٦٨)

لێرەدا (ف) پێشڕەویی هێزی پێشمەرگە کەم دەکاتەوە.

یان:

ح– چۆنە وا لە... پێکەوە تەبان و ماسی لووش دەکەن؟

م– خەتێکی زەعیف لە نێوان هەردوو لامان و... ماوە و نەپچڕاوە. دەقی (٦) لا(١٥٦)

لێرە (ح) کارەکەی بە گەورە زانیوە کەچی (م) لە گەورەییی ئەم کارەی کەم کردووەتەوە و بە سادەی ناوی بردووە.

**٥– زیادەڕۆیی:**

وەك:

– *وێنەیەك دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان دەتۆقێنێ.*

– *هەموو شەڕەکان شەڕن دژی منداڵان.*

– *دێی...لە بێ ئاویدا خەریکە دەسووتێت.*

**٤–٤–٣– لادان لە گونجان:–**

ئەم جۆرە بە دەگمەن لە راگەیاندندا بەرچاو دەکەوێ، چونکە بۆ خۆدزینەوە لە وەڵام ڕوو دەدات کە کاتێ لەلایەن (نێنەر)ەوە ئیحراج بکرێ.

وەك:

– هـ– هەواڵی ئەوە هەیە کە چەکدارەکانت دەستیان هەبووبێت لە تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی...

– ا– = = = =// باقسەکەم تەواوکەم.

**٤–٤–٤– لادان لە شێواز:**

وەك:

لە یادی کارەساتی جینۆسایدی بەناو ئەنفالدا.

– هێزەکانی ئەمریکا (محمد حمزة الزبيدي) ئەندامی بەناو ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شورشیان دەستگیر کرد.

– شەڕەکە گوایە لەگەڵ پۆلیسی پاسەوانیدا کراوە.

لەم ڕستانەی سەرەوە (نێنەر) بەگومانەوە قسە دەکات. هەندێ جاریش بەشێوەیەکی لێڵی وەك:

– بە دوو خوێنەوار هاووڵاتییەك دەکرێن.

– تا ئێستاش دوایین قسە و داگیرکەرانی کورد هەر کوشتن و گوللەیە.

لێڵیی رستەی (١) لەوەدایە وشەی (هاووڵاتی) دوو واتای هەیە:

(ڕۆژنامەی هاوڵاتی) و (هاونیشتمانی)

لیڵیی رستەی (٢) لەوەدایە، ئایا کورد (داگیرکەرە) یان (داگیرکراوە)

**٤–٥ رۆنانی ئاخاوتن**

واتای کاریگەری لە ڕۆنانی ئاخاوتن بەپێی دوو بنەماکە دەبێت.

**٤–٥–١ نۆبەگرتن:**

لە کاتی قسە هەندێ هۆکار هەن کە دەبنە هۆی ورووژاندنی بەرامبەر

وەك:

**١– توندوتیژیی قسەکردن**

توندوتیژی قسەکردن و بەرزکردنەوەی دەنگ و بەیەکداچوونی قسە، هۆکارێکی گرینگە بۆ وروژاندن، کە لە راگەیاندنەکانی کوردیدا بەرچاو ناکەوێ و زیاتر لە بەرنامەیەکی وەك (الاتجاه المعاکس)دا ڕوو دەدات:

وەك:

– ك– پارتی... ئەو... کە لە گەڵیدانییە..

ع–============== // هەردوو چاوت دەردێنم، بەخراپی باسیان بکەی

– س... کەواتە ئێوەش وەکو هەموو...

– ش– ============ // من رێت پێ نادەم بەهیچ شێوەیەك سەرکردەکانی کورد لەگەڵ یەکی وا بەراورد بکەی.

**٢- گوتنە ناپەسندەکان:**

بەپێی هۆکارەکانی ناپەسەندی دەبێت.

وەك:

١- بەدواخستن

١-بە وەستان پێش وەڵام.

وەك:

گ- = = = = = =// بەڵێ

← ف- (٠) ئوچو، کو، وەك تاوانبارێکی جەنگ تا بمایە... دەقی (١٩) لا(١٦٨)

٢ بەبەکارهێنانی پێشەکی:

کە بەچەند شێوەیەك دەبێت.

وەك:

گ- ئەگەر پێت وایە ڕژێمی عێراق تاچەند دەتوانێ سەرکەوتووبێت لەوەی کە شەڕی شەقام بکاتن؟

← ف-ئـ.ئێ. خۆی ئەوەی کە چاودێرە... دەقی (١٩) لا )(١٦٨)

ف- ئەم کاتەت باش فەرمووی.

← گ- زۆر سوپاس (٠) ئێ:: ئەمڕۆ بەربەیانی... دەقی (١٩) لا (١٦٨)

یان:

گ- بەڵێ

←ف-= = // ئێ ئینجا، بەڵام مەسەلەی عێراق. بۆ ئەوەی... دەقی (١٩) لا (١٦٨)

یان:

ل- بەڕێز باڵیۆز... بەڕای جەنابت ئەم کردەوەیە بەتایبەتی لە دژی ئەوبوو؟

←م- بەڕای من پیاوکوژەکان ویستیان پەیامێك بنێرن، ئەویش ئەوەبوو کە ئەمریکا ناتوانێت لێپرسراوی گەورەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق بپارێزێت. نازانم ئایا مەبەستیان تەنیا ئەوبوو یان دەیانویست نیشان بدەن کە ئەو پەیامە بنێرن و لە

نەتەوەیەکگرتووەکان بدەن و کردیشیان. دەقی (٢١) لا(١٨٠)

یان:

ف- ... لە ژێر تەعزیبی ئەشکەنجە و ئازار (٠) تەعزیبی(٠)

⟵ گ = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = // بێ نەفسی بایە..

بەڵێ.. دەقی (١٩) لا (١٦٨)

ن- بەڵێ

⟵ م-... یەعنی شەڕی یەعنی(٠) ڕێگەچارەی شەڕی... دەقی (٢٠) لا (١٧٤)

یان:

ل- بەڕێز باڵیۆز...

⟵ م-... وا بزانم (... لەسەر لیستی... هەموو کەسێك دابوو وەکو کاندیدا بۆ سکرتێری گشتی ئایندەی نەتەوەیەکگرتووەکان.... دەقی (٢١) لا (١٨٠)

٢- بەدەست نیشانکردنی هۆ و پاساو دۆزینەوە

وەك:

⟵م- ماوەی چەندین ساڵ لە دائیرەی... بریتی بوو لەوەی کە مامۆستای زمانی کوردی بووم.

یان:

هـ- تا رووخان... ئاڵوگۆڕ دەکرد.

⟵م- تەنیا... نەبێ ئەویش ئەوکات تەواو نائومێد بووبووم و بیری لەڕێگا چارەیەك دەکردەوە.

٣- لە ڕێگەی ڕەتکردنەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

وەك:

ا- ئەی سەبارەت بە...

⟵ د- خوا شاهیدە لەم ڕۆژنامەیەدا زانیومە...

**٤-٥- ٢- جووتەگوتن:**

**١-سەرەتاو کۆتاییی ئاخاوتن**

وەك:

گ- بەڕێز.. هەرێمی کوردستان ئەم کاتەت باش. } سەرەتای ئاخاوتن

ف- ئەم کاتەت باش فەرموو.

دەقی (١٩) لا (١٦٨)

یان:

ن- کاك... ئەم کاتەت باش. } سەرەتایی ئاخاوتن

م- زۆر سوپاس کاتی ئێوەش باش. دەقی (٢٠) لا(١٧٤)

یان:

ن-زۆر سوپاس. } کۆتایی ئاخاوتن

م-سوپاس. دەقی (٢٠) لا(١٧٤)

یان:

گ- بەڕێز... زۆر سوپاس. } کۆتایی ئاخاوتن

ف- سوپاس. دەقی (١٩) لا (١٦٨)

**٢- بەرکۆتایی:**

وەك:

ن- بەڵێ بەڕێز... ئەگەر لە کۆتاییدا شتێك هەبێت ئاماژەی پێ بکەن؟ } بەر کۆتایی

م- زۆر سوپاس، سوپاس بۆ گوێگرانیش.

دەقی (٢٠) لا (١٧٤)

**٣-خۆ دەربازکردن.**

وەك:

س-... جائەگەر مەسەلەکە..

ش- = = = = = = = = = = // کاتمان بەرەو تەواوبوون دەچێ، ببوورە دوا وتەت.

س– من لەگەل ڕای... دانیم.

**٤– پێش ڕاگەیاندن**

وەك:

⟵ ن– بەڵێ (٠) ئەگەر سەیر بکەین میدیاکانی عەرەبی بەتایبەتی لە چەند ڕۆژی رابردوودا زۆر بەچڕی ئاماژەیان بەوە دەکرد کەشەڕی ئازادی عێراق لەسەر زاریان جەنگی داگیرکردنی بوو... تۆ چۆن دەڕوانیتە ئەم هەموو بۆچوونەی ئەوان چەند ڕۆژە ڕاپەڕینی ئەمڕۆکەی خەڵکی بەغدا؟

م– لە راستیدا ئەو شەڕە بەسەرۆکایەتی هاوپەیمانان شەڕێك بوو بۆ رزگارکردنی گەلی عێراق... دەقی (٢٠) لا (١٧٤)

گ– بەڵێ. میدیاکانی جیهان هەروەها بەتایبەتی فەرماندەی (سیلیە) لە قەتەر کە راستەوخۆ سەرپەرشتی ئازادکردنی عێراق دەکاتن سو (٠) سوپای ئازادکردنی عێراق ئاماژەیان بەوە دەکرد کە عەلی کیماوی کوژراوە لە بەسرە ئە

ف– = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = // بەڵێ

گ– ئەوە تاچەند کاریگەری دەبێ لەسەر ورەی میلیشیا و بەعسییەکان لە بەرامبەر سوپای هاوپەیمانان...؟

ف–ئە(.)ئاشکرایە کە عەلی حەسەن مەجید یەك لە ستوونەکانی ڕژێمی عێراقە.

گ–= = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = // بەڵێ

دەقی (١٩) لا (١٦٨)

**٥– نرخاندن:**

وەك:

ن–... تۆ چۆن دەڕوانیتە ئەم بۆچوونەی ئەوان چەند ڕۆژە و ڕاپەڕینی ئەمڕۆکەی خەڵکی بەغدا؟

م–لە راستیدا ئەو شەڕە بەسەرۆکایەتی هاوپەیمانان شەڕێك بووە بۆ رزگارکردنی عێراق لە ستەم و زەبر و چەوساندنەوە رژێمی، دکتاتۆری بەعس هەر بۆیەش من بەشەڕی رزگاری ناوی دەبەم، ئەگەر ئێوەش سەرنجتان دابێت نەك تەنیا لە بەغدا لە عیمارە کە

دەکاتە میسان ناوەکەی کرا بە(میسان)، لە سەردەمی حکوومەتی گۆڕبەگۆڕی عێراقدا دەتوانم بڵێم لەو ڕۆژە ئەو ڕژێمە کۆتایی پێ هات بووە... دەقی (٢٠) لا(١٧٤)

ل- بەڕێز باڵیۆز (...) وەکو ئاگەداریت بەڕێزت دۆست و هاوڕێی نزیکی بەڕێز (...) بووی لە یوغوسلافیای پێشوو تەیمووری ڕۆژهەڵات ئەم ڕووداوەی لە بەغدا لە دژی نەتەوەیەکگرتووەکان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

م-ئەمە زیانێکی گەورەبوو بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (...) یەك لە ئەستێرە گەشاوەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بوو لە ناو ریزەکانی (UN) دا بەرزبووەوە، لە چەندین شوێنی جیهان کاری کردووە وەك مۆزەمبیق و کەمبۆدیا و وڵاتی بەڵقان و تەیمووری ڕۆژهەڵات (٠) پێش ئەوەی بچێتە بەغدا (٠) وەك وا بزانم (...) لەسەر لیستی هەموو کەسێك دابووە وەکو کاندیدا بۆ سکرتێری گشتی ئایندەی نەتەوەیەکگرتووەکان (٠) دیبلۆماتێکی زۆر تایبەت بوو دەیتوانی گوێ بگرێت و لە هەڵوێستی خەڵك تێ بگات و قەناعەتیان پێ بکات بێ ئەوەی هیچ فێڵێك بەکار بهێنێت و تێیان بگەیەنێت کە لە بەرژەوەندییانە بەقسەی ئەو بکەن (٠) ڕۆڵێکی زۆر گەورەی لە عێراق بینی (٠) لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی کورت لەوێ بوو زۆر کاری کردووە بۆ مافی مرۆڤ و ڕەوایی لە عێراقدا لە پشتی پەردەدا زۆر کاری کرد بۆ ئەوەی ئەنجوومەنی دەسەڵاتداریەتی لەعێراق بەباشی کار بکات (٠) ئەو تیرۆرستانەی دوێنێ ئەو کارەیان ئەنجام دا زیانێکی زۆر گەورەیان بەخەڵك گەیاند، هەروەها بەنەتەوەیەکگرتووەکان و لە سەرووی هەمووشیانەوە گورزێکی گەورەبوو لە دژی ئەمریکا. دەقی (٢١) لا (١٨٠)

**٦-پیرۆزبایی**

وەك:

ن- لە دەستپێکدا پیرۆزباییەکی گەرمت لێ دەکەم بەبۆنەی ڕاپەڕینی بەغدا و نەمانی سەرانی ڕژێمی دکتاتۆری بەغدا.

م- ئێمەش پیرۆزبایی لە ئێوەی بەڕێز و تەواوی گوێگرانی خۆشەویست و تەواوی گەلی کوردستان دەکەین کە ئەمڕۆ تەواوی عێراق بەباشووری کوردستانیشەوە، لە ئاهەنگ گێڕان و خۆشی دابووە، بەبۆنەی نەمانی ئەم ڕژێمە سەرکوتکەرە و دکتاتۆرە.

دەقی (٢٠) لا (١٧٤)

### ٧- گلەیی و ناڕەزایی

وەك:

ش- ئەو قسانە ڕەت دەکەینەوە.

ف- ئەنجام // نازانم چۆن رەتی دەکەیەوە لە سەرەتای بەرنامەی تۆ هەردەڵێی رەتی دەکەینەوە کەچی هیچت رەت نەکردەوە!

ش- (٠) (بێدەنگ).

زۆر جار نارەزایی لە شێوەی کاریکاتێردا دەبێت وەك:

- ئەرێ دیقمان کرد و خوێندن هەر نەبوو بە کوردی..

- ئامینێ و لەیلێ شەڕیانە

لەسەر چەپکێ رێحانە

نازانم خەتای کامیانە.




### ٨-تاوانبارکردن

وەك:

ف- سەرەتا... دەست پێ دەکەین، دیارە بەکۆی دەنگ بینەران لەسەر ئەو ڕایەن کە

کوردەکان ڕۆڵێکی باش دەگێڕن، بەڵام لە هەمان کاتدا گوێمان لە پێچەوانەی ئەمە دەبێت لە هۆیەکانی ڕاگەیاندن ئەوانەی لە واقیعدا روودەدەن لە خاکی عێراق وەك لەدەرەوەی عێراقیش گوێمان لێ دەبێت کەسیاسەت پاکتاوی ڕەگەزی زۆر ترسناك کوردەکان پێی هەڵدەستن لە عێراقی نوێداو ئیستیغلالی ئەوە دەکەن بارودۆخی عێراق (٠) ئەوانەی کە لە عێراق ڕوو دەدەن تا دوای...

ش- لە راستیدا دوکتۆر... ئەوانە پڕوپاگەندەی بەمەبەستن و ڕەتی دەکەینەوە (٠) ئاگەداری ئەم پڕوپاگەندانە نین، قەناعەتی جەزیرە و زۆر کەناڵی تریش پڕە لە عێراق بەپانی و بەدرێژی لە ڕاگەیاندنی عەرەبی و ئەمریکی و ئەوروپی و یابانی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی دەوڵەتان کە هەموویان لە عێراقدا هەنە گوێمان لێ نەبووە.

ق- ئـ(.)

ش-= // تەنیا لە هەندێ ڕووداوی تاك نەبێ، لێرە و لەوێ، بەڵام کە سیاسەتی مەنهەجی کوردی هەبێت بۆ سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی، دژی برا عەرەبەکان لە ناوچە کوردییەکان ئەم قسەیە ڕاست نییە و رەتی دەکەینەوە.

# بەشی پێنجەم

مەبەست و پلەی واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا

**٥- مەبەست وپلەی واتای کاریگەری لە بواری ڕاگەیاندندا:**

زۆر جار لە زماندا وشە و ڕستەی کاریگەر بۆ کارکردنە سەر (وەرگر) و ڕازیکردن یان شێواندنی ڕاستی بەکار دێت. ڕاگەیاندن لەو بوارانەیە کە گرگنگی دەدات بە واتای کاریگەری بۆ دواندنی هەست و سۆز تاکو کاریگەری بکاتە سەر ئەقل و ویژدانی جەماوەر و بۆ لای مەرامەکانی خۆی ڕای بکێشن[١]. چونکە وشە و رستەکان کاریگەرییەکی تەلیسماویان هەیە لەسەر (وەرگر). ئەگەر کاریگەری نەبوایە (سوقرات) نەیدەتوانی لاوە گریکەکان کۆ بکاتەوە و فەلسەفەو بیروڕای خۆی لە مێشکیاندا بچەسپێنێ، هەروەها (عبدالله بن زیاد) نەی دەگوت قسەی خەوارجەکان خێراترە بۆ دڵ لە خێراییی پەروانە بۆ ئەگر[٢] و هەر وشە و ڕستەش بوون کە (حایم وایزمان) سەرۆکی بزووتنەوەی جوولەکە لە ساڵی (١٩١٦) تەزووی هۆشی ئینگلیزەکانی پێ سەراوژێر کرد لە بەرژەوەندی (ئیسرائیل) و بەڵێنی (بەلفۆر)ی بەدەست هێنا[٣]. بواری ڕاگەیاندن بۆ زۆر ئەرکی جیاجیا پشت بە واتای کاریگەری دەبەستێت وەك: ئاراستە گۆڕین و ڕازیکردن و پەروەردە و تاقیکردنەوەی کاردانەوە...[٤] کە بەپلە و مەبەستی جیاجیا بەکار دێت. کەواتە واتای کاریگەری بواری ڕاگەیاندن بەکارهێنانێکی لە خۆوە نییە، بەڵکو بە مەبەست و وشە و رستەکان هەڵدەبژێرێن بۆ کارکردنە سەر (وەرگر) تاکو ئامانجەکانی بێتەدی کە لە دوو خولگەدا دەسوڕێتەوە[٥]:

**٥-١- هەست دەربڕین:**

یەکێ لە ئامانجەکانی(نێنەر) لە بەکارهێنانی واتای کاریگەری، هەست دەربڕینە، کە(نێنەر) دەربارەی خۆی دەدوێت، بەرامبەر بەکەس و ڕووداو دەوروبەر جا

(1) Adrian and others: 1984:398.

(٢) فخري الدباغ: ١٩٨٢:٧٢.

(٣) مصطفى المصمودي: ١٩٨٥:٢٧١.

(٤) طلعت همام: ١٩٨٨:١٩.

(٥) محمد خليفة بركات: ١٩٧٤:٢١٢.

بەشێوەیەکی ڕاست بێت یان خۆی وا بنوێنێ کە خاوەنی ئەم هەستەیە، کە بەزۆری لەسەر وتاری ڕۆژنامەکان بەدیار دەکەوێت.

هەست دوو جۆرە[١]:

١- هەستی ڕەسەن

کە ڕەنگدانەوەی ڕوون و ڕاستەوخۆی هەڵچوونێکە لە دڵ و ویژدانی (نێنەر) هەڵدەقوڵێ بە مەبەستی هەست دەربڕین.

٢-هەستی خوازراو:

ئەم جۆرە هەستە (نێنەر) خۆی وا دەنوێنێ کە خاوەنی ئەم هەستەی واتە خۆی بەشدارییەکی ڕاستەقینەی تێدا ناکات، بەڵکو تەنیا بۆ مەبەستی هەست وروژاندنە.

هەریەك لەم دوو هەستەش بەکار دێت بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی مرۆڤ کە سەرەتاکەی بەکاریگەری کردنە سەر بیر و هۆشی دەست پێ دەکات[٢].

لە هەست دەربڕیندا جەخت دەکرێتە سەر هەستی ڕەسەن کە لە ویژدانەوە هەڵدە قولێ و ویست و خودیەتیی (نێنەر) دەچەسپێنێ[٣] ئەگەر بابەتییانە و واقیعیانە هەست دەربڕێ.

### ٥-١-١- پلەکانی هەست دەربڕین

کاتێ لایەنی کاریگەری ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن شی دەکرێتەوە، لە هەردوو ئاستی (سیمانتیك و پراگماتیك)دا، دەگەینە چەند پلەیەکی هەست کە بەرامبەر بە کەس و ڕووداو و شت و دەوروبەر دەربڕاون کە ڕەنگدانەوەی هەست و بیری (نێنەر)ە .کە پلەکانی بەم شێوەیەی خوارەوەیە[٤]:

هەستی باش

هەستی نزیك لە باش

هەستی نە باش نە خراپ

هەستی نزیك لە خراپ

---

(١) سعيد توفيق: ٤١٦:١٩٩٢.

(٢) اسكندر الديك و مصطفى اسعد: ٦٧:١٩٩٣.

(٣) محمد كاظم البكاء: ٨:١٩٨٨

(٤) محمد خليفة بركات: ٢١٣:١٩٧٤

هەستی خراپ

هەستی نزیك لە تەمومژاوی

هەستی تەمومژاوی

کە لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەقی ڕاگەیاندن بۆ ڕستە و دەستەواژە و وشە بەدەست دێت. بۆ نموونە ئەگەر ڕستە و وشەکانی ئەم دەقەی خوارەوە شی بکەینەوە، دەبینین هەستەکانی (نێنەر) بەرامبەر بە کەس و ڕووداو و شتەکان بەم شێوەی خوارەوەیە:



# با زۆر وریا بین!

جەلیل محەمەد شەریف

بە ڕاستی ئەو بەیانە هەبین کە لەکاتی هێرشی ئازادکردنی عیراقدا بەیەکمان داو هاوبەشیمان کرد لەو ڕووداوە گەورەیەدا.

بەڵام هەندێ لە پاشماوەی کۆنە بەعسییەکان و پیاوانی سوخابەرانی عیراقی بەبەتی تر کە چاویان هەڵنایە ئەم ئازادییە ببینن، بیر لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان دەکەنەوە کە لە دەستیان چووە، ئەم جۆرە کەسانە هەوڵ دەدەن لاوانمان بە هەڵەدا ببەن بەوەی فرسەتێک بۆ ئاڵای کوردستان بهێنن، هاتیان دەدەن بچنە گز سەربازەکانی هاوپەیمانەکاندا کە دەیانەوێ لە هەندێ شوێندا ئەو ئاڵایە داگرن، ئەو لاوانەش کە کەم تەزموون و ساویلکەن، زوو هەڵدەچن و کردەوەی نابەجێ دەکەن بەرامبەر ئەو سەربازانە. ئازاتن هەموو مەبەستی هاندەرەکان ئەوەیە نێوان کورد و هاوپەیمانەکان تێکدەن و بیانکەن بە دوژمنی یەک، لەبەر ئەوە جارێکی تر دەڵێم: جەماوەری کوردستان زۆر وریابن ئەکەونە تەڵەی دوژمنانەوە و پشتیان هەڵنەتلیسکن. با بەرپەرچی هەموو ناحەزان و نیازخراپان بدەینەوە و دروشمی هاوپەیمانی خۆمان و هاوپەیمانەکان هەڵگرین و هەموو پیلانێکی دەروون ڕەشەکان تێکدەین و بیکەین بە هەڵم.

دەبێ بڵێین کە ڕۆڵی لایەنە سیاسییەکان و ڕۆشنبیرییەکان بۆ هێنانەدی ئەم هۆشیاری و وریابوونە، ڕۆڵێکی گەورەو ئەرکێکی هەمیشەیییە.

لەم هەل و مەرجەی پاش ئازادی هاتۆتە پێشەوە وەزعێک کەوتووە، دەبێ دروشمی سەرەکیی هەموو حیزب و لایەنەکان ئەوەبێ، داوا لە جەماوەری گەلەکەمان بکرێ کە دەبێ زۆر وریابن. چونکە هەرچەندە دەسکەوتی ئازادی شتێکی زۆر گەورەیە و زۆر قوربانیی بۆ دراوە و دەیەها ساڵە چاوەڕوانی دەکەین، بەهەمان جۆر پاراستنی ئەم دەسکەوتە کارێکی گەورەو هەماهەنگیی دەوێ لەگەڵ هۆشیارییەکی قووڵ.

ئەم وتەیەم بۆیە دەڵێم، لە ڕۆژانی ناسکی وەک ئەمڕۆی ئێمە، ئەرکی پاراستنی ئازادی و ڕێ خۆشکردن بۆ ئەوەی سیستمی تازە بەئاسانی هەنگاو بنێ بەرەو عیراقێکی سەربەست و خۆش گوزەرانو دیموکراتی.

ئێمەی کورد یەکێ لە بنەماکانی سەرکەوتنی دوارۆژی باشترمان ئەوەیە. کە لەگەڵ هێزە هاوپەیمانەکاندا تەبابین و باوەڕمان

١– ئازادیی عێراق.

٢– حکوومەت – حزب و لایەنەکان – جەماوەری کوردستان.

٣– هاوپەیمانان.

٤– لاوانی کوردستان – ئاڵا داگرتنی کوردستان – کات.

٥– پاشماوەکانی ڕژێم – بەگژداچوونی هاوپەیمانان.

٦– عێراقی تازە.

٧– داورودەستەی ڕژێم کە کاری تێکدەرانە ئەنجام نادەن.

کە لە ئەنجامی ئەم لێکدانەوانەی خوارەوە پلەکان ڕیز کراوە:

١– (نێنەر) هەستی باشە بەرامبەر بە ڕووداوی (ئازادیی عێراق)، چونکە بە ئازادی ناوی ناوە و بە دەسکەوتی گەورە وەسفی کردووە.

٢– هەستی نزیکە لە باش، بەرامبەر بە (حکوومەت) و (حزب و لایەنەکان) و

(جەماوەری کوردستان) چونکە بە (قوربانیدەر) ناوی بردوون، بەڵام گلەییشیان لێ دەکات کە بەکارێکی ئەوتۆ هەڵنەستاون کە خەڵکی وشیار بکەنەوە تاکو بەپیلانی ناحەز و دوژمنان نەکەونە هەڵەوە.

٣- هەستی نە باش و نە خراپە بەرامبەر بە (هاوپەیمانان) هەرچەندە گلەیی ئاڵادگرتنی کوردستانیان لێ دەکات .بەڵام لە هەمان کاتیشدا بە هاوبەشبوون ناویان دەبات لە پرۆسەی رزگاریی عێراقدا.

٤- هەستی نزیکە لە خراپ بەرامبەر بە ڕووداوی (ئاڵادگرتن) لەلایەن هاوپەیمانان .هەروەها دیسان بەرامبەر بەو کاتەی کە ئەم ڕووداوانە بە خۆوە دەبینێ کە چارەنووسی کورد لە نێو دووڕیانێکدایە، بە هەمان شێوە هەستی بەرەو خراپە بەرامبەر بەلاوانی کورد کە بە (ساویلکە) و (نەزان) و (زووهەڵچوو) وەسفیان دەکات و کاری بەگژداچوونیان بە نابەجێ وەسف دەکات.

٥- هەستی خراپە بەرامبەر بە دارودەستەی ڕژێم و کۆنە بەعسییەکان و هیی تر کە بە (دوژمن) و (ناحەز) (نیازخراپ) و (پیلانگێڕ) و (دەروون ڕەش) وەسفیان دەکات و تاوانباریان دەکات بە:

چاو هەڵنەهاتن بەبینینی ئازادیی عێراق.

فرمێسك ڕشتنی بە درۆ بۆ ئاڵای کوردستان .

بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کە لە دەستیان چووە.

بە هەڵەدابردن و هەڵخەڵەتاندنی لاوانی کوردستان .

هاندانی لاوان بۆ بەگژداچوونی سەربازانی هاوپەیمانان.

٦- هەستی نزیکە لە تەمومژاوی بەرامبەر بە(عێراقی تازە).

٧-هەستی تەمومژاوییە بە(پاشماوەکانی بەعس) کە کاری تێکدەرانە ئەنجام نادەن.

جا هەستەکان بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەبنە سەر(باش، بێ لایەن، خراپ). واتەپلەکانی(١،٣،٥).

**٥-١-١-١- هەست دەربڕین بە باشی:**

کاتێك (نێنەر) هەڵوێستێك یا ڕووداوێکی بە دڵ دەبێت هەستی خۆی بە باشی دەردەبڕێت وەك: دەقی (١٨) لا (١٦٧) (نێنەر) هەستێکی باش بەرامبەر بە رووداوی ڕزگارکردنی

شاری کەرکووك دەربڕی ئەویش، لە ڕێگەی ناونانی هەواڵەکە بە (مژدە) و هەروەها (پیرۆزباییکردن) لە خەڵکی کوردستان و ناولێنانی گرتنی کەرکووك بە (ئازادکردن) و داواکردن لە جەماوەر بۆ زەماوەند و شایی لۆغان گێڕان... هتد.

- هەست دەربڕین زۆر جار بەرامبەر بە شت دەبێت بۆ نموونە: دەقی (٩) لا (١٦١) (نێنەر) هەستی خۆی دەربارەی ڕۆژنامەیەك دەردەبڕێت کە دەڵێت:
- ڕۆژنامەی (...) هەر لە ژمارە سفرییەوە تا ئەوڕۆ بەر لە هەموو شتێك دروشمی سەربەخۆیی کوردستان بەرز ڕاگرتووە و تەشیی بۆ هیچ داگیرکەرێك نەڕستووە.
- لەسەر هاووڵاتێتی و برایەتی ئەو گەلە کەم ژمارانەی کردووەتەوە کە لە کۆنەوە لەگەڵ نەتەوەی کورد وا لەسەر خاکی کوردستان ژیاون.

گرینگیی داوە بە بیروبۆچوونی نووسەر و ڕۆشنبیرانی... تەنانەت دژ بیرانیش.

نرخی گرانی ئەم ڕێبازەی داوەکە بووەتە هۆی تیرۆرکردنی سەرنووسەرەکەی شەهید...

ئەم نرخاندنەی (نێنەر) دەربارەی رۆژنامەیەك هەست دەربڕینە بەباشی و نرخ و کاریگەریی خۆی دەبێ بە تایبەتیش ئەگەر (نێنەر) کەسێکی پرۆفیسۆر و ناوداربێت.

هەست دەربڕین زۆر جار بەرامبەر بە (کەس) دەبێت وەك: (سەرۆکی دەوڵەت و سەرکردە سیاسییەکان و کەسانی شۆڕشگێڕ) کە ستایشی دەکەن بۆ کار و کردەوە چاکەکانی، بەڵام زۆر لە هەستەکان کاتێ (وەرگر) دەی خوێنێتەوە، دەبینێت لەگەڵ واقیعدا ناگونجێن و دوورن لە راستی بۆیە (وەرگر) گومان لەو نووسەرە دەکات و هەستەکەشیان جێگەی ڕێز نییە. چونکە تەنیا بەمەبەستی مەرایی و خۆ نزیککردنەوە و دەستکەوت و پلەوپایە دەبڕاون، هەر بۆیەش خەڵك بەقەڵەمی بەکرێگیراو و خۆفرۆش لە قەڵەمیان دەدات وتەکانیشیان دەچنە خانەی پڕۆپاگەندە، بۆنموونە دەقی (٨) لا(١٥٩) (نێنەر) باس لە سەرکردەیەك دەکات کە بە بیروڕای زۆربەی خەڵك ملهوڕ و خوێنمژە و وڵاتەکەی کاول کردووە، کەچی (نێنەر) باس لەڕۆڵی چاك و شیاوی ئەو سەرکردەیە دەکات و داوا. لە خوا دەکات کە بیپارێزێت و بە (مجاهد) لە قەڵەمی دەدات و بەوەفاداری دادەنێت بۆ وڵاتەکەی بەخزمەتکاری میللەتەکەی دەزانێت، چەندین وشە و ڕستەی کاریگەرتریش کە هەر هەموو دەقەکە هەست و هەڵوێستە بەرامبەر بەم سەرکردەیە، کە هیچ وشە و رستەیەکی ئەم دەقە لەگەڵ واقیع و ڕاستیدا ناگونجێ و پێچەوانەی راستین .بەڵام هەندێ جاریش لەگەڵ واقیعدا گونجاوە، بۆ نموونە هەستی (نێنەر) لە دەقی (١٢) لا(١٦٤) بەرامبەر بە

ڕۆژنامەنووسی (سوید)ی شەهیدکراو (گادگرۆس) بە هەستێکی ڕەسەن دادەنرێت، چونکە بە ویژدانەوە قسە کراوە و (نێنەر) هەستێکی باشی لە پاڵ چەند وشەیەکی وەك :وەسفکردنی بە(چالاك)و(خاوەن توانا)و(شەهیدی ڕۆژنامەوانی)هەروەها خستوویەتییە ناو مێژووی نەمرانی کورد و ڕۆژنامەنووسە شەهیدەکان.

**٥-١-١-٢- هەست دەربڕین بە بێلایەنی**

(نێنەر) لە هەندێ بابەتی هەستیاردا هەوڵ دەدات، خۆی بێلایەن و دوورەپەرێز ڕابگرێ و هەواڵ، یا دەقی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی بابەتی دەرببڕێ دوور لە هەست وسۆز و کاریگەری بۆیە بەوردی مامەڵە لەگەڵ باسەکەدا دەکات و پەنا دەباتە بەر ئەو وشە و ڕستە و دەستەواژانە کە تەنیا هەڵگری واتای هۆشەکین دوورن لە واتای کاریگەری تاکو بێلایەنیی خۆی لە کێشەکە ڕابگەیەنێ. بۆ نموونە: دەقی (١٥) لا(١٦٦) دەتوانین بەنموونەی هەستی بێلایەنی دابنێین، چونکە (نێنەر) ڕووداوەکەی بە (خۆتەقاندنەوە) و شوێنی ڕووداوەکەشی بە (قودسی ڕۆژئاوا) ناوبردووە جا بۆ خۆلادان لە لایەنگیری و نەورووژاندنی هەست زۆرجار (نێنەر) پەنا دەباتە بەر چەند ڕێگەیەك[١]:

١-بەکارهێنانی ڕستەی بکەر نادیار.

وەك:

- لە داقوق سووکایەتی بە یاسا کرا.
- دوای حەوت ساڵ هەوڵی کوشتنەکەی عودەی ئاشکرا کرا.
- لە زیندانەکانی سووریا کوردەکان ئەشکەنجە دەدرین.

٢- گێڕانەوەی زانیاری بۆ سەرچاوەیەکی نادیار یان سنوردار.

وەك:

- سەرچاوەیەکی بەرپرس... کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ، ڕای گەیاند...
- دەڵێن پارێزەرێکی کۆنە بەعسی بەناو (زەعیف)...
- ژێدەرێکی بەرپرس لە دەسەڵاتی هاوپەیمانان بە... ڕاگەیاند...

٣-بەکار هێنانی بڵاوکراوەیەکی ڕازیکەر.

وەك:

---

(١) عبدالستار جواد: ١٩٩٨:٧٧.

- ڕۆژنامەی... لەسەر زاری چەند سەرچاوەیەکی ئاگەدار پێی ڕاگەیاندین.
- سەرچاوەیەکی ئاگەدار پێی ڕاگەیاندین کە هەوڵی یەکگرتنەوەی هەردوو حزبی...
- بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو ڕۆژی...

### ٥-١-١-٣- هەست دەربڕین بەخراپی:

کاتێ (نێنەر) ڕووداوێك یان هەڵوێستێکی بەدڵ نابێت، ئەوا هەستی بە خراپی دەردەبڕی، وەك: دەقی (٢) لا (١٥٢) (نێنەر) هەستی بەخراپی دەردەبڕێ بەرامبەر بەڕووداوەکە لە ڕێگەی هەندێ وشەی وەك: وەسفکردنی سوپای عێراقی بە (داگیرکەر) و چەکدارەکانی (فدائیی سەدام) بە (چەتە) و گرتنی بەرزاییەکانی بە (داگیرکردن) ناو دەبات و ئەنجامی کۆتایی هێرشەکەش بە (سەرشۆڕی) وەسف دەکات کە هەر هەموو ئەو وشانە دەری دەخەن کە هەستی (نێنەر) خراپە بەرامبەری بە ڕژێم و سوپاکەی. دەقی (١) لا (١٥١) بەهەمان شێوە هەست دەربڕینە بەرامبەر بە ڕژێمی عێراقی لە یادی کارەساتی (ئەنفال)دا کە بە(ڕژێمی داگیرکەر) ناوی دەبات و تاوانباری دەکات بە پیادەکردنی سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی دژی کورد کە تێیدا چەندین وشەی کاریگەری تێدا بەکارهاتووە وەك (ئەنفالکردن، زیندەبەچاڵکردن، بێ سەروشوێنکردن، خاپوورکردن، بێ نازکردن، بێ کەس کردن، کیمیاباران، بەعەرەبکردن، دەستگیرکردن و ڕاگواستن،...)و وەسفکردنی شاڵاوی ئەنفال بەکاری (دڕندانە، هۆڤیانە، نەگریس، چەپەڵ، نامرۆڤانە،...هتد) هەروەها گلەی لەکۆمەڵگەی نێودەڵەتی دەکات کە لە ئاست ئەم کارەساتە بێدەنگ بووە و داوای دیاریکردنی چارەنووسی ئەنفالکراوەکانی نەکردووە. زۆر جار هەست دەربڕین بە خراپی بۆ (کەس) دەبێت. کاتێك کە (نێنەر) پەیامێکی ڕەخنەگرانە. بۆ کەسێك دەنێرێ هەست و هەڵوێستی خۆی بەرامبەر پەیامێکی، بە (وەرگر) و کار و کردەوەکانی دەردەبڕێ، و ئەم هەستەش لەگەڵ بۆچوونی (وەرگر) ناگونجێ و دەبێتە مایەی وروژاندنی بۆ ئەم مەبەستە زۆر جار شەڕە وتاری لێ دەکەوێتەوە و ڕۆژنامەکان سەرقاڵ دەکەن، هەیەکەیان چەند وشە و ڕستەیەکی کاریگەر بەکار دێنن و هەست خۆیان بەخراپی بەرامبەر یەکتر دەردەبڕن و کۆنەقین نوێ دەبنەوە نموونە دەقی (١٠) لا (١٦٢) کە وەڵامێکە بۆ (...) کە ڕەخنە لە بۆچوونی (وەرگر)دەگرێت و چەندین وشە و ڕستەی کاریگەر و برینداری پێ دەڵێت.

وەك:

...نەیزانیوە چ دەڵێ و سەری لە ئێمەی خوێنەریش شێواندووە.

- *بابەتەکەی پچڕ پچڕە.*

- *هەڵەی زۆری کردووە.*

چەندین وشە و ڕستەی کاریگەرتریش کە تەنیا مەبەستی (نێنەر) ئەو تاکە کەسەیە کە وەڵامەکەی بۆ ناردووە .

هەست لە ڕاگەیاندندا زۆرجار بێلایەن نابێ، بەڵکو هەست دەربڕینەکەی بەلایەکدا دەشکێتەوە، بەمەش لایەنگیری دێتەکایەوە.

### ٥-١-٢- لایەنگیری لە ڕاگەیاندا

زۆر جار ڕۆژنامە و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەلایەن کەسانێکەوە تاوانبار دەکرێن کەبابەتی نین و لایەنگیرن، بۆ ئەم مەبەستە (یوهان ینکوفسکی) دەڵێت: (زانیاریی بابەتی، تەواو نییە و ناتواندرێ ئەنجامیش بدرێ، چونکە بەگوێرەی بیردۆزەکانی بابەتی نییە، بەڵام ناشێ نکۆڵیی لێ بکرێ، بۆیە بابەتی و لایەنگیری دوو شتی دژیەك نین، بەڵکو وەك یەك گونجاون جا لە پێناوی ئەوەی کە بابەتی بین دەبێ لایەنگیر بین).

لایەنگیری لە ڕاگەیاندندا بە چەند ڕێگایەك دێتە ئەنجام، یەکێ لەو ڕێگەیانەش بەکارهێنانی (واتای کاریگەری)یە کە لە ڕێگای وشە و ڕستەی کاریگەر (نێنەر) هەست و هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێ، لە شەڕی ئازادیی عێراقدا کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی عەرەبی وەك: (ئەلجەزیرە و ئەلعەرەبیە، ئەبووزەبی..) لایەنگیری ڕژێمی عێراقیان کرد دژی هێزەکانی هاوپەیمانان و شەڕەکەیان ناونابوو (شەڕی عێراق، شەڕی سەیتەرە.. شەوی ٢٠٠٣/٣/٢٨ لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی (ئەبووزەبی)، (صبحی غندور) لە سەنتەری حیواری عەرەبی لە واشەنتۆن ڕای گەیاند کە ئەم ناوانە هەمووی ڕاستن و بیروباوەڕی دەربڕاون، هەر هەمان شەو لە تەلەفزیۆنی (LBC)ی لوبنانیدا مێزگردێکیان بۆ ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە شەڕی ئازادیی عێراقدا بەست لە بەرنامەی (المرصد) بۆ پرۆفیسۆری ڕاگەیاندنی لە زانکۆی واشەنتۆن (لیرد اندرسون). و. (د. نبیل دجانی) پرۆفیسۆری ڕاگەیاندن لە زانکۆی ئەمریکی لە بەیروت، و (مجدە ابو فاضل) بەڕێوەبەری پەیمانگەی دانپێنراوەکان، لەم بارەیەوە گوتی: ئەستەمە ڕەوشتی ڕاگەیاندن لە شەڕدا بەکار بێت و بێلایەن بن، کەواتە (لایەنگیری) دیاردەیەکە و نکۆڵیی لێ ناکرێ، لایەنگیری واتای کاریگەری زۆر جار لە ڕێگەی وشە هاواتاکاندا دەبن، کەواتای هۆشەکیدا یەکسانن و لە واتای کاریگەریدا جیاوازن وەك ئەم دوو ستوونە:

| ستوونی (٢) | ستوونی (١) |
| --- | --- |
| خۆپیشاندان | ئاژاوە نانەوە |
| موسڵمان | ئیسلامی |
| ڕووداوی کوشتن | قەسابخانە |
| هەڵۆکان | بازرگانانی شەڕ |
| نسکۆ | هەرەس |
| چرپە | پڕوپاگەندە |
| کەموکووڕی | هەڵە |
| مانگرتن | یاخیبوون |
| بیری جیاواز | بەرهەڵستکار |
| دەستدرێژی | تاوان |
| نرخی گیانی | ئاین |
| جوولانەوەی نرخ | بەرزبوونەوەی نرخ |
| دەستبەسەر | گیراو |
| دەست پێوەگرتن | قاتوقڕی |
| وڵاتانی باشوور | وڵاتە هەژارەکان |
| وڵاتە دیموکراتییەکان | وڵاتە ڕۆژئاواییەکان |
| وڵاتە نووستووەکان | وڵاتە دواکەوتووەکان |
| جیهانی ئازاد | ڕۆژئاوا |
| کەسی ناحەز | سیخور |
| تەبایی | شەڕی سارد |
| تەنگژەی کەنداو | شەڕی کەنداو |
| کردەی ئاسمانی | بۆردومانی ئاسمانی |
| وڵاتە مامناوەندییەکان | وڵاتانی هاوپەیمان |

| ڕژێمی... | دەوڵەتی.... |
|---|---|
| توندڕەو | سەلەفی/ ئسوولی |
| زنجی | ڕەش پێست |
| چاودێریی چاپەمەنی | پشکنینی چاپەمەنی |
| چاودێری میری | ڕێنوێینی فەرمی |
| مەرج | ڕێنوێنی |
| عەرەبەکانی فەلەستین | فەلەستینیەکان |
| داوای لێ کرد | پێی ڕاگەیاند |
| فەرماندان | بڕیاردان |
| دەمەقرێ | گفتوگۆ |
| شیوعی | چەپڕەو |
| دوژمنکاری | کردەی سەربازی |
| جوو (یەهودی) | یەدی |
| تورکەکانی چیا | کوردی تورکیا |
| هێزی شەڕکەر/هێزی داگیرکەر | هێزی هاوپەیمانان |
| پیلان | ڕێککەوتن |
| باکووری عێراق | کوردستانی عێراق |
| هێرش | کشان |
| تیرۆریست | چەکدار |
| شەهیدبوون | کوژران |
| بەعەرەبکردن | ڕاستکردنەوەی ناسنامە (پەرەپێدان) |
| کردەی تیرۆریستی | کردەی گیانبەخشین |
| کوردستانی تورکیا | باکووری کوردستان |
| پاشەکشێکردن | کشانەوە |

هەریەك لەم دوو ستوونە هەڵگری هەست و هەڵوێستن و کە ستوونی (١) کاریگەریی زیاترە لە ستوونی (٢). کە هەستی تێدا کەمترە.

ئەگەر بێتو سەیری دەقی (١٤) لا (١٥٦) بکەین دەبینین لایەنگیریی فەلەستینییەکان دەکات دژی ئیسرائیلییەکان، ئەویش لە ڕێگەی دوو وشەی بەکار هاتوودا دەردەکەوێت (کردەی گیانبەخشین) و (قودسی داگیرکراو) ئەم دوو وشەیە سەرەڕای واتا هۆشەکییەکانیان ئەوا واتای کاریگەریشیان هەیە، بۆ نموونە وشەی (کردەی گیانبەخشین) کە ڕووداوێکی خۆتەقاندنەوەیە لەناو پاسێکی نەفەرهەڵگر، بێگومان کردەی واش بووەتە هۆی لێکەوتنەوەی زیانێکی زۆری گیانی کە بریتییە لە کوشتنی(یازدە) سەرنیشین و بریندار‌بوونی ژمارەیەکی تر لە ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە کە کارێکی نامرۆڤانەیە هەموو کەس سەرکۆنەی دەکات جا هەر کەس و لایەنێك بێت و دژی هەر کەس و لایەن و مەزهەب و ئاینێك بێت، جا ڕووداوێکی وا بە (کردەی گیانبەخشین) دابنرێ ئەوا لایەنگرییەکی زەقی ئەم کارەساتەیە و بە ڕووداوەکە دڵخۆشە، چونکە گیانبەخشین وشەیەکی پیرۆزە و مرۆڤ گیانی خۆی لە پێناو شتی پیرۆز دەبەخشێ وەك پارێزگاریکردن لە نیشتمان و نەتەوە و ئاین و شەرەف، کە پلەی شەهید وەردەگرێ، جێگەی ڕێز و شانازییە ئەویش بە وەستان لەبەرەی جەنگ و بەربەرەکانێی هێزی داگیرکەردا، نەك بەکاری تیرۆریستی دژی ژن و منداڵ هەروەها وەسفکردنی شاری قودس بە (داگیرکراو) کە ئیسرائیل دەکاتە داگیرکەر و ستەمکار بەمەش مافی داوەتە فەلەستینییەکان کە بە هەموو شێوازێك دژی داگیرکەر بجەنگن.

### ٥-٢- هەست ورووژاندن:

لەم هەستەدا ڕووی پەیام لە (وەرگر)ە و مەبەستی (نێنەر) دروستکردنی هەست و ئارەزوویەکی تایبەتییە لە (وەرگر) تا بیوروژێنێ. بەهەر شێوەیەك. جا دڵی خۆش بکات یا ڕای پەڕێنێ و هەڵوێستێکی لا دروست بکات.

کاریگەری کردنە سەر مرۆڤ و وروژاندنی پێوەستە بەپێویستییەکانی کەس و جەماوەر بۆ ئەم مەبەستە (ماسلۆ) لە ساڵی (١٩٥٤) پێداویستییەکانی مرۆڤی لە قووچەکێکدا بەگوێرەی گرینگێتی خستەڕوو[١]. ئەگەر هەریەك لەم پێداویستییانەی

(١) فاخر عاقل: ١٩٧٦:٣٩٣.

مرۆڤ تووشی کێشە بێت یان گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، ئەوا مرۆڤ دەورووژێ و هەست و هەڵوێستی لادروست دەبێ[١].




بۆ نموونە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو لە ئەفریقیا پێویستی بە ئاوی پاکی خواردنەوە و نەخۆشخانە و قوتابخانە زیاترە لە ڕادیۆیەك کە گوێبیستی گۆرانی و هەواڵەکانی بێت، بەڵام لەوانەیە لە کۆمەڵگەیەکی تر گرینگ بێت ئەگەر پێداویستییەکانی تریان تەواو بێت[٢]. بۆ نموونە دەقی (١١) لا (١٦٣) بڕیاری گۆڕینەوەی دیناری چاپی سویسری بە (١٥٠) دیناری چاپی تازە بووە هۆی وروووژاندنی جەماوەری کوردستان و چونکە میللەت زیانی لێ کەوتبووە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار و بەمەش نرخی شتومەك بەرز بووەوە. هەروەها (ئاشتی) پێداویستییەکی گرینگی ئەمریکییەکان بوو لە شەڕی ڤێتنام جەماوەری وروووژاند و کاریگەری خۆی کرد و شەڕەکەش بەکشانەوەی سوپای ئەمریکا کۆتایی هات[٣]. کەواتە وروژاندن پێوەستە بە تێرکردنی پێداویستییەکان یان نەبوونی، وروووژاندن بەدوو شێوە ڕوو دەدات:

(نێنەر) هەستی خۆی بەئاسایی دەردەبڕێ، بەڵام ئەم هەست دەربڕینە لەگەڵ

(١) عزیز حنا داود و ناظم هاشم: ١٩٩٠:٢٦١.

(٢) ا.ب.فولکیس:١٩٨٦:٨.

(٣) روبرت شولز:١٩٩٤:٥٦.

بیروبۆچوونی (وەرگر) ناگونجێ یاخۆ دەگونجێ.

٢ – (نێنەر) خاڵی بێ هێزی (وەرگر) دەورووژێنێ و خۆی هاوهەستی دەکات بۆ ئەوەی هەڵویستێکی لادروست بکات، هانی بدات.

وروژاندن زیاتر بۆ گۆڕینی ئاراستە دەبێت، ئاراستە: سیفەتێکی جێگیر نییە لە کەس و کۆمەڵگەو بریتییە لە کۆمەڵێ چەمك و بیروڕا و نەریت کە بەستراوەتەوە بەدەوروبەرێکی دیار و، دووجۆری هەیە[1]:

**١–ئاراستەی باش:**

ئەم جۆرە ئاراستەیە بۆ بەرژەوەندی گشتی و خزمەتکردنی گەل و نەتەوەیەك وەك پەروەردەکردنی هاونیشتمانی چاك و تەبایی و نیشتمانپەروەری و کاری خێرخوازی.

**٢–ئاراستەی خراپ:**

بۆ ئامانجی گڵاو و هەڵوەشانەوە کۆمەڵ و دابەزاندنی ورە و.. هتد. کە لە بەرژەوەندی (نێنەر) ە، وەك ئەو وروژاندنەی لە پڕۆپاگەندە و شەڕی دەروونی دا هەیە کە ڕاستییەکان لە پاڵ وشەی رازاوە و بریقەدار دەشێوێنێ لە باروودۆخێکی نادیاردا.

**٥–٢–١– وروژاندن بۆ ئاراستەی باش:**

ئەم جۆرە وروژاندنە لە بەرژەوەندی گشتیدایە، لە پاڵ هەستێکی نەتەوایەتی کاری بۆ دەکرێت کە (نێنەر) دەیەوێت هەستێك یان هەڵویستێك لای (وەرگر) دروست بکات بۆ (یەکگرتن و ئاشتی و تەبایی،..هتد) کە ئەم جۆرەیان لە ڕاگەیاندندا بۆ ڕێکخستنی ڕیزەکانی کاری بۆ دەکرێت، کە لە بەرژەوەندی نیشتمان و نەتەوە و کۆمەڵگەدایە.

بۆ نموونە دەقی (٧) لا (١٥٧) چەندین وشەی کاریگەری تێدایە بۆ وروژاندنی هەردوو حزبی ناکۆك لە کوردستاندا و هانیان دەدات بۆ (یەکگرتن و ئاشتی و تەبایی و بە لاوەنانی ناکۆکییەکان و..) و گلەییی ئەوەش دەکات کە گەلانی جیهان ساڵانە دەسکەوت و داهێنانە نوێیەکانیان دەژمێرن کەچی کورد ناکۆکی و نەهامەتییەکانی دەژمێرێ و دەیگوازێتەوە بۆ ساڵی تازە، لەم دەقەدا (نێنەر) هەستی هەردوو حزبی ناکۆك لە کوردستان دەوروژێنێ بۆ ئاشتی و تەبایی و یەکگرتن، ئەم کارە کارێکی

---

(١) احمد محمد عامر: ١٩٨٨:١٠٧.

نیشتمانپەروەرییە، چونکە هەولێکە بۆ هاودەنگ بوون و یەکڕیزیی کورد تاکو بەهێز و گوڕێکی زیاتر بەرامبەر پیلان و هەڕەشە دەرەکییەکان بوەستن، ئەمەش یەکێکە لە ئەرکەکانی ڕۆژنامەی ڕەسەن.

وروووژاندنی باش پابەندە بە دابینکردنی پێداویستییە دەروونییەکان بۆ نموونە یەکێ لە ڕێکخراوەکانی قوتابییان لە کاتی هەڵبژاردنیدا قوتابییانی بەوە دەورووژاند کە کار دەکات بۆ نەهێشتنی (قبول خاص) و زیادکردنی دەرماڵەی قوتابییان و گرینگیدان بەبەشە ناوەخۆییەکان و...هتد، لەهەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا بە هەمان شێوە چەندین وشە و ڕستەی کاریگەرییان بەکار دەهێنا وەك:

دەنگدات بۆ پاڵێوراوان.... دەنگدانە بۆ کوردستانێکی ئاوەدان و پێشکەوتوو.

بەهەڵبژاردنی پاڵێوراوانی.... شارێکی جوان و ژینگەیەکی پاکتر و پارێزراو دابین دەکەن.

دەنگ بدەن بەپاڵێوراوانی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە و پارێزەرانی مافی هاوولاتیبوونی خەڵکی کوردستان.

هاوولاتی خۆشەویست! خزمەتکردن بە شارەکەت عەقڵێکی مەدەنی و شارستانی دەوێ دەنگ بدە بەو پاڵێوراوەی دەتوانێ نوێنەری ئەو عەقڵیەتە بێت.

وێنەش ڕۆڵی خۆی هەیە بۆ وروووژاندنی رای گشتی و گوشار خستنە سەر دەسەلات، بۆ نموونە کاتێ کەناڵی (CNN)ی ئەمریکی وێنەی کۆڕەوی بەهاری (١٩٩١)ی گواستەوە لەوانەش وێنەی منداڵکی چاوشینی پرچ زەردبوو، کە هێنایە پێشەوە و بەو سەرما و بەفرە پێڵاوی لە پێ نەبوو،ویژدانی ئەمریکییەکانی هەژاند و بۆ ڕۆژی دواتر، ڕژانە سەر شەقام وداوایان لە دەسەلات کرد کارێك بکا، چونکە کوردەکان هاوخوێنی ئێمەن، ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە حکوومەتی ئەمریکی داوای دانیشتنێکی بە پەلەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکا و ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە ناوچەی ئارام لە کوردستانی باشوور بێتە دی[١].

**٥-٢-٢- وروووژاندن بۆ ئاراستەی خراپ:**

ئەم جۆرە وروووژاندنە لە پاڵ هەستێکی خوازراوە وە کاری بۆ دەکرێت و (نێنەر) خۆی

(١) نعوم تشومسکی: ١٩٩٧:١١٢.

خاوەنی ئەم هەستە نییە و لەوانەشە بڕواشی پێی نەبێت، بەڵام بە مەبەستی ورووژاندن فرمێسکێکی تیمساحاوی دەڕێژێت خۆی بەخەمخۆری (وەرگر) لە قەڵەم دەدات.

ورووژاندن بۆ ئاراستە خراپ زیاتر لە پڕۆپاگەندە و شەڕی دەروونی کاری بۆ دەکرێت، (نێنەر) وەك چەکێك بە کاری دەهێنێت، کە پەنا دەباتە بەرچەندین شێوازای ناڕەوا و، وشە و ڕستەکان دەڕازێنێتەوە بۆ سەرنجڕاکێشانی (وەرگر) و تەزووی هۆشی دەورووژێنێ تاکو هەڵوێست وەربگرێت، بەمەش دەبێتە بۆ چوون وەرگرتن نەك ڕازیکردن[١] (نێنەر) لەم ورووژاندنەدا بەدوای وشیارکەرەوەیەکی کاریگەر و خاڵی بێ هێزی (وەرگر) دەگەڕێ تاکو پێی بورووژێنێ. بۆ نموونە فەرمانگەی هەواڵگریی نەمساوی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە ڕێگای سیخوڕەکانیەوە هەواڵێکی وەرگرت لەسەر شەڕ و پێکدادانێك لە شارێکی ئیتاڵی لەسەر تەنگژەی خواردن کە لە نێوان پۆلیس و شارنشینەکان ڕووی دابوو کە تێدا ژمارەیەك لە شارنشینەکان کوژران و بریندارکران، نەمساوییەکان ئەم هەواڵەیان وەرگرت و ڕۆژنامەیەکیشیان ئامادە کرد لە هاوشێوەی ڕۆژنامەیەکی ئیتاڵی لەوێنەو نووسین هەواڵەکەشیان بە شێوەیەکی ورووژێنەر تیا بڵاوکردەوە لەگەڵ ناوی کوژراو و بریندابووان بەناوونیشانییشەوە، ژمارەیەکی زۆر لەم ڕۆژنامەییان لە ڕێگەی فڕۆکەوە فڕێ دایە ناو سەنگەرەکانی ئیتاڵییەکان لە بەرەی (کۆبریتۆ) کاتێك سەربازەکان ئەم هەواڵەیان خویندەوە، تووشی سەدمەیەك بوون و باری دەروونییان شڵەژا و تووشی رووخانی دەروونی بوون و پرسیاریان لە خۆ دەکرد دەیانگوت: ئێمە لێرەدا بۆ نیشتمان خوێن دەڕێژین، کەسوکاریشمان نان نییە بیخۆن و کاتێك داوای خواردنیش دەکەن ئەوا دەیانکوژن، ئەم هەواڵە وروژێنەرە بێزاریی خستە ناو سوپای ئیتاڵی و ورەیان دابەزی و لە سەنگەرەکان کشانەوە دواوە ئەوەبوو سوپای نەمساوی بەئەرکێکی کەم توانیی سەنگەرەکانیان داگیر بکات و بەرەی (کۆربریتۆ) بگرێت و (٢٥٠) هەزار سەربازی ئیتاڵی بوونە کوژراون بریندارببوون دیل بەدەستی نەمساوییەکان بەدیل گیران، بەهۆی ئەم هەواڵە[٢].

نموونە ئەم جۆرە ورووژاندنە زیاتر لە شەڕدا پیادە دەکرێت کە بەبۆچوونی(نێنەر) کارێکی نیشتمانپەروەرییە و بەرگریکردنە لە بیروڕا و خاك و نەتەوە و بەرژەوەندی

---

(١) بدراوی زهران:١٩٨١:٤١.

(٢) المؤسسه العربیه للدراسات و النشر (د.ت):٥٥

گشتی، بۆ نموونه سەرۆکی عێراقی لە شەڕی کوێت وشەی (الله أکبر)ی لەسەر ئالآی عێراق نووسی بۆ وروژاندنی جیهانی ئیسلامی کە شەڕێکی ڕەوا دژی کافرەکان دەکات[1]. لە شەڕی عێراقیشدا بەهەمان شێوە (پارە) کە وروژێنەرێك بەهێزە کردیە هوشیارکەرەوەیەك بۆ وروژاندنی جەماوە، کاتێ کە بڕیاری دا بڕی (٥٠)ملیۆن دیناری چاپ بکاتە خەڵات بۆ ئەو کەسەی کە فڕۆکەیەك دەخاتە خوارەوە و (٢٥)ملیۆن دیناریش بۆ ئەو کەسەی کە سەربازێکی ئەمریکی دەکوژێ یان بەدیل دەگرێ، هەر ئەوەش بوو وای لە خەڵکی بەغدا کرد لە دەوروبەری رووباری دجلە ئاگر لە قامیشەکان بەردەن و تەقە لە ئاو بکەن کە گوایە فڕۆکەوانێك لەو شوێنە خۆی فڕێ داوە، جگە لەمەش (محمد سعید صحاف) وەزیری ڕاگەیاندنی عێراق لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکاندا چەندین وشە و ڕستەی وروژێنەری بەکار هێنا لە دژی سوپای هاوپەیمانان وەك ئەوەی ڕاگەیاندن کە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە شاری نەجەف لە بەرزاییەکی نزم دەفڕن و بەشوێنە پیرۆزەکان دەگەیەنن، وتیشی بۆیە بەعەرەبی دەیڵێم تاکو جیهانی ئیسلامی و عەرەبی تێ بگەن، هەروەها گوتیشی ئەو مووشەکانە کە لە بەغدا گیراون ئەوە مووشەکی ئیسرائیلین، تاکو ڕای گشتیی عەرەبی بوروژێنێ، دیسان دوای گیرانی فڕۆکەخانەی (سەدام) وتی ئیمشەو شەڕێکی نائاسایی دەکەین ئەمەش ڕۆژنامەنووسانی وروژاند و وایان زانی چەکی کۆکوژ بەکار دێنێ، بۆیە گوتی بەچەکی کۆکوژ نا ڕێگەی تر.

وروژاندن پابەندە بەهەڵوێستی (وەرگر) بۆ نموونە دەقی (٢٢) لا (١٨١) کەهەواڵێکی وروژێنەری تێدایە ئەم هەواڵە بەپێی (وەرگر)ەکان دەگۆڕێت، بۆ نموونە هەموو کوردێك خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بەرامبەر بەگیرانی (علی حسن المجید)و کردیان بەتەقەی خۆشی، کەچی هەمان هەواڵ ناخۆشی بوو بۆ دارودەستەی رژێمی بەعس و لایەنگیرانیان یان دەقی (١٥) لا (١٦٦) کاتێ فەلەستینییەك گوێی لە هەواڵی خۆتەقاندنەوەکە دەبێت ئەوا هەستێکی خۆشیی لادروست دەبێت، کەچی ئەم هەواڵە لای ئیسرائیلییەکان دەبێتە مایەی ناخۆشی و بێزاری.

---

(١) صالح سلیمان: ١٩٩٤:٢٥٧.

# پاشکۆکان

دەقەکانی کۆوار و رۆژنامە

**دەقی ١**

***بیر و رامان***

سێزدە ساڵ بەر لە ئەمڕۆ بە پێی بەرنامەیەکی سامناك و داڕێژراو و دابەشکراو بەچەند قۆناغێك، رژێمی داگیرکەری عێراق، دژوارترین کارەساتی جەرگبڕ، کە لە جیهاندا لە دوای رێککەوتنامەی نێودەوڵەتی دژی تاوانەکانی پاکتاوکردنی رەگەزی ساڵی ١٩٤٨ وێنەی نەبووە، دەهەمبەر نەتەوەکەمان لە باشووری کوردستان ئەنجامی دا و پتر لە ٢٠٠ هەزار مرۆڤی کوردی لە ژێر ناوی ئەنفال زیندەبەچاڵ و بێ سەرو شوێن کردو زیاتر لە (٥) هەزار گوند و دێهاتی کوردستانی خاپوور و وێران کرد و دەیان هەزار ئافرەت و منداڵی بێ ناز و بێ کەس کرد، بەشێکی خەڵکەکەشی لە دوای خاپوورکردنی خانوو و زێدی باپیرانیان بە زۆری و زۆردارەکی خرانە ئۆردوگا زۆرەملێکان، ئەنفال ئەوپەڕی رادەی هۆڤیانەو دڕندانەی رژێمی عێراقە لە ساڵی ١٩٨٨ جگە لە ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان، بەشێك لە شارەکانی کوردانی بەرکیمیابارانکردن دا و بەپێی بەرنامەیەکی ستراتیجی ئەم رژێمە، بەشی هەرە زۆری باشووری کوردستان بەر شاڵاوی نەگریس و چەپەڵی راگواستن و بە عەرەبکردن کەوتن و دەستیان نەپاراست لە دەستگیرکردنی پیاو و منداڵ و ئافرەت و تا ئێستاش ئەوانەی بەرشاڵاوی ئەنفالکردن کەوتن و بێ سەروشوێنن و چارەنووسیان نادیارە، قۆناغی جینۆسایدی ساڵی (١٩٨٨)یش بە قۆناغێکی چڕی پاکتاو کردن و کۆمەڵکوژی دادەنرێ کە کاریگەریی نێگەتیڤانەی بەسەر وارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافیا و بوارەکانی تری کوردستان هەبوو، تا ئێستاش ئەم ئاسەوارە هەرماون، یەکەم قۆناغی ئەنفالیش لە ساڵی ١٩٨٣ لە کاری شوومی بێ سەروشوێنکردنی (٨) هەزار بارزانی دەستی پێ کرد و دوایش لە ١٩٨٨/٤/١٤ پتر لە (١٨٢) هەزار مرۆڤی کورد لە قۆناغەکانی تری ئەنفال دووچاری چارەنووسی نادیاری کرانەوە، هەر لەم قۆناغە رژێمی عێراق لە واری سیاسی توانی رووی شاڵاوی نامرۆڤانەی بەعەرەبکردن و راگواستن فراوان بکات، بە هۆیەوە توانی بەشێکی زۆر لە خاکی باشووری کوردستان بەعەرەب بکات و دەست بەسەر

زەویوزارەکان دابگرێ و خێرو بێرەکەشی بۆ بەرژەوەندی خۆی هەڵلوشی، ئەنفال لە ڕووی کۆمەڵایەتی کاری کردە سەر تێکدان و لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی بەشێك لە خێزانەکانی کورد و بەدەیان هەزار منداڵی بێ باوك بوون و هەزاران ئافرەتیش بەهۆی لە دەستدانی پیاوەکانیان لە کارەساتی ئەنفال دووچاری دەردی کۆمەڵایەتی و دەروونی بوونەوە، بۆیە پێویستە لەسەر دەزگا بەرپرسەکانی حکوومەتی کوردستان لە ڕێی پێکهێنانی دەزگایەکی تایبەت بە خانەوادەی ئەنفالکراوەکان چارەسەری یەکجارەکی ئەم گرفتە کۆمەڵایەتیانە بکرێت. لە کاتێکدا رژێمی عێراق ئەم کارەساتەی دژ بە مرۆڤایەتی و نەتەوەی کورد ئەنجام دا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لێی بێدەنگ بوون و تا ئێستاش بەرامبەر ئەم تاوانە نقەیان لێوە نەهاتووە، لەو کاتەی ئێستا ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هەموو هەوڵێکی خستۆتەگەڕ لە پێناو دیاریکردنی چارەنووسی (٦٠٠) دیلی کوێتی لە لایەن رژێمی عێراق لە شەڕی کەنداو دەستگیر کران، بەڵام تا ئێستا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی داوای دیاریکردنی چارەنووسی ئەنفالکردنی کوردانی نەکردووە، لەبەرئەوە گەرەکە لەسەر هەموو لایەکمان ئەمساڵ یادکردنەوەی ماتەمینی ئەنفالکردن وا بە ئاسانی بەسەرماندا تێ نەپەڕێ و هەوڵی زیاتر بخەینە گەڕ و لە ڕێی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و (UN) و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی گوشار بخرێتە سەر ڕژێمی عێراق بۆ دیاریکردنی چارەنووسی (٢٠٠) هەزار مرۆڤی کوردی ئەنفالکراو، هەروا حکوومەتی کوردستانیش مشوری زیاتر لە خانەوادەی ئەنفالکراوەکان بکات و ژیان و گوزەرانیان بەشێوەیەکی چاکتر فەراهەم بکات، لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش داوا بکرێت بەزووترین کات لیژنەیەکی بەدواداچوونی نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوە لە چارەنووسی ئەنفالکراوەکان پێکبهێندرێ و هەر ئەو لیژنەیەش داوا بکات برێك دارایی لە بڕیاری (٩٨٦) بۆ قەرەبووکردنەوەی خانەوادەی ئەنفالکراوەکان تەرخان بکرێت و ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیش بدرێنە دادگای نێودەوڵەتی.

**دەقی ٢**

***هێرشی سوپای داگیرکاری عێراقی بۆ سەر شارۆچکەی باعەدرێ بە سەرشۆڕی کۆتایی هات***

ڕۆژی ٩-١٢-٢٠٠٠ هێزێکی سوپای داگیرکاری عێراقی کە لە لیوایەکی پیادە و دوو

فەوج و كۆمەڵێك لە چەتەكانی (فدائی صدام) پێك هاتبوو، بە مەبەستی ئابڵوقەدانی ناوچە ئازادكراوەكان و داگیركردنی ناحیەی (باعەدرێ)ی سەر بە قەزای شێخانی دهۆك هێرشێكی سەربازییان ئەنجام دا و دەستیان بەسەر بەرزاییەكانی دەوروبەری (باعەدرێ) دا گرت، بەڵام بە هۆی خۆڕاگریٔ خەڵكی دەڤەرەكە و وشیاری هێزی پێشمەرگەی كوردستان هێرشەكەی رژێمی داگیركاری عێراقی سەرنەكەوت و رووبەڕووی سەرشۆڕی بووەوە. رۆژی دواتر دانیشتووانی شارۆچكەی باعەدرێ خۆڕاگر لە خۆپیشاندانێكی بەرفراوانی جەماوەریدا پابەندی خۆیان بە ئازادی و دەستكەوتەكانی راپەڕین و حكومەتی كوردستان دووپات كردەوە و رۆژی دوانزەی ئەم مانگە بە ناچاری لەو بەرزییانە پاشەكشەی كرد.

برا ئێزیدیە هاوخوێن و نەتەوە و هاونیشتمانییەكانمان بەتێكشكاندنی ئەو هێرشەی رژێمی داگیركاری عێراقی جارێكی تر بەكردەوە سەلماندییانەوە كە كوردی رەسەنن بە خوێن و گیان پابەند و گرێدایی ئازادی و سەربەخۆیی كوردستانن.

**دەقی ٣**

***لە سلێمانی هەوڵی تیرۆركردنی... درا***

رۆژی ٢/٤/٢٠٠٢ دەستەیەك تیرۆرست و تاوانكار بە مەبەستی تیرۆركردنی بەڕێز... هەڵیان كوتایە سەر ماڵی بەڕێزیان و دوای شەڕ و پێكدانانێكی دەستەویەخە بە نیگەرانییەكی زۆرەوە (٥) كەس لە پاسەوانانی... شەهید بوون و ژمارەیەكیش بریندار بوون و هەر لە مەیدانی ئەم شەڕ و پێكدادانەش دوو كەس لە تیرۆریستە پەلاماردەرەكان كوژران.

هەر بە مەبەستی گەیاندنی نیگەرانی و ناڕەزایی لە بەرامبەر ئەم كارە تیرۆریستییە و نیشاندانی هاودەردی حزبمان بۆ قوربانییانی ئەم كارەساتە شاندێكی باڵای حزبمان بە... سكرتێری... و ژمارەیەك لە ئەندامانی سەركردایەتی حزب سەردانی رێزدار (...) یان كرد.

هاورێیان خۆشحاڵی خۆیان و حزبمانییان ئاراستەی بەڕێزیان كرد بە بۆنەی سەلامەت دەرچوونی لەم نەخشە تیرۆریستییە و پرسە و سەرەخۆشییان ئاراستەی بنەماڵەی هەر پێنج شەهید و... كرد.

جێی باسە پێوەندییە نیشتمانییەكانی... لە كۆبوونەوەی (١٧) حزبی كوردستانی و

عێراقیدا كه له بارەگای پەیوەندییەكانی... به مەبەستی ریسواكردنی ئەم كاره تیرۆریستییه كۆبوونەوە بەشدارییان كرد.

هەروەها هەر بەم بۆنه خەمناكه مەكتەبی سیاسی... برووسكەیەكی ئاراستەی بەڕێزان ...كرد كه ئەمە دەقەكەیەتی:

برای خۆشەویست... برای خۆشویست... خۆشەویستان له مەكتەبی سیاسی....

سڵاوێكی گەرم.

به نیگەرانییەكی زۆرەوە هەواڵی ئەو هەوڵه تیرۆریستییانەمان پێ گەیشت كه له دژی برای خۆشەویستمان... ئەنجام درابوو. له كاتێكدا ئێمه خۆشحاڵی خۆمان له سەلامەتی بەڕێزیان دەردەبڕین، له هەمان كاتدا پرسه و سەرەخۆشی خۆشمان ئاراستەی... و بنەماڵەی شەهیدانی ئەم كارەساته دەكەین. له راستیدا دەربڕینی رق و كینەیه له دژی هەموو مەسەلەیەكی نیشتمانی و دیموكراسی سەرجەم جووڵانەوەی ئازادیخوازی كوردستان، هەروەها ئەوانەی ئەم كارەیان ئەنجام داوه و، ئەوانەی له پشتیشییەوە وەستاون. تاقه شتێك كه دەیانبزوێنێت رق و كینەیه له دژی هەموو هەستێكی نیشتمانی . هەر بۆیەش ئەم كار و جۆره تاوانانه هەر ژێر كەوتوو دەبن و بێگومان دەبێته مایەی پرۆتیستۆكردنی و ڕق بێزاری سەرجەم رۆڵەكانی گەلەكەمان.

هەر بژین و له ئێمەوە رێز و خۆشەویستی بفەرموون.

مەكتەبی سیاسی

شەقڵاوە ٢٠٠٢/٤/٣

**دەقی ٤**

***بەیاننامەی ناڕەزایی مەكتەبی سیاسی... بەبۆنەی هەوڵی تیرۆركردنی بەڕێز (...)ەوە***

له كاتێكدا هەلومەرجی عێراق و ناوچەكه به كوردستانیشەوە له بەردەم ئەگەری جۆراوجۆر و گۆڕانكاریدایه و دۆزه سیاسییەكەمان له هەموو كات زیاتر هاوهەڵوێستی هەموو لایەنه سیاسییەكان دەخوازێ، رۆژی (٢٠٠٢/٤/٢) ژمارەیەك له چەكداری نەناسراو له هەوڵێكی سەرنەكەوتوودا ویستیان بەڕێز (...) سەرۆكی ... تیرۆر بكەن.

بەو بۆنەیەوە ئێمه له (...) به توندی ئیدانەی ئەو تاوانه دەكەین و به هەنگاوێكی تری

گێرەشێوێنانەی دادەنێین دژی ئاسایشی هەرێم و هەوڵەکانی ئاشتی و ئارامی و ئاوەدانکردنەوە لە کوردستاندا.

ئێمە وەك جارانی تریش دووپاتمان کردووەتەوە، بڕوای نەگۆڕاومان بە ئیدانەکردنی هەموو کارێکی تیرۆرستی و شێوازی توندوتیژی هەیە و قەناعەتی دینیمان بەبنەماکانی هاوژیانی و ڕێزگرتن لەیەکتری و پێویستی هاودەنگبوونی نێوان لایەنە سیاسییەکان و بنبڕکردنی هەموو ئەو بیرۆکە و کردەوە پیلانگێڕیانە هەیە، کە دۆخی برایەتی و دۆستایەتی و هاریکاری نێوان خەباتگێڕانی کوردستان دەشێوێنن و ساحەی کراوەی خزمەت بە خاڵە هاوبەشەکان و بەرژەوەندییە باڵاکانی هەموو لا تێك دەدەن و، کۆسپ و لەمپەر لە بەردەم بەرەو پێشبردنی دۆزەکەمان و پرۆسە نیشتیمانییەکاندا دروست دەکەن.

هەر بەم بۆنەیەوە خۆشحاڵی دەردەبڕین بەسەرنەکەوتنی ئەو دەستدرێژییەوە، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی کەس و کاری قوربانییەکان دەکەین و، هیوادارین تاوانباران بەسزای عادیلانەی خۆیان بگەن و، بەجەماوەر بناسرێن و ئیجرائاتی پێویستیان لەگەڵ بکرێ.

هەروەك داواکارین لە دەزگا پێوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێم و سەرکردایەتی... کە بە حەکیمانە بەشوێن ڕووداوەکە و ئاسەوارەکانیدا بچن و ڕێگری بکەن لە هەر کار و هەڵوێستێکی گێرەشێوێنانەی وەك هەوڵی (تعميم)کردنی و لێدوانی نامەسئولانە.

جارێکی تر مەحکوم بێ هەموو هەوڵێکی تیرۆرستی.

سەرکەوتووبێت گیانی پێکەوە ژیان

مەکتەبی سیاسی

٢٠٠٢/٤/٢

**دەقی ٥**

***بەهۆی وێنەگرتنێکەوە سەلەفییەکی توندڕەو ژنی خۆی سەر دەبڕی.***

(...) خەڵکی دۆڵی ئالانەیە و ئێستا لە خەلیفان نیشتەجێیە، سەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٠ ی ئەپریل (نیسان)ی ڕابردوو سەری (...)ی ژنی خۆی بە چەقۆ بڕی.

تاوانبار لە ساڵی ١٩٩٦ (....)ی مارە کردووە، بەپێی زانیارییەکانی ئاسایشی سۆران،

ئەم کابرایە پێوەندی بە خەڵکانی سەلەفی توندڕەوی ناوچەی خەلیفان و هەڵەبجەوە هەبووە، کە گیراویشە دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و گوتووشیەتی لێی پەشیمان نیم چونکە (ئەرکێکی دینی)م جێبەجێ کردووە.

تاوانبار وای ئیدعا کردووە کە لەسەر (بەدڕەوشتی) ژنەکەی خۆی کوشتووە.. بەڵام خەڵکی گەڕەك و ناسیاوان و بنەماڵەی (...)ی جوانەمەرگ ئەم ئیدعایەی تاوانبار بە درۆ دەخەنەوە و دەڵێن: ... هیچ ڕەفتارێکی ناڕێك و نابەجێی نەبووە، بە پێچەوانەوە نموونەی خوڕەوشتی جوان و ڕەفتاری باش بووە.

راستی مەسەلەکەش لەوەدایە کە ئەم مێردە سەلەفییە هەر لە سەرەتاوە بەدڕەفتار بووە لەگەڵ... ژنیداو، لە ژوورەوە خۆی و منداڵەکانی (کچ و کوڕێك) زیندانی دەکرد و نەیدەهێشت تەنانەت بچێتە بەر دەرگای ماڵەکیان، یان سەردانی دراوسێکانی بکات و لەگەڵ خۆشیدا نەبووایە نەدەبوو هاتووچۆی ماڵی باوکیشی بکات، حیجابی نابووە سەر (...) و هەرچی وێنەیەکیش کە هەیبووە هەمووی سووتاندووە و هەڕەشەی لێ کردووە کە نابێ بە هیچ جۆرێ وێنە بگرێ، چونکە حەرامە و خیلافی دینە. کاتێکیش بەبێ ئاگەداری ئەو (...) لە زەماوەندی براکەی خۆیدا وێنەیەك لەگەڵ خوشکەکەی و برا ژنەکەیدا دەگرێ، (...) منداڵەکانی لێ زەوت دەکات و خۆیشی تەڵاق دەدات.. پاش چەند ڕۆژێك پەشیمانی دەکەنەوە و... ژنی دەباتەوە ماڵەوە، بەڵام ئەو (ئەرکە دین)یەی خۆی بڕوای پێبوو پیلان و نەخشەی بۆ داڕشتووە، پاش سێ ڕۆژ لە گەڕانەوەی... سەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٠ی ئەپریل (نیسان) لە ناو جێگەی خەوتندا بە چەقۆ سەری... گۆشتاو گۆشت دەبڕێ.

دراوسێکان و ئاسایش دەڵێن کە چووین تەرمی (...) دەربهێنن منداڵە شیرخۆرەکەی خۆی نابووە ناو خوێنی دایکییەوە و بە دیارییەوە لە برسا دەگریا و دایك وەڵامی نەدەدایەوە. لە وەش کارەساتتر ئەوەیە کە دواجار ئاشکرا بووە... جوانەمەرگ دووگیان بووە و کۆرپەلەکەی ناو زگی مردووە.

**دەقی ٦**

***ئەو هەواڵانەی نە دەبوو بڵاوبکرێتەوە***

دوو مەسئولۆچکە لە هەردوو (...) بۆ چارەسەری نەخۆی (نەخۆشی) بە تەسادوف لە (...) بوون.. حەمەدەمینی پورزای ئامادەکەری ئەم هەواڵە هەردووکیانی دەناسی.. لێی

پرسین چۆنە وا لە پایەتەختن و پێکەوە تەبان و ماسی لووش؟ یەکێکیان خوادەست بەبالایەوە بگرێ وتبووی: خەتێکی زەعیف لە نێوان هەردوو لامان و (...) دا ماوە و نەپچڕاوە و..!!

**دەقی ٧**

***بیر و رامان***

وڵاتانی هاوچەرخ و پێشکەوتوو بەدەستکەوت و داهێنانە نوێیە هەمەجۆرەکان ساڵ و سەدەکانی رابردووی خۆیان ژماردوون، وەلێ بەداخەوە گەلانی بن دەست و دواکەوتوو بەزیاتر بوونی کارەسات و درێژبوونەوەی تۆماری کوێرەوەرییەکانیان چەرخ و ساڵەکانی رابردووی خۆیان گوزەراندوون. هەربۆیەش پاش ئەوەی جیهان لە دوای هەرەسهێنانی رژێمی تۆتالیتاری سۆڤیەت و بلۆکی رۆژهەڵاتی لەدابەشبوونی جیهانی سەرمایەداری و سۆسیالیستی و جیهانی سێیەم رزگاری بوو، جارێکی تر کەوتنەوە نێو لێك هەڵاواردنێکی نوێ بەناوی وڵاتانی جیهانی باشووری هەژار و وڵاتانی باکووری دەوڵەمەند. لە رۆژگاری ئەمرۆماندا پێشکەوتنی وڵاتان بەژمارەی لەشکر و بەدەست هێزی توند و ئاسنینی نێوخۆیی پێوانە ناکرێ، بەڵکو بەژمارەکانی بودجە و سەرکەوتووی باری ئابووری و تواناکانی گەیشتنی بەرەورەوەی پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆجی پێوانە دەکرێن، کەچی سەرەرای ئەوەش، سیاسەتی هەوڵدان بۆ زیادکردن چەك و هەوڵدان بۆ پێشکەوتنی زیاتر لە دوو لای جیاوازە و بەردەوامە، وڵاتانی پێشکەوتووش بەردەوام هەموو جیهان دەخەنە بن باڵی هەژموونی پێشکەوتنە تەکنەلۆجییەکانیان، کە هێندێك نێوەند بەداگیرکردن و دەست بەسەرداگرتنی نوێ ناوی دەبەن. بەلام سەرەرای ئەوەش چاوی چەوساون و مافپەروەرانی جیهان لەوەیە کە سەدەی بیست و یەکەم ببێتە سەدەی پاراستن و جێبەجێکردنی جارنامە و رێککەوتنەکانی مافی مرۆڤ و پاراستنی ئازادییەکان لە هەموو جیهاندا.

بەنیسبەت کوردیشەوە، مخابن ساڵی٢٠٠٠ وەکو ساڵانی پێشوو بەبەردەوامبوون و مانەوەی ناکۆکییە نێوخۆییە کوردییەکان کۆتایی هات و، بەدووبەرەکی و ناکۆکییە کۆنەکان و ژمارەیەك ناکۆکی نوێوە ئەمرۆ کورد لەدەرگای ساڵی تازەی ٢٠٠٠ی زایینی دەدات ئەگەر کار وا بڕوات و رەوشەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت ئاشتی و یەکگرتنی

نێوخۆیی کوردی هەر تەنیا وەك وشەکانی تەنیشت هیواکانی سەر لاپەڕەکان دەمێننەوە و ناکەونە نێو واری کەتواری و ئەرزی کوردی، لەو رووەوە بەستەڵەکبوونێکی ئەوتۆ لەکەتواری کوردیدا هەیە کە بە داخەوە کورد بەهۆیەوە هەست بەتێپەڕبونی زەمەن ناکات، تەنیا لەبینینی ژمارەکانی ساڵ و سەدە و هەزارەکاندا نەبێت.

ئەگەر ساڵ و سەدە و هەزارەکانی رابردوو بەتایبەتمەندی دووبەرەکی و بندەستی کورد قوفڵ درابن و مۆرکرابن، ئەوا ئەمڕۆش تاکە رێگەی بەردەم کورد بۆ رزگاربوون لەو تایبەتمەندییە نێگەتیڤە و لەو بندەستییە، فڕێدانی ناکۆکییەکان و نەگواستنەوەی دووبەرەکییە نێوخۆییە کوردییەکانە بۆ نێو ساڵ و سەدە و هەزارەی تازە، هەموو گرووپ و رێکخراوێکی کوردی دەبێ باش لەو راستییە تێبگات کە ئامانجی جوان و بەرز رێگەی راست و جوانی پێویستە بەهیچ شێوەیەك گەیشتن بەئامانج رەوایەتی ناداتە هەڵبژاردنی هەموو جۆرە رێگەکان، گەرەکە سەرلەنوێ پەیوەندییە کوردییە نێوخۆیی و دەرەکییەکان لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و دوور لەپەیوەندییە حزبییە تەسکەکان و زەرەر و قازانجەکان حیزب ئاڤا بکرێن. بۆئەوەش دەبێ بەشێوەیەکی بنبڕ پەروەردەی یەکتر رەتکردنەوە و یەکتر بەدوژمن ژماردن و دوژمن و داگیرکەر لەبیرکردن، لە نێو خۆماندا نەهێڵین و هەموو لایەکمان هەبوون و ئازادی یەکتریمان قبووڵ بێ.

لەم سەردەمەی لەیەکتر کۆبوونەوە و کۆمەڵ کۆمەڵبوونەی وڵاتان و گەلانی جیهاندا دەبێ کوردیش وەك نەتەوەیەکی یەگرتوو لە نێو چوارچێوەی نەتەوەیی و نیشتمانی و بەرژەوەندییەکانی خۆیدا لەیەکتر کۆمببێ و، وەك نەتەوەیەکی سەرەکی و کۆڵەگەیی لەکۆمبوونە ناوچەییەکاندا پێویستی بەشداربوون خۆی بسەلمێنێ. بەراستیش لەرووی هەڵکەوتەی جوگرافی و خاوەندارێتی کردنی سامانە سروشتییەکان مەرجەکانی ئەو نەتەوە کۆڵەگەیی و سەرەکییەی تێدایە، هەر بەو جۆرەش دەتوانین بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە و بەهێزبکەونەوە نێو گۆڕەیانە نێوچەیی و جیهانییەکان، کە بەداخەوە بەهۆی بندەستی و دووبەرەکی نێوخۆیی، لە دوای چارەکی یەکەمی ئەو سەدەیە و کوردی تێدا نەبوو. لەبەر هێندێش کەس هێندەی کورد لەو بچکوبوونەوەی جیهان و نزیکبوونەوە لە جیهان سوودمەند نابێ. بێگومان هەموو ئەرك و هیواکانیش تەنیا بەهەوڵ و تێکۆشان دەکرێنە بەرهەم و دەستکەوتی نەتەوەیی.

## دەقی ٨

***سەرکردە سەدام حسین لە ویژدانی گەلدایە...***

عێراقییەکان بە درێژاییی مێژوو بە چاوێکی پڕ ڕێز و بە شانازییەوە سەیری سەرکردەکانی کردووە ئەو سەرکردانە کە جێگەی شیاویان بووە لە دڵیان و زیاتریش سەرکردایەتی حزب و شۆڕش بە سەرکردایەتی پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست و لە سەرووی هەموویانەوە سەدام حسین خوا ئاگەداری بێ لەبەرئەوەی ئەو سەرکرایەتییە ڕۆڵی چاك و شیاوی بووە لە هێنانەدیی دەستکەوتی مەزن بۆ ئەم گەلە کەوا بەچاوێکی گەشەدار دەڕوانێتە پاشەڕۆژی، گەلی عێراق، گەلی سەربەرز و جەربەزە...

دەتوانین ئەوەش بڵێین کەوا هەڵوێستی سەرکردەیەك دەتوانێ بەسەبر و هێز و توانی نموونەیی هەڵوێستی گەلێك بگۆڕێ و ڕێبازی بگرێتەبەر و ئەم گەلە بە ئیمانەوە هاریکاری لەگەڵ سەرکردایەتییەکەی دەکات و شان بەشان و بەسەر و ماڵ گیانی خۆی دەبەخشێ و داستانی مەزن تۆمار دەکات بۆ ئەوەی بۆ ڕۆڵەکانی پاشەڕۆژێکی گەشەدار دابین بکات و هەمیشە ڕەوتی سەرکردەکەیان پەیڕەو دەکەن و بەردەوام دەبن و زیاتریش هەوڵ و کۆشش دەدەن بۆ بنیاتنانی پاشەڕۆژێکی ڕووناك و گەشەدار..

سەرکردە سەدام حسین خوا بیپارێزێ و پشتیوانی بێ بە قووڵی شارەزایی مێژووی نەتەوە بووە..

هەڵوێستی باو باپیرانی دەگرێ و هەنگاوی ئەوان دەهاوێ و، چۆن خوێنیان بەخشی لە پێناوی خاك و نیشتمان و شەڕەفمەندی وڵات بە پێ نووس و شیرو ئازایەتییان و لێهاتوویی و دادوەریان..

سەرکردە ئەمانە گشتی زانیوە گەلەکەی فێرکردووە چۆن پەیڕەو بکەن...

داوای لێ کردوون پێشڕەو بن و ڕێبازی باوباپیران بگرنەبەر و خزمەتکارێکی گەورەی گەل بن...

سەرکردە سەدام حسین خۆشەویستی و وەفایی خۆی بۆ گشت عێراقییەك بە کورد و بە عەرەب دەربڕیوە..

بەڕێزی فەرموویەتی «یەکەمین خۆشەویستی لە ژیانم دا، خۆشەویستی گەل بووە». لەبەر ئەوە خۆشەویسترین کات کەوا سەرکردە دەیباتەسەر کاتێ لە نێو گەلەکەی دەبێ،

چونكه دەزانێ ئەم گەلە موجاهید و فیداكارە كەوا گەلێكی رەسەنە و دروستكەری شارستانیەت و (معجزە)یە، شایەنی ئەوەیە بە شەرەفمەندی و ئەمانەتەوە خزمەت بكرێ، لەبەرئەوەی بەرێزی خۆی لە پایەی خزمەتكاری یەكەم دا دادەنێ بۆ گەل هەروا خزمەتكردنی گەل ناوونیشانی گشت بەرپرسیارێكە لە دەوڵەتیدا.

كاتێ پێوەندی سەركردە بە گەلەكەی دەكەین پێویستە لە بەردەممان وێنەی گەشەدارمان بێتە بەرچاو و ئەوەش رۆژ بە رۆژ دووبارە دەبێتەوە و تازە دەبێتەوە..

سەركردەیەكی نموونەیی نوێیە، زۆر جار خێزانەكان ماڵی خۆیان دەرازێننەوە، چونكە هەمیشە چاوەرێی سەردانی رووی گەشەداری سەركردە دەكەن و گەورەیان بكات بچێتە ماڵیان و بەشداری نان و ئاویان بكات، پێشوازی گەورە و بچووك بكات، منداڵ و پیرو بە تەمەن.. بە ئاواتەوەن چاویان بەبینینی بەرێزی روون بێتەوە...

سەركردە دەبینین لە قوتابخانەكان دەگەڵ قوتابیان دادەنیشێ، فێریان دەكات و پەروەردەیان دەكات و سیفەتی پێشرەوی (قدوە)یان بۆ روون دەكاتەوە و داوایان لێ دەكات سەركەوتووبن و لە وانەكانیان دا كەمتەرخەمی نەكەن و هەمیشە خوێندن وەكو چەكێك بێ لە دەستیان و دوژمنانیان پێ ببەزێنن، چونكە دوژمنان چاویان لە نیشتمان بڕیوە و بە تەماحكاری سەیری دەكەن و مەترسی گەورەیان دەبێ بەسەر ئەم خاك و نیشتمانە.. رۆڵی قوتابیان چییە لێرەدا و چۆن داكۆكی لە خاك وولات دەكەن.. هەروا سەركردە لە كێڵگەكان دەبینین دەگەڵ جووتیار و وەرزێرەكان، دروێنە دەكات، خەرمان كۆ دەكاتەوە بۆ دابینكردنی خێرو بەرەكەت بۆ هەر عیراقییەك.. داوایان لێ دەكات كەوا گەل متمانە دەكاتە سەریان، بەرهەمیان زیادبكەن بە جۆر و چەندێتی، بۆ ئەوەی بەشداری بكەن لە خۆڕاگرتن دژی درەندەترین پەلامار و هێرش كە مێژووی بە خۆی دیبێ.. سەركردە لە كارگە و پیشەسازگەكان دەبینین، گوێ لە قسەو گفتوگۆی كرێكاران دەبێ، ئاماژە بۆ پاشەڕۆژی بەرهەم دەكات و چۆن لەگەڵ ئامێر مامەڵە بكەن و چۆن پێشیان خستووە بۆ پەرەپێدانی بەرهەمی پتر و زۆرتر...

هەروا سەركردە سەدام حسین لە نێوان سەربازەكان دەبینین بۆ ئەوەی پێیان بڵێی هەڵوێستەی جیهادكاریتان، هەڵوێستی باوباپیرانمان و بیر دەهێنێتەوە كە خاوەنی بیر و باوەڕی چەسپاو بوون و هەڵگری پەیامی پیرۆز و بە ئەمانەتەوە ئامانجەكانی نەتەوەیان هێناوەتە دی، ئێوە ڕۆڵەی دڵسۆزو شەرەفمەندی ئەوانن، بەخوێنی گەشتان

جوانترین داستانی پاڵوانیەتیتان تۆمار کرد و جوانترین وێنەتان لە کەرامەت و سەربەرزی خستەڕوو کەوا زەمان و ڕۆژگار شانازی پێوە دەکات نەوە لە دوای نەوە بە شانازییەوە باسی دەکات، حیکایەتی گەلێکی جیهادکار و کۆڵنەدەر لە پێناوی کەڕامەت و دادوەری دا.. هەروا سەرکردە لە نێو ڕۆشەنبیران و خاوەن فیکر دەبینین بۆ ئەوەی بە ئابووری و کۆمەڵناسی و پەروەردە بۆیان روون بکاتەوە.. و بە راستی ببێتە قوتابخانەیەك بۆ نیشتمان پەروەری و ببێتە مامۆستایەك بۆ گەل.. لە هەمان کاتدا خۆی بە قوتابییەك لە قەڵەم دەدا لە قوتابخانەی گەلدا..

ئەمەیە سەرکردەی موجاهید سەدام حسین.. پیاوی ئەرکە نیشتمانی و نەتەوەییە گەورەکان، نیشانەی سەربەرزی کەرامەت و روانین بۆ ئاسۆی پاشەڕۆژ بۆ خەبات و تێکۆشان دژی دوژمنان و ناحەزانی نیشتمان و نەتەوە.

**دەقی ٩**

***پرۆفیسۆر... رۆژنامەی (...) هەر لە ژمارە (سفر)ی یەوە تا ئەمرۆ بەر لە هەموو شتێك دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی بەرز راگرتووە و، تەشی بۆ هیچ داگیرکەرێك نەڕستووە.***

دەرکردنی رۆژنامەیەکی کوردی و، بە تایبەتی رۆژنامەیەك لە نێوچەیەکدا وەك (هەرێمی ئاسایش) کە لە هەموو لاکەوە دەرگە خڕ داخرابێ لەسەر هەموو جۆرە کەرەسەیەکی چاپ و چاپەمەنییەك کەوتبێ؛ ئەوجا رۆژنامەکیش کە رازابێتەوە بەبابەتی جیاجیا و قەڵەمی توانا و هەموو جارێك بەرێکوپێکی و لە کاتی خۆیدا دەربچێ، ئەرك و زەحمەتی هێنانە بە بەرهەمی رۆژنامەیەکی وا، مەگەر هەر ئەوانە بزانن کە خەریکی ئەو کارە بوون، یان لە نزیکەوە ئاگەدارن لێی. هەر لەبەر ئەوەشە کە گەلێك رۆژنامەوان، لە نێو ئەوانەشدا کەسانی کارامە و ژێهاتی، لەم دەساڵەی دەسەڵاتی دوارۆژ نەدیاری کورددا بەرگەی قورسایی ئەو بارە گرانەیان نەگرتووە و لە ژێریدا پساون.

بەڵام رۆژنامەی "..." خۆی لە گێژاوی ئەو بارودۆخە نالەبارەدا راگرت و هەر لە ژمارە (سفر)یەوە تا ئەمرۆ، هەوڵی ئەوەی دا ئەو بەرنامەیەی بۆ خۆیی داناوە پێڕەویی بکا و، بەر لە هەموو شتێك دروشمی سەربەخۆی کوردستانی بەرز راگرتووە و، تەشی بۆ هیچ

داگیرکەرێك نەڕستووە و، لە هەمان کاتدا بەسنگێکی فراوانەوە لەسەر هاووڵاتێتی و برایەتی ئەو گەلە کەم ژمارانەی کردووەتەوە کە لە کۆنەوە لەگەڵ نەتەوەی کورددا لەسەر خاکی کوردستان ژیاون و دەژین و کوردستان بە نیشتمانی خۆیان دەزانن و بۆ پاراستنی شان بەشانی کورد تێ دەکۆشن.

″...″ هەرچەندە زمانی ڕێکخراوێکی رامیارییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرینگییەکی زۆری داوە بە بڵاوکردنەوەی بیروبۆچوونی رۆشنبیران و نووسەران و زانستکاران و هونەرمەندان و رامیاران و تەنانەت دژبیرانیش و هەڤپەیڤینی ساز کردوو لەگەڵیان؛ بێ ئەوەی گوێ بداتە ڕێبازی هزرییان.

″...″ نرخی گرانی ئەم رێ رەوشەی خۆی داوە. تیرۆرکردنی نووسەر و رۆژنامەوان (...) سەردەستەی ئەم قوربانییانەیە کە لەم پێناوەدا داوێتی. تیرۆرکردنی (...) بە دەستی دوژمنانی خوێنڕێژ بەشێك لە نەخشەی تووناکردنی قەڵەم بەدەستانی ئاشتیخواز و، هەروەك تیرۆرکردنی داماوی موکریانی ئەنوەریمایی و سەدیقی بلووکێنی مووسائەنتەر و فرانسۆ هەریری زانای گەورەی کورد و رۆژهەڵات مامۆستا جەمیلی رۆژبەیانی پچڕاندنی گۆیەکی زێڕین لە ملیوانکەی پرشنگداری رۆشنبیرانی کوردستان کە بووەتە چقڵی چاوی داگیرکەران.

رۆژنامەوانی کارێکی یەکجار سەخت و پیشەیەکی پیرۆزە بە مەرجێك بەدەست مرۆڤی کارزانی بەویژدانەوە بێ، خۆ ئەگەر کەوتە دەست چەقاڵ و بەقاڵ و بەکێگیراو و چەقەنە لێدەر بۆ ملهوڕان، ئەو کاتە دەبێ (فاتیحە)ی بخوێنیت.

بەرلین

٢٠٠١/٧/٨

**دەقی ١٠**

***وەڵامێك بۆ (...)***

(...)ی رۆژنامەی میدیا بابەتێکی خوشکە... لە ژێر ناوونیشانی (ئافەرتی کورد و ئازارەکانی لە نێو کۆمەڵگەدا) بڵاوکرایەوە بەپێویستم زانی چەند سەرنجێك وەك وەڵامێکی شایستە بۆ (...) بنێرم، ئەگەر بەگشتی لە بابەتەکە بنواڕین دەبینین نەك نووسەر نەیزانیوە چ دەڵێ بەڵکو سەری لە ئێمەی خوێنەریش شێواندووە ئافرەتی کورد لەو سەردەمەدا لە

هەموو کات و ساتێکی تردا پێشکەوتنی باشی بەخۆوە بینیوە. ئەگەر سەرنجێکی خێرای تەمسیلییە کوردییەکانی پێشوو بدەین بۆمان بەدیاردەکەوێ کە ڕەگەزی مێ بەدەگمەن بەشداری هەبووە زۆربەی جارەکانیش لەجیاتی ئافرەت پیاو بەرجەستەی کارەکتەرەکانیان کردووە. بەڵام ئێستا ئافرەتی هونەرمەند گۆڕەپانی تەمسیل و گۆرانی و مۆسیقا و شێوەکاری و پەیکەرتاشی و تەلەفزیۆن و... هتد ئاوەدان کردووەتەوە. (...) خان دەڵێ (ئەگەرچی کۆمەڵێك ڕێکخراوی بەناو ئافرەت و ژنان دروست کراوە بەرامەمی حزبایەتی قازانجی لێکراوە، هیچ کامیان وەپییر داخوازییەکانی ئافرەتەوە نەهاتوون) من بەپێچەوانەوەی ئەو حاڵەتە لە کردارەکاندا دەبینم وەك لە سەرەوە روونم کردووەدتەوە من بابەتی (...) بەبابەتێکی پچڕ پچڕ دەزانم و پێی دەڵێم ئەگەر نووسین وا سانا بووایە ئەوا هەموو کەس دەبووە نووسەر تۆش دەبوویتە قەڵەم بەدەستێکی باڵا.

لەدایکبوونی کچ، ئافرەتی بێ پیاو، ئافرەتی سەرپۆش، بەسەرهاتی هاوڕێیەکت گرێدانی ئەو هەموو بابەتە گرینگە بەیەك ناوەڕۆك، کارێکی پڕ فەوزایە چونکە هەریەك لەو شتانەی باست کردوون دەبنە بابەتی سەربەخۆ و دەکرێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێ.

خوشکی بەڕێز ئەو قەرەباڵغی و بۆچوونانەی جەنابت شتی زۆر بێ مانایە، بەبۆچوونی من ناوی (...) ناوێکی خوازراوە و ناوی راستەقینەی نووسەری ئەو بابەتە نییە، بۆیە کە (...) باسی راستییەکان دەکات دەبوایە ناوە راستەقینەکەی خۆی پەردەپۆش نەکا و بوێرانەتر خۆی ئاشکرا بکات و وابکات کە قەڵەمەکەی بەگرِوتینێکی گەورەترەوە خزمەت بەئافرەتی کورد و رەوشی کوردستان بکات.

لەو ڕێگەیەوە جێگەی خۆیەتی کە سەرنووسەر و نووسەرانی هەموو رۆژنامە و کۆوارێك بۆ پڕکردنەوەی لاپەڕەکانیان هەموو بابەتێك بڵاو نەکەنەوە، با چەندایەتی زاڵ نەبێ بەسەر چۆنایەتی، دڵنیاشم ئەگەر (...) جارێکی تر بەخۆیدا بچێتەوە، هەڵەی لەو جۆرە دووبارە ناکاتەوە.

**دەقی ١١**

***بەپێی بڕیاری بەکارهێنانی دیناری نوێ لە عێراقدا دیناری چاپ بەیەك دیناری نوێ و یەك دیناری سویسریش بە (١٥٠)دیناری نوێ دەگۆڕدرێنەوە.***

دوینێ (٢٠٠٣/٧/٧) پۆل بریمەر دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عێراق لە وتارێکیدا بۆ گەلی عێراق دوو بڕیاری گرینگی راگەیاند کە پێوەندییان بەئابوورییەوە هەیە.

لە بڕیاری یەکەمدا پۆل بریمەر رای گەیاند: کە بودجەی تەرخانکراوی بۆ پاشماوەی ئەمساڵ پەسند کردووە کە بڕیاری زیاتر لە (٩) ترلیۆن دینارە و بۆ باشترکردنی گوزەرانی عێراقییەکان و کارە لە پێشینەکان لە پرۆژەی بواری ئاسایش و داد و ژێرخانی سیستەمی کارەبا و بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەو بواری تەندروستی گشتی و ئاو و ئاوەڕۆ و باشکردنی بواری پێوەندیکرن، بەکار دەهێنرێت.

روونیشیکردەوە کە ئەو بودجەیە بەشەفافیەتەوە خەرج دەکرێت و گەلی عێراق لەچۆنییەتی خەرجکردنی ئاگەدار دەکرێتەوە.

لە بڕیاری دووەمیشدا سەرۆکی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان رایگەیاند، کەهێزەکانی هاوپەیمانان بەنوێنەرایەتی گەلی عێراق جۆرە دراوێکی نوێ چاپ و دابەش دەکەن لە سەرتاسەری عێراقدا، چونکە عێراقییەکان پێویستییان بەدراوێکە بەهایەکی بەرزی هەبێت و مامەڵەپێکردنی ئاسان بێت.

هەروەها رای گەیاند کە لە (١٥)ی مانگی تشرینی یەکەمی داهاتوودا چاپێکی نوێ لە جۆری دیناری ئامادە دەبێت بۆ بەکارهێنان لەلایەن گەلی عێراقەوە بەپێی بڕیارەکە یەك دیناری چاپ بەیەك دیناری نوێ و یەك دیناری سویسریش بە (١٥٠) دیناری نوێ دەگۆڕدرێنەوە.

ئەوەشی روون کردەوە کە جۆرە دراوێکی نوێ بۆ عێراق تەسمیم نەکراوە، چونکە ئەو جۆرە بڕیارانە تەنیا مافی حکومەتی سەربەخۆی عێراقە بۆیە تەسمیمی شێوەی دیناری سویسری وەرگیراوە، بەڵام جۆری دراوە نوێیەکە بەتەواوی لە دیناری سویسری ناچێت، چونکە رەنگەکان و ژمارەکان جیاوازن و بەم زنجیرەیە دینارە نوێیەکە چاپ دەکرێن، جۆری (٥٠، ٢٥٠، ١٠٠٠، ١٠٠٠٠، ٢٥٠٠٠) هەروەك بۆ ماوەیەکی زیاتر دەمێنێتەوە و زەحمەت دەبێت ساختەکاریی تێدا بکرێت.

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە لە (١٥)ی تشرینی یەکەمدا ڕێنوێنی ورد لەبارەی چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو دراوە کۆنەی لەلای هاووڵاتییان هەیە پێشکێش دەکرێت و پێویست ناکات پەلە بکەن.

**دەقی ١٢**

**گاد گرۆس ١٩٦٤–١٩٩١**

رۆژنامەنووسێکی (سوێدی)یە، ساڵی ١٩٦٤ هاتووەتە جیهان وەك رۆژنامەنووسێکی

چالاك و بەتوانا، لە رۆژانی راپەڕینی ساڵی **١٩٩١** هاتووەتە کەرکووك و لە شەڕەکانی سەربازگەی خالیددا بەدەست فاشیانی بەعسییەوە کوژراوە.. بەم جۆرە ناوی چووەتە ناو مێژووی نەمرانی مرۆڤایەتی کورد و رۆژنامەنووسە شەهیدەکان و شاری کەرکووکەوە. لە ساڵانی دوای راپەڕینە شکۆدارەکەدا، کە کەرکووك هێشتا لە ژێر دەسەڵاتی رەشی رژێمی فاشییەوە بوو، ئەم پەیکەرەی گادگرۆس کەیەکێکە لە کارە دیارەکانی (دارا حەمەسەعی)ی هونەرمەندی پەیکەرتاشی کوردی ناسراو، لەسەر ئەرکی دایکی گادگرۆس دروست کراوە و لە چوار رێیانی (شەست مەتری-ئیسکان)ی شاری هەولێردا دانراوە. ئاواتەخوازین دوای ئازادبوونی کەرکووك، پەیکەرێکی لەو جوانییەی ئەو بەهرەدارە، شارەکەمانی برازێنێتەوە و ئەم سەردەمی ئازادییەش بنوێنێ.

٢-دەقەکانی ئاخاوتنی رادیۆ و تەلەفزیۆن

**دەقی ١٣**

- - بەڕێزان سەرەتا (٠) بە بۆنەی دەستگیرکردنی سەدامی دکتاتۆر پیرۆزبایی لەگەلی کوردمان بە تایبەتی و گەلی عێراق بەگشتی دەکەین (٠) هێزەکانی ئەمریکا بە یارمەتی



هێزەکانی پێش مەرگە لە کێلگەیەکی نزیك دۆرە لە شاری تکریت شوێنی لەدایکبوونی سەدام حوسێن (٠) سەدام حوسێنی دکتاتۆری پێشووی عێراقیان دوای هەشت مانگ لە خۆشاردنەوەی بە زیندوویی و بەبێ هیچ بەرگریەك دەست دەستگیر کرد. سەدام حوسێن خۆی لە ناو چاڵێك دا شاردبووەوە کە حەفت پێ قووڵ بوو تەنیا جێگەی کەسێك دەبووەوە (٠) جەنرال سانشز وتی: بەبێ ئەوەی تەنیا فیشەکێك بتەقێنێ یاخۆ کەس زیانی پێ بگات سەدام حوسێن دەستگیر کرا.

**دەقی ١٤**

ئەمڕۆ لە کردەیەکی گیانبەخشی نوێ دا لە ناو شاری قودسی داگیرکراو لاوێکی تەمەن

(٢٣) سالانی فەلەستینی خۆی تەقاندەوە لە پاسێك دا لە ئاکامدا بەلای کەم (١١) ئیسرائیلی کوژران و دەیانی تریش بریندار بوون(٠) وێنە و دەنگەدەنگ.

دەسەلات دارێتی فەلەستینی ئیدانەی کردەکەی کرد و لە هەمان کاتدا لێپرسراوێتییەکەی خستە ئەستۆی شارۆن و داوودەزگاکانی.

**دەقی ١٥**

لە ئەنجامی تەقینەوەی پاسێکی نەفەر هەڵگر لە قودسی رۆژئاوا (١٠) ئیسرائیلی کوژران و (٤٠) کەسی تریش لە سەرنشینانی پاسەکە برینداربوون کە رەوشی ژمارەیەکیان دیارنەبوو (٠) لەوانەیە ژمارەی کوژراوان زیاتریش ببێ (٠) سەرچاوەی هەواڵەکان وتیان تەقینەوەکە کاتێك رووی دا کە فەلەستینییەك سواری پاسەکە بوو یەکسەر خۆی تەقاندەوە (٠) لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا هیچ لایەنێکی فەلەستینی بەرپرسیارێتی خۆی لەم رووداوە نیشان نەداوە بەلام سەرۆکی شارەوانی قودس دەسەلات دارێتی فەلەستینی بەو کارە تاوانبار کرد (٠) یەکێك لە سەرکردەکانی بزووتنەی حەماسی فەلەستینیش لە لێدوانێك دا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم جۆرە کارانە وای کردووە هەندێ لە سەرکردەکانی ئیسرائیل داوا بکەن هێزەکانیان لە کەرتی رۆژئاوا و (غەزە) بکشێنەوە (٠)

سەرکردەی بزووتنەی حەماس (٠) ئەنجامی ئەم کردانەشی بە پێویست زانی وەك تۆڵەکردنەوەیەك بەرامبەر بە کارەکانە سوپای ئیسرائیلی لە دژی فەلەستینییەکان.

**دەقی ١٦**

لە بۆسەیەکی چەکدارە ئیسلامییەکاندا کە لە دەرەوەی شاری (بسکرە) بە دووری (٤٣٠) کیلۆمەتر بەرەو باشووری رۆژهەلاتی پایتەخت جەزائر ئەنجام درا و (٤٣) کەس لە هێزەکانی ئاسایش کوژران (٠) و بە پێی هەواڵەکان ئەمرۆ لە نێوان ناوچەی (الخضریة) و (زبانە) ئەنجام درا کە پێشتر حکوومەتی جەزائر کوژرانی نوێنەری رێکخەری (القاعدە)ی لە هەمان ناوچە راگەیاندبوو هـ هـ ئەم ناوچەیەش بە یەکێك لە ناوچە سەختەکانی دادەنرێت کە بەربەستی زۆری هەیە تائێستاش چەندین کوشتارگەی لێکراوە (٠)، لەلایەکی تریشەوە دەزگاکانی ئاسایش بلاویان کردەوە لە ئاکامی ئەو هێرشە چەکدارییەی لە شارۆچکەی (...) بە دووری (٥٠) کم لە باشووری پایتەخت ئەنجام دا (١٣) کەسی تریشەوە کوژران. شایانی باسە لەوەتەی حکوومەتی جەزائر ئاکامی

هەڵبژاردنەکانی (١٩٩٢) بەسەرکەوتنی ئیسلامییەکان ڕەت کردووەتەوە هێرشی چەکداری گرووپە ئیسلامییەکان بەبەردەوامی هەیە و بەپێی ئامارەکانیش تەنیا لە ماوە (١٠) ساڵی رابردوودا (٥٠) هەزار کەس کوژراون.

**دەقی ١٧**

ئاریێل شارۆن لەگەڵ ئەندامانی حکوومەتە بچووکراوەکەی کۆبووەوە، لە دوای کردە خۆبەخت کارییەکەی دوێنێ کە لە تەلئەبیب روویدا، کە بووە هۆی کوشتنی (٢٠) کەس و برینداربوونی (٨٠) کەس. کۆبوونەوەکە بەرپرسیاریەتی راستەوخۆی رووداوەکەی خستە ئەستۆی سەرۆکی دەسەڵاتداریێتی فەلەستینی (یاسر عرفات) بەوەی کە سەرۆکی باڵای بزووتنەوەی رێکخراوی (فتح)ە، (٠) هەروەها کۆبوونەوەکە کۆمەڵێك بڕیاری لێ کەوتەوە لەوانە: (٠) رێگە نەدان بە ئەندامانی لیژنەی ناوەندی فەلەستینی کۆبوونەوەی رۆژی (پێنج شەمە) یان گرێ بدەن هەروەها رێگەنەدان بەوەفدی فەلەستینی بچنە بەریتانیا بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەیەك کە لەسەر داوای سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا (تۆنی بلێر) دەبەسترێت و هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئاسانکاریانەی بۆ هاووڵاتییانی فەلەستینی دەکرێت لەلایەن دەسەڵات داریێتی ئیسرائیلیەوە (٠) دانانی ڕادەیەك بۆ هاتووچۆی ئۆتۆمۆبیلەکانی فەلەستینی لەبەرەی ڕۆژئاوادا ئەمە سەرەڕای چڕترکردنی هێرش و کردەسەربازییەکان لە دژی ئامانجە دیاریکراوەکانی فەلەستینی (٠) هەروەها لە لایەکی ترەوە شەوی رابردوو هەلیکۆپتەرەکانی ئیسرائیلی هێرشیان کردە سەر شاری (غەزە)و بەلای کەم (١٤) موشەکیان تێ گرت، بە پێی سەرچاوە پزیشکییەکانی فەلەستینی بۆردومانەکە بووە هۆی بریندارکردنی (٨) هاووڵاتیی فەلەستینی و رووخاندنی چەند بینایەك کە دەزگای ئاسنگەریان تێدا بووە. هەروەها بووە هۆی پچڕانی تەزووی کارەبا لەسەر شاری غەزە. هـ هـ

لەلایەکی ترەوە هێزەکانی داگیرکەری ئیسرائیلی چوونە ناو خێوەتگای (رەفەع)ی کەرتی غەزە و یەکێك لە خانووەکانی تەقاندەوە هەلیکۆپتەرەکانیش دەستیان کرد بە مووشەك بارانکردنی خێوەتگاکە کە ئامانجیان بینایەی ناو گەڕەکەکان بوو.

**دەقی ١٨**

مژدەیەکی خۆشە: پیرۆزبێت لێتان ئەم سەرکەوتنە، هـ هـ هـ پیرۆزبێ لێتان سەرکەوتنی

هێزی پێشمەرگە: کەرکووك ئازادکرا: کەرکووك ئازادکرا: خەڵکی هەولێر هەڵسن: دوێنێ کەرنەڤاڵتان بۆ بەغدا گێڕا ئەمڕۆ شایلۆغان و زەماوەند بۆ ئازادی کەرکووك بگێڕن هەڵسن وەرنە سەر شەقامەکان هەڵسن (٠) پەڕۆکانتان بەرزکەنەوە (٠) رەنگەکانتان بەرزکەنەوە هەڵسن هەمووتان بەیەك دەنگ رووە و ناوشار بڕۆن بەئۆتۆمبێلەکانتان لەسەر شەقام و کۆڵانەکان، ئازاد بوو کەرکووك، ئازاد بوو کەرکووك هەڵسن بەرەو کەرکووك بڕۆن، هەڵسن بەرەو کەرکووك بڕۆن.

**دەقی ١٩**

گ- بەرێز... ی هەرێمی کوردستان ئەم کاتەت باش.

ف- ئەم کاتەت باش فەرموو

گ- زۆر سوپاس (.) ئی: ئەمڕۆ بەیانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەپاڵپشتی و هێزی هاوپەیمانان دیارە پێشڕەویان کردووە بۆ ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان ئـ:

ف- = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = // بەڵێ

گ- دەتوانین بڵێین زۆر لەو شوێن و ناوچانە ئێستا ئازاد کراون. ئا ئەم. پێشڕەوییەی هێزی پێشمەرگە و بە پاڵپشتی هاوپەیمانان چۆن دەبینین وەك رۆژنامەنووسێك.

ف- بەڵێ ئا. لە حەقیقەت دا ئەوەی باسی لێوە دەکرێ، مەسەلەی پێشڕەوی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ هێزی هاوپەیمانان ئێ:: مەلەسەیەکە لەوانەیە ئێ.. گەورە بکرێ، چونکە ئەوەی ئاگەدارن تا ئێستاش هاوپەیمانان بە تەواوی رێگەیان بە پێشمەرگەی کوردستان یان بە سەرکردایەتی کورد(٠) نەداوە کە وەکو پێویست پێش رەوی بکات.

گ- = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = //بەڵێ

ف- دەنا خۆتان ئاگەدار وەکو راپەڕینی= = = = = = = = = = = = = = = // بەڵێ

ف- = = = = = = = = = = = = = = = = = //بۆ ساڵی راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئی:

گ- بەڵێ

ف- بەخیلالی ئێ: دوو حەفتە یان (١٤-١٥) رۆژ هەموو کوردستان ئازاد کرا.

گ- بەڵێ.

ف- بە قەناعەتی من هۆرد و شارە گەورەکەش بە موسل و کەرکووکیشەوە بۆ چەند ڕۆژێکیشەوە خۆیان لەبەر زەبری پێشمەرگەی کوردستان ناگرن، بەڵام سەرکردایەتی کورد حورمەتی ئەو بڕیار و پابەندی کە دایتییە هاوپەیمانان کە لە خۆیەوە هیچ شتێك نەکا.

گ- بەڵێ... دیارە ئەم پێشڕەوییانەی پێشمەرگە هەر بە پاڵپشتی ئەوان و بەڕێزتان ئاماژەتان پێ کرد ئەگەر ڕێگە بدرایە زۆر زووتر ئەوشارانە ئازاد دەکرد.

ف- بەڵێ.

گ- ئا بەڕێز کاك... ئێستا ئاماژە بەوە دەکرێ ئێستا کە سوپای هاوپەیمانان لە نێو فرۆکەخانەی(٠) ئا: بە غدای ئا: کە هاوپەیمانان و هێزی هاوپەیمانان کە ئازادیان کرد، ناوەکەیان گۆڕی لە مەتاری سەدامەوە بۆ بەغدا.

ف- بەڵێ

گ-...// هەروەها پێش ڕەوی دەکەن بۆ نێو گەڕەکەکانی تریش.

ف- بەڵێ

گ- = =// لە بەرامبەردا ڕژێمی عێراق هەوڵ دەداتن شەڕەکان بخاتە ناو شەقام.

ف- = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = // بەڵێ

گ- پێت وایە ڕژێمی عێراق تا چەند دەتوانێ سەرکەوتوو بێت لەوەی شەڕی شەقام بکاتن.

ف- ئـ. ئێی خۆی ئەوەی کە چاودێرە سیاسیەکان و محەللە سیاسییەکان باسی لێوە دەکەن ئەوەیە، کە ڕژێمی عێراق ڕژێمی عێراق و سەرکردایەتی ڕژێمی عێراق جۆرە تاکتیکی تازە بەکار دێنن بۆ ئەوەی کە بتوانن ئە.. زەرەر زیاتر بە هاووڵاتییانی بەغدا بگەیەنن.

گ- = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = =//بەڵێ

ف- بە تایبەتیش هاووڵاتییانی شیعە وەکو چەند ڕۆژپێش ئێستا مووشەکێك لە گەڕەکی (شعلە) درا کە گەڕەکێکی شیعە نشینە بۆ ئەوەی (حولفا)یانی هاوپەیمانانی پێ تاوانبار بکەن.

گ- بەڵێ

ف– بەڵام خۆی بەدیارکەوت جۆری مووشەکەکە (٠) ئی پیّ ی دەگوتریّت (صمود) وەها حەتا لەسەر ئەوەی پەیام نێری (الجزیرة)ان دەرکرد لەبەرئەوەی بەشێکی ئەو موشەکەی نیشان دابوو.

گ– = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = // بەڵێ

ف– عێراق بە هەموو نەوعێك دەیەوێ ئا: شەڕەکە بهێنێتە ناو شەقامەکانی بەغدا، بۆ ئەوەی ئەو دروع بە شەریەی کە باسی لێوە دەکەن(٠) بۆ ئەوەی هاوپەیمانان بە تەواوی نەتوانن وەکو ئێ کۆنترۆڵی بەغدا بکەن.

گ– = = = = = = = = = = = // بەڵێ

ف– بەڵام لە لایەکی ترەوە هاوپەیمانان زۆر زیرەکانە دەستیان داوەتە ئەو(٠) پلانەی کە خۆیان لە دەستیانە.

گ– بەڵێ

ف– بۆ نموونە دوێنی وتیان کە چۆن لە رۆژهەڵاتی بەغداوە لە گەڕەکی زەعفەرانییە بۆ نزیك مەتاری رەشید دەچوون.

گ– بەڵێ

ف– لە لایەکی کەشەوە لە باشووری رۆژئاوای بەغدا

گ–= = = = = = = = = = = = = = = = = = = = // بەڵێ

ف– کە لە مەتارەوە گەیشتە گەڕەکەکانی مەئموون و ئەمین و ئەوانە ئەمن بەچاوی خۆم لاقیتەی ئەوەم دیت ئەو مزگەوتەی کە لە مەئموونە.

گ– = = = = = = = = = = = // بەڵێ

ف–= = = = = = = = = = = = = = = = =//کە چۆن ئەوانە تێپەڕیان(٠) کە چۆن ئەوانە تێپەڕیان کردوو هاتنە ناو بەغدا

گ– بەڵێ

ف– مەسەلەی مەتاریش ئێستا، ئێستا پێش چەند دەقیقەیەك ئەو دیمانەیە بکەین، من لە کەناڵی (الجزیرة) وێنەی مەتارم دیت کە چۆن سەربازەکانی ئێ: هاوپەیمانان چوونە ناو مەتار و نیشانی دا کە هاتوچۆ دەکەن دێن و دەڕۆن... رەسمێکی سەدامیشیی بەسەرەوە بوو.

گ- بەڵێ

ف- // ئێ ئینجا بەڵام مەسەلەی عێراق. بۆ ئەوەی کە شەڕەکە. زیاتر بتوانێ دوابخا ئەوەیە کە دەیەوێ خەڵکی تێوە بگلێنێ، چونکە دەزانێ هاوپەیمانان وەکو رژێمی عێراق بێ ویژدان و مرۆڤکوژ و زاڵم و زۆردارنین کە ئەوی تر سەوز و وشك پێکەوە بسووتێنن.

گ- // ئینجا لەبەر ئەوە مومکینە یەعنی وەکو چاودێرێکی میسری باسی دەکرد لەوانە هێرش بۆ سەر بەغدا تۆزێك دوابکەوێ لەبەرئەوەی حولە: تا بە تەواوی پەڕوباڵی ئەو قوەتانە کە بکا لە دەوروبەری بەغدا سەدام دای ناوە.

گ- بێدەنگ

ف- کە بریتی(٠) ئەلو

گ- بەڵێ بەڵێ ×

ف- = = = = // کە بریتییە لە خەتی دووەمی دیفاع کردن لە بەغدا..

گ- بەڵێ(٠) دیارە لە سەرەتاوە روسیا دژی ئەو جەنگەبوو واتە ئازادکردنی عێراق.

ف- بەڵێ

گ- ئەمرۆش هەواڵەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە دبلوماتکارو: کەسەکانی خۆی، سەفیرەکانی خۆی لە بەغداوە کێشاوەتەوە داوای لێ کردوون بگەڕێنەوە.

ف- بەڵێ:

گ- ئا هەروەها لە ئەمریکاشەوە خاتوو کۆندەلیزا رایزی راوێژکاری

ف- = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = = // سەرۆکی ئەمریکا

گ- بەڵێ سەرۆکی ئەمریکا بەڕێ کەوت

پێت وایە ئەمە پەیامێکیان پێ بێت، شتێك هەبێت لە رێگەی ئەو سەفیرو دبلوماتکارانە لە بەغداوە هاتبێت بۆ روسیا و ئەویش بچێت گفتوگۆی لەسەر بکەن.

ف- وەلێ خۆی لەوەتی ماوەیەکە یەعنی دەنگوباسی ئەوە هەیە کە، بریماکۆف جارەك هاتە عێراق و جارەکی کەش(٠) سەرۆکی ئەنجوومەنی دۆما کە هاتە بەغدا.

گ- بەڵێ

ف– گوایە شتێکیان بەدەستەوەیە، پلانێکیان بەدەستەیەوە ئەویش ئەوەیە کە شەڕەکە رابوەستێ و بتوانن (سەدام حوسێن) پەتی رزگاربوونی بۆ فڕە بدەن.

گ– بە

